# خەمەکانی کەرکوک

**رابەر رەشید**

**چاپی یەکەم**

**2012**



**ناوی کتێب: خەمەکانی کەرکوک**

**بابەت: کۆمەڵە وتار**

**ناوی نووسەر: رابەر رەشید**

**دیزاین: فەهد شوانـــی**

**چاپخانە:**

**تیراژ:**

## پێشەکی:

ئەم وتارانەی لێرەدا بڵاوکراونەتەوە، بابەتی گۆشەیەکی تایبەتن کە لە ژمارە (٨٠٧ هەتا ٨٥٠)ی هەفتەنامەی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراونەتەوەو زادەی ڕۆژگارێکی تاڵی ئەم شارە وێرانەیەن. ناوەڕۆکی تێکڕای وتارەکان تایبەتن بەو ڕووداوانەی کە لە کەرکوکدا ڕوویانداوەو پەیوەستن بە خودی کێشەو کەموکووڕییەکانی کەرکوك کە لەم قۆناغەدا ڕوویانداوە. بۆیە لەوانەیە لە هەندێ شوێندا هەست بە دووبارەکردنەوەیەك بکرێت، چ لە کێشەکان، یان لە چۆنییەتی خستنەڕوویان، یاخود لە چۆنییەتی پێشنیارو ڕێگاچارەکان بۆ ئەو کێشانە.

لە کاتی نووسینی گۆشەکەدا ئەوپەڕی سادەییم لە شێوازی زمانی نووسیندا بەکارهێناوە، چونکە مەبەستم ئەوەبووە کە تێکڕای خوێنەران لە خودی کێشەکان تێبگەن، لە هیچ شوێنێکیش پەنام بۆ بەکارهێنانی زاراوەیەك، یان دەستەواژەیەکی ئەوتۆ نەبردووە، خوێنەر بۆ تێگەیشتنی دۆشدابمێنێت و لێرەو لەوێ پرسیار بکات و فەرهەنگەکان بگەڕێت.



گۆشەی "خەمەکانی کەرکوك"، یەکێکە لەو چەند گۆشەیەی کە لە هەندێ بڵاوکراوەو ڕۆژنامەدا هەمبووە، وەکو لە "دەنگی جووتیاران"و "پاڵە"و "پردێی ئازاد"و "پردێی برایەتی"و "نەوشار". کە هیوادارم لە میانی ئەم چەند بابەتە گۆشەییەی دووتوێی ئەم کتێبەدا توانیبێتم خەمخۆرانە خەمێکم لە خەمەکانی کەرکوك خواردبێت و لەکاتی خوێندنەوەیشیدا کاتی خوێنەر بەهەدەر نەدەم و لایەنی کەم کێشە تۆمارکراوەکانی ناویان ببنە دیکۆمێنتێکی مێژوویی و لە ئاییندەدا سوودێك بە سووککردنی خەمەکانی ئەم شارە بگەیەنن. جگە لە بابەتەگۆشەکانی (خەمەکانی کەرکوك)ی ئاڵای ئازادی کە (٤٤) بابەتەگۆشەن، چەند بابەتێکی دیکەیشم هەر لەسەر کێشەو خەمەکانی کەرکوك نووسیوەو پێمباشبوو ئەو بابەت و وتارانەش بڵاوبکرێنەوە، چونکە بەهەمانشێوە هەر یەکەو خەم و بابەتێکی هەستیاری کەرکوکیان وروژاندووە.

لە هەر کەموکووڕییەکیش داوای لێبووردن دەکەم و بۆ هەر تێبینی و ڕەخنەیەکیش برا بچووکی هەمووانم.

**ڕابەر ڕەشید**

**٢٠١٢**

(١)

## دەسپێکی خەمەکان

پەیوەندیی من وەك کەرکوکییەك لەگەڵ (ئاڵای ئازادی)، وەکو رۆژنامەیەکی حزبی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی هەشتاکان، ئەو کاتەی -١٩٨٦- بارەگای حزب لە بناری چیای پێرس بوو. بەندەش وەکو کەرکوکییەك پێشمەرگەو کادیرێکی راگەیاندنو ئەندامی دەستەی نووسەرانی (ئاڵای ئازادی)ی زمانحاڵی ئەو حزبەو گۆڤاری (پێشکەوتن) بووم. نایەمەسەر ئەوەی کە مانگانە (ئاڵای ئازادی) بە چ زەحمەتێك دەردەکراو بە هەوڵو ماندووبوونی ژمارەیەکی زۆر کەم لە پێشمەرگە رۆژنامەنووسەکانی شاخ کە ژمارەمان -زۆرجار- لە ژمارەی پەنجەکانی دەستێك تێپەڕیان نەدەکردو بە تایپێکی ئاسنینو شڕە رۆنیۆیەك کە ئەویش گەلێجار جەنەی دەگرت، لە ئەشکەوتێکی قەدپاڵی چیای پێرس ژمارە سەرەتاییەکانی لەسەر ستێنسڵو دواتریش لەسەر پەڕەی فولسکابو بەو شڕە



رۆنیۆیە رادەکێشراو بە شەوقو زەوقەوە رەوانەی ناوشار دەکرا. ئەوکاتیش لە رێگەی رێکخستنەکانی پردێو ساڵەییو کەرکوکەوە، هەواڵەکانی شاری کەرکوك دەگەیشتنە شاخو لە (ئاڵای ئازادی)دا بڵاودەکرانەوە. لە ساڵی ١٩٩٤ یش جارێکی دیکە بۆ ماوەیەك بوومەوە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئاڵای ئازادی. ئێستاش دوای شڵەقاندنی گۆمە مەییوەکەی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانو لەسەر داوای هێژا (گۆران جەلال)، بڕیارمدا بە گۆشەی (خەمەکانی کەرکوك)، وەکو رۆژنامەنووسێکی کەرکوکی دەسباری گۆران جەلالو ئازیزانی دیکەی ستافی هەفتەنامەکە بم، تا ئەوکاتەی لەسەر رێبازی زەحمەتکێشان بەردەوام بن. بڕیاریشمداوە لە خستەڕووی (خەمەکانی کەرکوك) بە گیانێکی هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی مێژوویی و نەتەوایەتیو گیانی پێکەوە ژیانو پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و دیدێکی پێشکەوتنخوازانەوە ئەڵقەکانی گۆشەی (خەمەکانی کەرکوك) دابڕێژمو لە بنەماکانی کاری رۆژنامەگەرییو ئیتیکی رۆژنامەنووسی لانەدەمو لەو چوارچێوەیەدا بیانخەمە بەردیدی خوێنەرانی ئاڵای ئازادی. هەر لێرەشەوە داوا لە کەرکوکییە دڵسۆزەکان دەکەم لە هەر شوێنێکن، لە وردترینو سادەترین خەمەکانی کەرکوك ئاگادارم بکەنەوە.

* لە ژمارە (٨٠٧)ی ٢٠٠٩/٦/١١ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە.

(الله أعلم) له خزمەتی کام ئاراستەی فیکریو سیاسیدا هەڵویستو کاری خۆیان خوردکردۆتەوەو ئێستاش لەسەر هەمان ڕێچکەی سەقەتو چەوت لە هەڵپەدان. کاتێکیش هاتن لەجیاتی ئەکتیف بوونیان بۆ دۆزو ڕەوشەکە، لێ چەند باریتر باری گرانی کەرکوکییەکانیان گرانتر کرد، ئەوان هاتن فێریان کردین: دەبێ کڕنۆشبەری عەرشی حزبو تاکی سەرووی حزب ببینو هەموو پیرۆزییە چینایەتیو نەتەوایەتییەکانمان بکەینە قوربانی حزبو گەورەی حزب. ئەوان هاتن: لەجیاتی ئەوەی ماڵی کەرکوکییان یەکبخەنەوە، لێ دابەشو دابەشو ونجڕونجڕیان کردو ئێستاش پینەوپەڕۆکردنی، ڕاچڵەکینێکو شۆڕشێکی شۆڕشگێڕانەی دەوێ. لەجیاتی ئەوەی منمنۆکێو تۆتۆییێکێ تووڕ هەڵبدەنو لە هەڵەکانی مێژوو پەند وەربگرن، لێ هەمدیسان کارگوزارێکی فەرمانگەو مامۆستایەکی قوتابخانەو ئەنجومەنی کوێرە شارێکیشیان بەبێ تەزکییەی حیزبی نەخوێندەوەو هەموو شتێك بۆ منو هیچ بۆ تۆیان کردە بویەرێكو وەکو مۆتەکەیەك بەسەر سەری کەرکوکییەکانەوە باڵیان پێکێشاو زۆرێکیش لە کەرکوکییان خۆیان دایەدەستی ئەو ویستە ڕووخێنەرەو دژو دوژمنەکانیشمان بێ پەروا لە بۆسەدابوونو بستێك بەسەرماندا بازیان نەدا. هەر ڕیزکردنی ژمارەی جۆراوجۆری مادده تایبەتییەکانی کەرکوکیان، بەبێ سەوادی یاساو سیاسەتو خۆشباوەڕیو واژۆکردن لەسەر هەواو تەنها وەرگرتنی قسە وەکو فەقێی حوجرەی کوێرە



(٢)

## لە کەرکوك هەموو شتێك بۆ حزبو هیچ بۆ کورد

کەرکوك، ئارابخاو چەندین ناوی دیکەش، لای ئێمەی کوردستانییان لەهەر چوار پارچەکەی، بالآیەکی بەرزی نەتەوەیی هەیە، کوردی کەرکوکی لەوەتەی شۆفێنیزمی عەرەبی وەکو دەسەڵات هەستی بە جیاوازیی نەتەوایەتی کردووەو بە داگیرکارییەوە هاتۆتە ئەم دەڤەرەوە، وەکو بەفرەکەی لێهاتووە، چ با بووبێو چ باران هەر هەوڵی ئەنفالکردنی کەسایەتیی کوردی داوە، چ وەکو مرۆڤێكو چ وەکو کوردێك، کۆیلەئاسا ژیانی گوزەراندووەو هەمیشە ماڵی بەسەر شانی خۆیو پشتی کەرە دێزەی قەدەری شوومەوە بووە. حزبی نەتەوەکانیتر وانەی ئەلفوبێی نەتەوایەتیو بەرخۆدانو خۆڕاگریو نیشتیمانپەروەریێتی فێری نەوەکانی خۆیان دەکەن، لێ زۆرێك لە سیاسەتمەدارانو حزبەکانی ئێمەی بەناو خۆماڵیو بە کردەوە

دێیەکیان پێ ئەزبەر کردینو ئارەقو خوێنی تاڵو ئاڵیان پێڕشتین، لێ تازە بە تازە برای عەرەبی چاوڕەشم خۆی بە کوێخاو ڕیش سپی ئاواییەکەی کەرکوك دەزانێو لە حزووری سەرۆك کۆماری کوردیشدا کەرکوك بە بەشێك لە نیشتیمانی گەورەی عەرەبی دەزانێو خۆیشمان یاغر یاغرو زۆر شەرمنانە شەرم دەکەین لەبەر ڕۆشنایی تیشکی ڕاستییە مێژوویی و جوگرافییەکان، چاوبڕینە نێو چاویانو لە ئاست داواکردنی مافی زەوتکراوی خۆماندا شەرم نەکەین. ئێستاش خەمی ئاوارەیی ئەو ئاوارانەی لە ئاوارەیی بنەسڵاوەو دارەتوو و ئۆردووگا زۆرو زەبەندەکانی دیکەی باشووری کوردستان بەپەرۆشو حەماسەتەوە گەڕانەوە شارەکەیان، وەلێ لەوێش لە زێدو شاری خۆیانیشدا هێشتا هەر ئاوارەو شیمالییەکانن!!

باسی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانو گەڕانەوەی گوندییان بۆ سەر زێدی خۆیان، ئەویش کرایە قوربانی بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتیو تا ئێستا جگە لەو گوندە "ئیستیتان"یانەی کە ڕژێم بۆ عەرەبەکانی دروست کردبوو، گوندێك بە ئاوەدانکراوەیی نابینیتەوە، مەگەر موعجیزە بێ!!.

لەم وەرچەرخانە مێژووییەدا ستێرنی ڕەوتی ڕووداوەکان کەوتە دەستی شوفێرێکی بێ سەوادی حزبو بە کەیفوماشای خۆی بە لاڕێی پڕ لە کەندو کۆسپیدا هەڵەتەکرد. ئێستاش لە هەموو کونجو کەلەبەرێکی شار، ئەوە بارەگای حزبو



ڕێکخراوی حزبو دوکانی حزبو ماڵی حزبییەکانەو لە دەرەوەی جوغزی حزبایەتی هەموو شتێك چش!!.

بۆیە مەترسییەکانی لەدەستدانی کەرکوك هێندە قەبەو زەبەللاحن، هەر کەرکوکییەکی دڵسۆز ڕۆژانە لە داخی لەدەستچوونەکە خوێناو هەڵدێنێ.

* لە ژمارە (٨٠٨)ی (٢٠٠٩/٦/١٨)ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە.

( ٣ )

## کەرکوك و مادەی ١٤٠و گەمەی ٣٢ بە ٣٢

کەرکوك، دڵ و قودس و بەرمیلی باروودو کۆمەڵێك ناویتر، هەر هەموویان بەشێك لە خەم و ناسۆرو کوردستانێتیی کەرکوکیان لە نێو دووتوێی واتاکانی خۆیاندا حەشارداوە. کەرکوك ئەگەر دڵە، پێویستە هەمیشە بە زیندوویێتی بمێنێتەوە، ئێستا کە تووشی دەردەدڵیان کردووە، دەخوازێ لە ژێر چاودێرییەکی وردی سیاسەتێکی حەکیمانەدا بێت و بۆ ساتێکیش لە ژێر ئەو چاودێرییە وردەدا فەرامۆش نەکرێت، نەبادا ئەو دڵە لە لێدان بکەوێت و جەستە گەورەکەی باشووری کوردستان دووچاری ئیفلیجی ببێت!. خۆ ئەگەر قودسیشە، ئەوا (قودس) بە واتا قودسییەتەکەی، دەبێ سیاسەتمەداران و ئەوانەی بڕیاربەدەستن، بەرماڵی پەرستگانشینی بۆ رابخەن و لە شەونوێژی سەنگەرگرتندا چاولێك نەنێن، چونکە دژو



دوژمنەکانی هاروهاجن، چڕنووك تیژن. یان ئەگەر بەرمیلی باروودە، ئەمەیان هەر زۆر مەترسیدارترەو نەك هەر چاودێری و سەنگەرگرتنی گەرەکە، بەڵکو پێویستی بە هزرێکی دووربینی خۆماڵی و بەرژەوەندپارێزی باڵای نیشتیمانی هەیە، نەك حیزب کە لە ئێستادا لە ریزبەندی نەبووندایەو بەم پاشاگەردانیی دەسەڵاتە، رێگەگرتن لە تەقینەوەی بەرمیلە باروودەکە لە مۆڵەقەدایە!!.

گریمان کەرکوك هەرسێکیانە (دڵەو قودسەو بەرمیلە باروود)یشە، لێ دڵێکی نەخۆش و قودسێکی داگیرکراو و بەرمیلە باروودێکی بێ ئەمانە، هەرکاتێك دڵەکە لە لێدان کەوت و دەروازەکان داخران و بەرمیلە باروودەکە گرمەی لێوەهات، ئەوسا مەگەر تەنها سیرخواردن و زووڕنا لێدانمان بۆ بمێنێتەوەو لە دووری دوورەوە سەرنج بدەینە کۆستی کەوتوومان.

گەلۆ!.. ئێمە میللەتێکین، شەرمن، هەمیشە (کچی خۆمان کردۆتە قوربانی کوڕی خەڵکی). لە (٢٠٠٣) ئەوکاتەی سەدام رووخاو ئەمەریکا گڵۆپی سەوزی بۆ هەڵکردین و لەمسەرەوە تا ئەوسەری کەرکوکی (تەسلیم)کردین، رووت لە هەر ماڵە بەعسییەکی دڕندەو شێخێکی داگیرکەرو کوردکوژو ئەنفالچییەك دەکرد، پسوولەی حزبێکی بەناوچەوانتدا دەداو نقەی لێدەبڕیت!!. کاتێکیش دەسەڵات لە بەغداوە مادەی

(٥٨)ی حکومەتی کاتی لەسەر کردینەماڵ، دەیان و سەدان پاساوی جۆراوجۆرمان بۆ هێنایەوەو بەهاریان بۆ هێنایەنە چۆکان!!، کە مادەی (٥٨)یش دیزە بە دەرخۆنە کرا، ئەمجارەیان مادەی (١٤٠)ی بەناو دەستووری عێراقییان بە باڵای کەرکوك و ناوچە داگیرکراوەکانی دیکەدا بڕی و جارێکیتر کۆستی کەرکوکیان خستەوە.. حەیفیٚ!!.

گەمەیەکی دیکەش کە خۆمان داهێنەرو داڕێژەری بیرۆکەو بنەماکانی بووین، ڕێژەی (٣٢بە ٣٢)بۆ کوردو تورکمان و عەرەب و لە (٤٪)یش بۆ کلدۆئاشووریەکان بوو. ئەو گەمەیەی کە لێژنەی (بەدواداچوونی راستییەکان) لەم چەند رۆژەی رابردوودا ئەنجامە سەرەتاییەکانی دۆڕاندنی دەرخست و لەمەشیاندا ئەوانەی بەعس بۆ کەرکوکی هێنابوون و ئیمتیازاتی بەسەردا باراندبوون، بەوپەڕی رووقایمییەوە وتیان نەخێر بۆ ئەنجامدانی ئەو گەمەیەو ئێمە سوعبەتی وا ناکەیان، مەگەر لە بەرامبەردا دەسکەوتی دیکەمان بۆ قەرەبوو بکەنەوە، وەك ئەوەی ئێمە داگیرکەرو ئەوان داگیرکراوبن. خۆ لە مادەی (١٤٠)یشدا هەروایان کرد، (٢٠) ملیۆن دینار بۆ داگیرکەرێك و تەنها (٥) ملیۆن دینار بۆ خاوەن هەق کە کوردو تورکمان و کلدۆئاشووریی ئاوارەبوون، دوای چەندین خۆپیشاندان و ناڕەزایی و شەڕە دەنووك، ئینجا کرایە (١٠) ملیۆن دیناری عێراقی!!.. دەك بەخێرم نەگێڕا.



لێژنەی بەدواداچوونی راستییەکان گەڕایەوە بەغداو مادەکانی دەستووورە شڕۆڵەکەی عێراقیش – کە من بۆ خۆم دەنگم بۆ نەدا– هەر لە کورتکردنەوەو درێژکردنەوەدایەو تا ئێستا بڕیاری کۆتایی لەسەر نەدراوە، ئاخری خێربیٚ!!.

* لە ژمارە (٨٠٩)ی (٢٠٠٩/٦/٢٥)ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە

تەپەسەرییەی کەرکوکییەکان هەڵنایەت و لێناگەڕێن کوردو تورکمان و کلدۆئاشووری و ئەرمەنی و عەرەبە رەسەنەکانی شارەکە– کە ساڵانێکە لەوێ نیشتەجێن و برایانە لەگەڵ گەلانی دیکەی شارەکەدا بە ئاسوودەیی ژیاون و هەرگیز خۆیان بە کوێخاو براگەورەی کەرکوکییەکان نەزانیوە– دوو قەسابخانەی مرۆیی گەورە بەر رۆح و جەستەی کەرکوکییەکان کەوتن، (٢٠٠٩/٦/٢٠) لە شارۆچکەی (تازە خورماتوو) کە وەکو بینیمان نیوە گەڕەکێك بە مرۆڤ و خانووەکانیانەوە لەگەڵ زەویدا تەختکران و گوڵبژێری گیانی جەستەی خەڵکانی هەژارو بێتاوانان، عەرشی عەزیمی دەهێنایە فرمێسك باراندن. (٢٠٠٩/٦/٣٠)ش شۆڕشگێڕترین و پشتگوێخراوترین گەڕەکی شار، گەڕەکی شۆڕیجەی مەکۆی خۆڕاگری و خاوەنی سەدان شەهید، شەلاڵی خوێن کراو، ماڵی دەیان خانەوادەی بەشمەینەتی ئەم گەڕەکە پڕ لە گریان و رۆڕۆ کرایەوە.

ئەم کردەوە دڕندانەو نامرۆڤایەتییانە لەکاتێکدا ئەنجام دەدرێن کە هێزە فرەڕەگەزەکان شار جێدەهێڵن و دۆزی ئاسایش دەدەنەوە دەستی هێزە خۆماڵییەکان، کە ئەمەیان جێگای داخ و نیگەرانی و مایەی ترس و دڵەڕاوکێی دانیشتوانی کەرکوکەو ئاماژەیەکە بۆئەوەی کە هێزە خۆماڵییەکان توانای کۆنترۆڵکردنی ئاسایش و ئاسوودەیی شاریان نییە.



(٤)

## کەرکوك و خەمی تیرۆرو تەقینەوەو نا ئارامی

کەرکوك، شارە ناکۆکی لەسەرەکەو کۆمەڵێك ناو و دەستەواژەی خۆماڵی و بیانی دیکە. ئەوەی لە کوچەو کۆڵان و بازاڕو گەڕەکەکانیدا گوزەر نەکات، هەرگیز لە خەم و ئازارەکانی تێناگات، ئەوەیشی لە خەم و ناسۆرو نەهامەتییەکانی ئەم شارە تێبگات، مووی سەری وەکو دڕکی ژووژك رەپ رادەوەستێت و لەهەمبەر ئەو زوڵم و ستەمەی بەدرێژایی مێژوو لێیکراوە – ئێستاش لێیدەکرێت–، بە هەموو پێوەرو لۆژیکێکەوە دەیخاتە خانەی (کوردۆساید)کردنی مرۆڤەکانی ئەم شارەوە.

جەللادەکانی هێندە چڕنووك بەخوێن و دژو دوژمنەکانیشی هێندە بیرتەسك و دەروون پۆخڵن، ناکرێت بخرێنە هیچ خانەیەکی مرۆڤایەتییەوە. تەنها لە ماوەی (١٠) رۆژدا شەمشەمەکوێرەکانی مێژوو، ئەوانەی چاویان بەو بێدەنگی و

داڕێژەران و ئەنجامدەرانی ئەم کارە تیرۆریستییانە هەرکێیەك و سەربە هەر رێکخراو و رەوتێکی سیاسی بن، جگە لە دەرخستنی دڕندەیی خۆیان و ریسوابوونیان بەرامبەر خەڵکی شارو مێژووی مرۆڤایەتی، هیچیتریان بۆ نامێنێتەوە. زۆر جێگای داخیشە کە هەندێ کەسایەتی و لایەنی سیاسی لە شارەکەدا هەن، داوای گەڕانەوەی سوپای عێراق دەکەن بۆ شاری کەرکوك، گوایە ئارامیی شار بەو سوپایە نەبێت، ناپارێزرێت، کە لە راستیدا پێچەوانەکەی راستە، چونکە زۆربەی پێکهاتەی ئەو سوپایە، بەتایبەتی پلەدارەکانیان لە گەورە ئەفسەرانی سوپای عێراقی بوون، ئەو سوپا دڕندەیەی کە خاوەن مێژوویەکی رەشی وەکو پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفال و راگواستن و تێکدانی زیاتر لە (٤٥٠٠) گوندی باشووری کوردستانە. خەمەکانی کەرکوك هێندە زۆرن، مرۆڤ سەری لە خۆڕاگری خەڵکی رەسەنی ئەم شارە سووڕدەمێنێ، شارێك بەدرێژایی مێژوو بەرشەقی رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقی عەرەبی درابێ و گۆ ئاسا دارشەقانی بیری پاشڤەڕۆیی و رەگەزپەرستییەکی قێزەون، ئەمسەرو ئەوسەری ژیان تووڕیهەڵدابێ، کەچی قەندیل ئاسا بەڕوویاندا هەڵشاخابێ و هەرەس پەی بە گیانی نەبردبێ و گیانی برایەتی و پێکەوەژیان، لای ئەوانەی خاوەن هزری پێشکەوتنخوازی و مرۆڤدۆستین، زیاتر چەکەرەی کردبێ و لە رۆژە سەخت و دژوارەکاندا زیاتر بوونە پەناگەو داڵدەدەری یەکتر.



من دڵنیام، نە ئەم کارە تیرۆریستییەو نە دەیان کاری دڕندانەی دیکە گیانی بەرخۆدان و پێکەوەژیانی خەڵکی شارەکە لە شیرازە دەرناکات، بە پێچەوانەوە یەکگرتووترو گیانقایمتری دەکات.

سەروەری و درووود بۆ شەهیدانی تازەخورماتووی بیستی حوزەیران و شەهیدانی سی حوزەیرانی ٢٠٠٩ی شۆڕیجەی مەکۆی شۆڕشگێڕانی کەرکوك و هیوای چاکبوونەوەش بۆ بریندارەکان و لێرەوە هاوبەشی خەمی هەمووتانین.

* لە ژمارە (٨١٠)ی (٢٠٠٩/٧/٢)ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە.

بەکاریدەهێنن. هەر لە دوای پینەوپەڕۆکردنی دەوڵەتی عێراقی عەرەبیش لەلایەن بەریتانیای داگیرکەرو پێوەلکاندنی باشووری کوردستان بەو دەوڵەتەوە، ئیدی پرۆسەی عەرەباندن شێوەیەکی فەرمی وەرگرت و نەخشەی خاك داگیرکردن و هێنانی عەشیرەتی عەرەبی بۆ کەرکوك و دەوروبەری گەیشتە ئەوپەڕی، وەکو هێنانی عەشیرەتی (عوبێد)ی عەرەبی لە دەڤەری موسڵەوەو نیشتەجێکردنیان لە ناوچەی (هەوێزە-حەویجە)ی ئێستاو دواتریش وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن بەعسییەکان لە ١٩٦٣و ١٩٦٨ و بە عەرەبکردنی زیاتری سنووری پارێزگای کەرکوك و گۆڕینی ناوەکەی بۆ (التأميم) و گۆڕینی ناوی هەندێ لە قەزاو شارۆچکەکانی بۆ ناوی عەرەبی، وەکو: (دووبز بۆ دبس) و (قەرەهەنجیر بۆ الربيع) و (پردێ بۆ النهرين) و...تاد. هەروەها راگواستنی خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری کەرکوك و رووخاندنیان و سووتاندنی رەزوباخ و داگیرکردنی زەویوزارەکانیان. ئەمە جگە لە هەوڵی داشۆرینی هەستی نەتەوایەتی و گیانی بەرخۆدان و بەرەنگاربوونەوە لای کەرکوکییەکان بە درێژایی مێژووی ئەم شارە شەلاڵی خوێن و خەم و ناسۆرە.

بەعس گورزێکی وای سرەواندە جەستەی داگیرکراوی کەرکوك کە زۆر ئەستەمە شوێنەواری ئەو گورزە وا بە سووکوسانایی ساڕێژ ببێتەوەو ماف بگەڕێتەوە بۆ خاوەن ماف. بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوو، دەردەکەوێ کە کەرکوك هەر لە دێرزەمانەوە



( ٥ )

## کەرکوك لە نێوان

## تورکاندن و عەرەباندن و بێ بەرنامەیی خۆماندا

کەرکوك، (التأميم و مدينە الذهب الأسود) و کۆمەڵێك ناویتر، لەوەتەی عوسمانییەکان وەکو هێزێکی داگیرکەرو ئیمپراتۆرییەتێکی بەناو ئیسلامی جڵەوی فەرمانڕەوایەتی عێراق و ناوچەکەیان گرتەدەست، ئیدی پرۆسەی قێزەونی تورکاندن دەستی پێکردو ناوی زۆربەی گوندو ناوچەو شارۆچکەکان، بەتایبەتی لە سنووری کەرکوکدا لە تۆمارە فەرمییەکاندا تۆمارکران و دەماودەم و دەستاودەستیان کردو بەسەرمانەوە بوونە ئەمری واقیع. بۆیە ئێستا ئەوانەی کوردستانییەتی کەرکوکیان پێ قووت ناچێ، دێن و ئەو (ناو)انەمان بە چاودا دەدەنەوەو وەکو بەڵگەیەکی مێژوویی لە هەمبەر مێژووی راستەقینەی کوردستانییەتی کەرکوکدا

زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردبوون، لێ بەعس ماڵو زێدی داگیرکردنو ڕێژەی دانیشتوانەکەی گۆڕیو لە خواری خوارووی عێراقەوە عەرەبی هێناو لە دوورترین گوندی سنووری کەرکوک نیتشەجێی کردنو چەندین گەڕەکی تازەیشی لەناو شارەکەدا دروستکرد، بەمەش دیمۆگرافیای شارو دەرەوەی شاری گۆڕیو ئاریشەیەکی گەورەی بۆ ئایندەی ئارامیو ئاسوودەیی کەرکوک هێنایەکایەوە.

ئەمڕۆ کاتێک کوردانی ڕاگواستراو و خاکو زێد داگیرکراو دەیانەوێ بگەڕێنەوە سەر زێدی بابوباپیرانیانو درێژە بە ژیان بدەنەوە، بڕێک لەو (ساڵەییو بەرزنجەییو جافو هەمەوەندو کاکەییو لەک)انەی کە هەلومەرجی سەردەمی عوسمانییەکانو دواتریش کردنی بە تورکمانو هەروەها زۆربەی ئەو عەرەبە داگیرکەرانەی کە بەعس بە مەبەستی عەرەباندنی کەرکوک هێنابوونی، ئێستا لێمان بوون بە ڕمووزنو بە ئامانو زەمان دەستیان لەم شارە بەرنابێو سەرەڕای وەرگرتنی (٢٠) ملیۆن دینارەکەی مادەی (١٤٠)یش، ئەوان ئامادەنین بگەڕێنەوە گوندو شارەکانی خۆیان لە ناوەڕاستو باشووری عێراق، بە پاساوی ئەوەی عێراق هی سەرجەم عێراقییەکانەو هەر کەسەو ئارەزووی خۆیەتی لە کوێ دەژێتو لە کوێش نیشتەجێ دەبێ!!.



لە هەمبەر تێکڕای ئەو نەخشە داگیرکاریو شۆفێنیستانانەی کە دژی شاری کەرکوک پەیڕەو و پیادەکراون، ئێستا دەسەڵاتی کوردی کە دەسەڵاتێکی حزبییە، دۆشداماوەو جگە لە ناڕەزایی دەربڕین لە دژی ڕاپۆرتو پێشنیاری نوێنەرانی ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتووەکان، بەولاوە شتێکی ئەوتۆی بۆ دۆزی کەرکوک فەراهەم نەکردووە، بۆیە کەرکوکییەکان لە خەمساردیی دەسەڵات تووڕەو بێزارنو هەر تاکێکی کەرکوکی بدوێنی، ئەگەر شەرم لە حزب نەکات، ڕاستو ڕەوان نیگەرانی خۆی لە دۆزەکە دەردەبڕێت.

* لە ژمارە (٨١١)ی ٢٠٠٩/٧/١٥ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە.

کردووە، کە خودی گرێکوێرەکە لێرەدایە. بۆ بەزمی (دەمانچەی بێدەنگ) لەم ئانوساتە هەستیارەدا؟! هەن دەڵێن: ئەم بەزمە خودی ئەمریکییەکان سازیانداوە، بۆئەوەی خەڵکی کەرکوک بگەنە ئەو باوەڕەی کە هێزە خۆماڵییەکان توانای پاراستنی ئارامیو ئاسایشی شاریان نییەو نابێ هێزە ئەمریکییەکان شار بەجێبهێڵن!، هەیشن دەڵێن: ئەوە رایەڵەو تۆڕە شاراوەکانی ناو کەرکوکی ئەرگەنەکۆنی تورکینو بە فیتی بەرەی تورکمانی ئەو ترسو دڵەڕاوکێیە بڵاو دەکەنەوە، تاکو سوپای عێراق زیاتر روو لە شارەکە بکاتو بە پاساوی پاراستنی ئاسایشی شار، کۆنترۆڵی دۆخی شار بکات، بەمەش دەسەڵاتی کوردی کۆنترۆڵ لە دەست دەداتو تووشی کێشەو چەرمەسەری دەبێتو لەسەر ئاستی ناوخۆو هەرێمایەتیو جیهانیشدا زیاتر دۆخەکەی لێ ئاڵۆز دەبێت.

بۆچوونی وایش هەن دەڵێن: ئەوە خودی کوردەکانن، بە رۆیشتی ئەمریکییەکان گۆڕەپانەکەیان بۆ چۆڵ بووەو ئیدی بەوجۆرە دەست لە کەس ناپارێزن!

هەیشن دەڵێن: نا، نە ئەمیانەو نە ئەویان، بەڵکو ئەوە کۆنە بەعسیو عەرەبە شۆفێنییەکانی ناو کەرکوکو دەوروبەرینو دەیانەوێ بە خەڵکی کەرکوکی بڵێن: ئەوە ئێمەین بە رۆیشتنی ئەمریکییەکان بەوجۆرە دەتانکوژینو هێزیش نییە رێمان لێ بگرێت!.



( ٦ )

## کەرکوکو دەمانچەی بێدەنگ!!

هەرچەندە بڕیار بوو بابەتی ئەم گۆشەیەیان، تایبەت بێ بە خەمێکی دیاریکراوی کەرکوک، لێ ترسو پرسی (دەمانچەی بێدەنگ)ی ئەم چەند رۆژەی ناو شاری کەرکوکو ئەو شڵەژانو هەستکردن بەو نا ئارامییەی خەڵکی کەرکوکو بەهەند وەرنەگرتنی ئەم پرسە لەلایەن بەرپرسانی حزبیو حکومەتیو سەربازیو ئەمنییەوە، هێندەیتر تابلۆی دۆخەکەی تەمومژاویترو ترسناکتر کردو ناچاری کردم بابەتی گۆشەکەم لەسەر ئەم پرسە بێت.

ئەم ترسە لە (دەمانچەی بێدەنگ) لە کەرکوک لە کاتێکدایە، تەنها چەند رۆژێکە هێزەکانی فرەنەتەوەو ئەمریکییەکان بڕیاری چۆڵکردنی ناو شاریانداوەو بە حیساب پاراستنی ئاسایشی شاریان رادەستی هێزەکانی پۆلیسو سوپاو ئاسایش

لایەنە حکومی و دەسەڵاتدارەکانی ناو شاریش دەڵێن: جگە لە ڕێکخراوی قاعیدەی تیرۆریست و دەست و پێوەندەکانیان بەولاوە کەسیتر نین، بۆیە بەو جۆرەش (شەلم، کوێرم، ناتبوێرم). کەوتوونەتە وێزەی خەڵکی کەرکوك، تاکو رایبگەیەنن: کە هێشتا بەهێزن و دەست لە گەورەو بچووکی شار ناپارێزن و هەموو کەرکوکییەك لای ئەوان تاوانبارەو هاوکاری حکومەتی کوردی و هێزە فرەڕەگەزەکانی کردووەو دەبێ لەمەودوا ملکەچی فەرمانی ئەوان بێ!

راستی دۆخەکە هەرچییەکیان بێت و بە هەر مەبەستێك ئەنجام بدرێت، کارەساتێکەو پێویستە بەری پێ بگیرێت و بە زووترین کات بنەبڕ بکرێت، چونکە دۆخی کەرکوك هێندە ناسك و دژوارە، هەرگیز بەرگەی ئەو ترس و دڵەڕاوکێیە ناگرێت. ئاخر مەرگی مرۆڤە بێتاوانەکانی کەرکوك کە هەمیشە خەو بە ئارامی و پێکەوەژیان و ئاسوودەییەوە دەبینن، کارەسات و ترسێکە رۆچۆتە رۆحی هەموو ماڵ و کەسێکی کەرکوکییەوە، هەڵبەتە زەرەرمەندی گەورەش لەم دۆخەدا کوردانی کەرکوك دەبن.

ژمارەی قوربانییەکانیش جۆراوجۆرن، لە (١٠و ١٥)ی تێدایە، تا دەگاتە (٢٧) کەسی بە دەمانچە تیرۆر کراو. گەورە بەرپرسێکی پۆلیسی شارەکەش زۆر لەسەرخۆ دۆخەکە بە سادەو ئاسایی وەردەگرێت و رایدەگەیەنێت کە: ئەو ژمارانە



دوورن لە راستییەوە، ئەوانە پڕوپاگەندەی ناحەزانی کەرکوکن، تا رۆژی ٢٠٠٩/٧/١٤، تەنها (٥) کەس کوژراون، بەڵێ تەنها (٥) کەسی سڤیل!!.

ئا ئەمەیە کارەسات و ماڵوێرانی، شارێك ترسی مەرگ باڵ بەسەریدا بکێشێت و لە ماوەی چەند رۆژێکی کەمدا (٥) هاوولاتی بە دەمانچەی بێدەنگ و رەمەکییانە شەهید بکرێن و دەسەڵاتیش بەهەندی وەرنەگرێت و نەتوانێت بنەبڕی بکات؟!

* لە ژمارە (٨١٢)ی ٢٠٠٩/٧/٢٢ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاو کراوەتەوە.

## (٧)

## کەرکوك و چەمکی (یا ئۆینەرەم، یان زیفلەرەم)!!

کەرکوك شاری برایەتی و پێکەوەژیان و چەند ناوێکیتر، بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان، سالآنێکی زۆرە کوردو تورکمان و کلدۆئاشوورو ئەرمەنی و جولەکەو عەرەب و چەندین نەتەوەیتری تێدا ژیاوەو ئێستاش جوولەکەکانی لێدەرچێ، تێکڕای پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکەی تێدا دەژین، هەر بەگوێرەی سەرچاوە مێژووییەکان زۆربەی کات دانیشتوانەکەی بە ئارامی و ئاسوودەیی پێکەوەژیاون، جار ناجارێکی لێدەرچێ هەندێ شەڕو ئاژاوە بە فیتی ناحەزان و کۆنەپەرستان و دوژمنان روویانداوە، هەر زووش چارەسەرکراوە.

ئەم پێشەکییە کورتەم زەمینەخۆش کردنە بۆ شەنوکەوکردنی چەمکی ناونیشانی گۆشەکەم، (یا ئۆینەرەم، یان زیفلەرەم)،



واتە (یان یاری دەکەم، یان تێکی دەدەم)، کە بە داخەوە قسەیەکی برا تورکمانەکانی شاری کەرکوك و دەوروبەریەتی.

لە یادمە دوای مانگ و نیوێك لە نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، رژێمی بەعسی داگیرکەری ئەو کاتە، گوندەکەمان (کتکە)ی لەگەڵ دوو گوندی دیکەی ناوچەی ساڵەیی سەر بە (پردێ) راگواست و عەرەبی لێ نیشتەجێ کرد. ماڵمان چووە شارۆچکەی پردێ، ئەو کاتە لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم، زۆرجار لە کاتی یاری کردنمان، یەك دوو گەنجی تورکمان هەبوون دەهاتنە ناو گۆڕەپان و چاویان لێ سوور دەکردینەوەو بە هەڕەشەوە دەیانوت: (یا ئۆینەرەم، یان زیفلەرەم)، ئێمەش بۆ ئەوەی کێشە روو نەدات، زۆرجار بەشداری (ئۆین)ـەکەمان دەکردن، کەچی سەرنجمان دەدانێ، لەناو یاریگاش دەیانویست هەموو تۆپەکان بۆ ئەوان بێ، یان یاریزانانی تیپی بەرامبەریان ئازار دەداو دەیانشکاندن، هۆکارەکەیشی ئەوەبوو، ئەوان بۆ یاریکردن و دۆستایەتی نەهاتبوون، بەڵکو چاویان بەو تیپە قشتەی ئێمە هەڵنەدەهات کە تاکە تیپێکی تۆپی پێی کوردان بووین لە شارۆچکەکە. هەرچەندمان دەکردو دەکۆشاین، قسەی خۆش لەگەڵیان سوودی نەبوو، بۆیە ناچار هەڵوێستمان لێوەرگرتن و وامان لێکردن، ئیدی بە نزیك ئەو یاریگایەشدا نەیەن کە ئێمە یاریمان تێیدا دەکرد.

بارودۆخی ئێستای کەرکوکو هەڵوێستی دوژمنکارانەی هەندێك لە برا تورکمانەکان، کتومت دووبارە کردنەوەی هەمان چەمکی (یا ئۆینەرەم، یان زیفلەرەم)ەکەی گەنجە سەرەڕۆیەکانی کاتی منداڵیمانە. ئێستا کە بیر دەکەمەوە: باشە ئەو گەنجە سەرەڕۆیانە کە کەمینەی گەنجە تورکمانەکان بوون، بۆچی ئەو گێچەڵانەیان پێدەکردین، دەگەمە ئەو بڕوایەی ئەوکاتیش خەڵکانێکی ناحەزو نۆکەری بێگانە هەبوون هانی ئەو چەند گەنجەیان دەدا بۆ ئەوەی دۆخی یارییەکەمان لێ تێکبدەنو لێنەگەڕێن بە ئازادیو سەربەستی خۆمان پێبگەیەنین، وەکو چۆن ئێستا هەندێك لەوانە لە کەرکوکو شوێنەکانی دیکە هەمان سیناریۆ دووبارە دەکەنەوە، گرنگ ئەوەیە لێنەگەڕێن کوردان بە ئارامیو ئاسوودەیی لەسەر زێدی خۆیاندا ژیانێکی ئارامو ئاسوودە بژێنو پێکەوە لەگەڵ سەرجەم پێکهاتەکانی کەرکوك بەرەو دواڕۆژێکی پرشنگدارو هەنگاو بهاوێژن.

ئەوەتانێ، لە هەموو بوارەکاندا برابەش بەشدارییان پێکراوە، کەچی هەندێك لەوان بە هەمان بۆچوونی گەنجە سەرەڕۆیەکان لە گەرمەی یاریکردنەکەدا دەیانەوێ پاشقولمان بدەنو هەموو شتێك بۆ ئەوان بێو هیچ بۆ کورد. ئەوان رووی دەمیان ناکەنە ئەوانەی کە تیرۆرو رەشەکوژییان دەکەن، دێنو داخی زوڵمی خەڵکانی دیکەش بە کورد هەڵدەڕێژن، تەعریبچییەکانی باشوورو ناوەڕاستی عێراقیان پێ قەبووڵە، کەچی کوردێکی



کەرکوکی عەیار (٢٤)یان پێ قەبووڵ نییە بگەڕێتەوە سەر زێدی باوباپیرانیو خانووە (موسادەرە)کراوەکەی وەربگرێتەوەو تێیدا نیشتەجێ ببێت.

خۆزگەی من ئەوەیە کە ئەوان ناچارمان نەکەن، بۆ داکۆکیکردن لە بوونو مانی خۆمان، هەمان هەڵوێستی تیپی تۆپێنەکە بگرینەبەرو کارەساتێك رووبدات، کە بە هیوام روونەدات.

* لە ژمارە (٨١٣)ی ٢٠٠٩/٧/٢٩ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە.

بەرەی تورکمانیو عەرەبە تەعریبچیو شۆفێنیستەکان لە کەرکوکدا رۆڵێکی ترسناك یاری دەکەنو خۆیان خزاندۆتە ناو کایەیەك کە لە هەر گۆشەنیگایەکەوە تێیبڕوانیت دەچێتە خانەی نەك دژایەتی، بەڵکو دوژمنایەتی کردنی دۆزو پرسی رەوای کورد لە باشووری کوردستاندا.

ئەوان لەم هەلومەرجەی ئێستادا بە هیچ پێشنیارو هەنگاوێکی لایەنی کوردی رازی نابن، نە ئامادەن هەڵبژاردن بکرێت کە وەزارەتی پلاندانانی عێراقی مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ (٢٠٠٩)ی دیاریکردووەو نە ئامادەیشن (سەرژمێری) کە خاڵێکی بنەڕەتیو سەرەکی مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراقە لە کەرکوکدا ئەنجام بدرێت. دژی بوونی پۆلیسی کوردو ئاسایشی کوردو هەتا بوونی هەموو شتێکی کوردن لە شارەکەدا، هۆکاری سەرەکی ئەم دوژمنایەتییەیان لەو سۆنگەیەوەیە کە لە هەڵبژاردندا دەدۆڕێنو لە سەرژمێریشدا کەمینەیەکی کەم دەردەچنو شکست دەخۆنو ئەو ژمارە خەیاڵیانەی کە بانگەشەی بۆ دەکەن، دەربارەی ژمارەیان لە شارەکەدا، بۆ ئەو وڵاتو لایەنانە ئاشکرا دەبێت کە وەکو (کارە مێشکە) بەخێویان دەکەن، بەمەش تێکڕای راستییەکان دەردەکەون.

کەواتە رێگەچارەی گونجاوی پرسو پرۆسەی هەڵبژاردنو سەرژمێری لە کەرکوك چییەو سەرکردایەتی سیاسیی کورد



(٨)

## دواخستنی پرسو پرۆسەی سەرژمێریو هەڵبژاردن، لە کەرکوك بۆ؟

کەرکوك، شارە وێرانو کاولکراوەکەی کوردستانو شارە سەیروسەمەرەکەی عێراقی عەرەبی. وێران: چونکە بەدرێژایی مێژوو، لەو رۆژەوەی داگیرکەران لە هەر چوارلاوە پەلاماری ئەم نیشتیمانەیانداوەو داگیریان کردووە، کەرکوك یەکێك بووە لەو شارانەی خاپوورکراوەو خەڵکەکەی شاربەدەرو ئاوارە کراوە. سەیروسەمەرە: چونکە بەدەر لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراقی عەرەبی، لە هەموو هەنگاوێکی بەرەو دیموکراسی بێبەشەو هەرجارەو بە بڕوبیانوویەکەوە، پرسو پرۆسەی هەڵبژاردنی تێدا قەدەغەو دوادەخرێ.

رەنگە خەڵکانێك هەبن ئێستا بڵێن: ئەم برادەرە دەنگی لە تێری دێت، بۆیە وا دەئاخڤێ!!. لێ من لێرەوە دەپرسم: باشە ئەگەر لە دژی ئەو رێگریو ئاژاوەچییانەی شۆفێنیستان، مانگرتنو خۆپیشاندانی جەماوەریو پاشەکشەی ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی لە بەغداو هەندێ هەڕەشەی دیکە بکرێت، خۆ (کابە کەچ نابێت). وەلێ ئەگەر هەروا شەرمنو بێدەنگ ببین، ئەوا کەرکوکیشمان لەدەست دەچێتو ئەوەی شۆفێنیستانو نۆکەرانی وڵاتانی دەوروبەر دەیانەوێ دێتەدی، ئەوکاتە گریان بەدیار (دۆی رژاوی دادە)وە، هیچ دادمان نادات!!

* لە ژمارە (٨١٤)ی ٢٠٠٩/٨/٥ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە.



چۆن دەتوانێ هەڵگری ئەو بەرپرسیارێتییە مێژووییە ببێتو لێنەگەڕێت کەشتیی کەرکوك لەنێو گێژاو و شەپۆلی بێ ئامانی شۆفێنییەتی شۆفێنیستان نقوم ببێتو بە ئەمانەتەوە بیگەیەنێتە بەندەری ئارامیو ئاسوودەیی؟

بە دڵنیاییەوە، ئەو بارودۆخەی کە ئێستا عێراقی پێدا تێدەپەڕێتو بەهێزبوونەوەی شۆفێنیزمی عەرەبیو پەلهاویشتنو فراوانبوونی چاوچنۆکی هەتا هێزە شیعەگەراییەکانیش بۆ هێشتنەوەی کەرکوك بە داگیرکراویو رێگەنەدان بە گەڕانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان، هیچ دەروازەیەکی لەبەردەم سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان نەهێشتۆتەوە کە لێیەوە گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات، تەنها پێداگرتن نەبێ لەسەر ئەو ماددانەی کە لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا تۆمار کراونو تایبەتن بە ناوچە داگیرکراوەکانەوە، هەڵبەتە ئەمەش بوێریو چاوقایمییەکی زۆری دەوێ، بەجۆرێك کە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان ئەو توێژاڵە شەرمنییەی رووخسارو ناخی خۆی تووڕبداتو چیدیکە بە شەرمەوە داوای مافی زەوتکراوی کورد نەکات، بەڵکو بە پێداگرییەوە کاراکتەرێکی ئەکتیفی ئەو پرسە ببێتو لەهەمبەر هەڕەشەو ملنەدانی شۆفێنیستان، ئەویش هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەو جەماوەریانەو دیموکراسییانەو ئاشتییانەی هەبێتو جەماوەر سازو ئامادە بکات.

ڕێکخستنەوەی ماڵی شەپڕێو و شێواوی عەرەبە سوونەو شیعەکان نەکردبوایەو بوێرانە -نەك بە شەرمەوە- پێی لەسەر ماف و داوا ڕەواو زەوتکراوەکانی گەلەکەمان لە باشووری کوردستان دابگرتبوایەو هەرنا، ناوە ناوە هەڕەشەی پاشەکشەی لە پەرلەمانی عێراقی و هەڵوەشاندنەوەی ئەو بەناو هاوپەیمانییە شلۆقەی لەگەڵ عەرەبی عێراقی، بەتایبەتی شۆڤێنیست و مەزهەبییەکانیاندا بکردبوایە، ئەوکاتە ئەوان وەکو ئێستا ئاوەها بێمنەت نەدەبوون و زاخی پیلانگێڕی و جارێکی دیکە داگیرکردنەوەو بە عەرەبکردنەوەی باشووری کوردستانیان نەدەکردو وا بێشەرمانەش ڕێگرییان لە جێبەجێکردنی مادەکانی بەناو دەستووری هەمیشەیی عێراقی نەدەکرد، کە مادەی (١٤٠) دیارترینی ئەو مادە بەناو دەستووریانەن.

تاوانی (٢٨ی تەممووزی ٢٠٠٨)ی خوێناویی کەرکوك، دەرئەنجامی ئەو باکگراوندە تەمومژاوییەی سەرەوەی پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتدارانی بەغدابوو بە بەرپرسانی کوردیشەوە لەوێ!!. بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە: دوای ئەوەی شۆڤێنیستانی ناو پەرلەمانی عێراق، پرۆژەیەکی تایبەتیان بۆ شاری کەرکوك خستەڕوو کە تیایدا داوای دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای ناوبراو دەکەن بۆ شەش مانگی داهاتوو، لەگەڵ ئەوەی کە لەو شەش مانگەدا تێکڕای دەسەڵات و بڕیارەکانی



( ٩ )

## کەرکوك و کارەساتی ( ٢٨ )ی تەممووزی ٢٠٠٨

کەرکوك و گاوربـاغی و ڕووداوە خوێناوییەکانی ١٩٥٩و ڕەشبگیری و قەتڵ و عامەکەی ١٩٦٣ی حەرەس قەومییەکان و (٢٨)ی تەممووزی دەستی تێکدەرو شۆڤێنیستەکان و دەیان کارەسات و ڕووداویتر، ناسنامەی تراژیدیای لە مێژینەی مێژووی ئەم شارەن. هەرچەندە تێکڕای کارەسات و ڕووداوەکان، زادەی بیری خوێنڕێژیی شۆڤێنیستەکانی ناوچەکەن، لێ دەکرێ بە وردبوونەوەو شەنوکەوکردنی هەندێکیان بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە بڕێکی زۆری ئەو کارەسات و ڕووداوانەش، لایەکی تاوانەکەی دەکەوێتە ئەستۆی خۆمان، چۆن؟

دوای لە گۆڕنانی بەعس، ئەگەر سەرکردایەتی سیاسیی کورد، هێندە سینگەکوتێی بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی بەغداو

ئەنجومەنی پارێزگا بە هاوپەیمانیی نێوان کوردو عەرەبو تورکمان و کلدۆئاشوور بێ، بە ڕێژەی لە ٣٢٪ بۆ هەر سێ نەتەوەی کوردو عەرەبو تورکمانو لە ٤٪یش بۆ کلدۆئاشوور، هەروەها رادەستکردنەوەی دۆسییەی ئاساییشی کەرکوك بۆ ئەو یەکە سەربازییانەی کە لە ناوەڕاستو باشووری عێراقەوە رەوانەی کەرکوك دەکرێن، لەجیاتی ئەو یەکە سەربازییانەی کە ئەوکاتە لە سنووری پارێزگای ناوبراودا بوون، کاتێکیش پەرلەمانتارانی کورد وەکو نارەزایەتییەك هۆڵی کۆبوونەوەکەیان بەجێهێشت، شۆفێنیستان داخ لە دڵانە بڕیاری خۆیانداو ئەمەش بووە هۆی هاتنەکایەی رەوشێکی ترسناكو نائارامو لێرەولەوێ پەرچەکرداری لێبکەوێتەوە، یەکێك لەو پەرچە کردارانەش بڕیاردانی هەردوو حزبی دەسەڵاتدارو حزبە کوردستانیو هەندێ لە تورکمانییەکانی شاری کەرکوك بوو بۆ خۆپیشاندانی جەماوەریو پرۆتیستۆکردنی مادەی ٢٤ کە لەلایەن (گروپی ٢٢ی تەمموز)ی نێو پەرلەمانی عێراقی کە بەبێ بوونو رەزامەندیی نوێنەرانی کوردو بەدزیی ئەوانەوە واژۆ کرابوو.

خۆپیشاندانە حزبییە جەماوەرییەکەی (٢٨ی تەمموزی ٢٠٠٨) کە بۆ شۆفێنیستانو تیرۆریستان قووتنەچوو، بە کردەوەیەکی خۆکوژی خۆپیشاندانەکەیان خەڵتانی خوێنی کەرکوکییەکان کردو چەکدارە دڵڕەشەکانی بەرەی تورکمانیی بەکرێگیراو و پشتئەستووریش بە میتی تورکیو گولەنییەکانی



کەرکوك، رقی ڕەشی خۆیان لە لوولەی تفەنگەکانیانەوە کوێرانە بارانـدە سەر ئاپۆرای خۆپیشاندەرانو دەیانیان شەهیدو بریندار کرد.

دەکرێ لە یەکەم ساڵوەگەڕی ئەم کارەساتە خوێناوییەدا، خوێندنەوەکانمان بابەتییانەو لۆژیکیانە بنو بەرلەوەی پەنجەی تاوانبارکردن بۆ دژو دوژمنانی گەلەکەمان رادێرین، هەقوایە بەخۆماندا بچینەوەو پەند، بەڵێ پەندی لێوەربگرینو وەکو وەفایەکیش بۆ گیانی شەهیدانی ئەو کارەساتە، چیتر ئەو سیاسەتە چەند فاقییەی حزبە کوردییەکان لە کەرکوکدا پەیڕەو و پیادە نەکەینو کەرکوك نەکەینە قوربانی بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی!

* لە ژمارەی (٨١٥)ی ٢٠٠٩/٨/١٢ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە.

هەبێ بە عەرەبە تەعریبچییەکانیشەوە لە سەرانسەری عێراقدا، بە هەرێمی کوردستانیشەوە، لە کوێ ئارەزوو بکات نیشتەجێ ببێت، کەچی بۆ کەرکوکییە دەرکراو و کۆستکەوتووەکان نەبێ، بگەڕێنەوە شارەکەی خۆیان و وەکو هاوولاتییەکی ئاسایی (عێراقی!!) چاویان لێبکرێت، کە دەشگەڕێنەوە هەزارو یەك ناو و ناتۆرەیان لێدەنێن و بە کوردی ئێرانی و تورکیایی و هەتا ئیسرائیلیش ناوزەدیان دەکەن!!. لێژنەی بەدواداچوونی خواستی شۆفێنیستەکان، مەبەستم ئەوەی ناویان نابوو (بەدواداچوونی راستییەکان) وەکو کوڕە کوردە کەرکوکییە پەرلەمانتارە بوێرەکە –خالید شوانی– وتی: بەدواداچوونی راستی چی؟ ئەوان لە هەمبەر دەرخستنی راستییەکاندا داوای (دەسکەوتی سیاسی)یترمان لێدەکەن. هەربۆیەش لێژنەکە هیچی بە هیچ نەکردو گەڕایەوە بەغدا.

لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستاندا، کاك کۆسرەت داوای ئەوەی لێکردین کە لەبەر ئالۆزی و ناسکی بارودۆخی کەرکوك، قەڵەمەکان و زوومی کامیرای راگەیاندنکاران بە ئاراستەیەکدا ئاراستە بکرێت و رێگە لە پەرشوبلاوی دەنگەکانمان بگیرێت. وەك لەوێ و ئێستاش لێرەوە جارێکیتر زۆر بەراشکاوانەوە وەکو رۆژنامەنووسێکی کەرکوکی دەڵێم:



(١٠)

## کوشتنی دەنگی (١٠٠) هەزار کەسی کەرکوکی و بەردەوامبوونی گەمەی حزبایەتی

کەرکوك، بەناوبانگترین شاری بازاڕی ئازادی بازرگانیی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوین، ئەو شارەی چەشنی کچۆڵەیەکی (١٤) چواردە بەهارەی ئەنفالکراو، بۆتە جێسەرنجی چاوچنۆکیی سەرجەم داگیرکەرانی ناوخۆ و دەوروبەر، هەر ولات و هێزو لایەنێك دێت و دەستێکی بۆ درێژدەکات و زیاتر هەوڵی ئابڕووبردن و ئالۆزکردنی دۆخەکەی دەدات.

تازەترین خەمێك لە خەمە زۆروزەبەندەکانی کەرکوك، خەمی کوشتنی دەنگی (١٠٠) هەزار دەنگی مرۆڤە کوردە کەرکوکییەکانە لە گەمەی هەڵبژاردنی ئەمجارەی عێراقی عەرەبیدا، کوشتنی دەنگی (١٠٠) هەزار مرۆڤی دەرکراو، ئاوارەی گەڕاوەی کەرکوکی!.. سەیرە بۆ هەموو عێراقییەك

١. ئێوە (حزبەکان) تا گوندی (شێراوە)ی بنباڵی شارۆچکەی پردێ، لە کێبڕکێی حزبایەتیدا سەری یەکتر بشکێنن، ئاساییە، لێ کاتێ نزیکی (پردێ) بوونەوەو رووەو کەرکوک هاتن دەستنوێژێکی راستگۆیانەی کوردانە بشۆنو دەسبەرداری ئەو شەڕە دەسەڵاتەی خۆتان بن لە کەرکوکو ئەو هەستیارییە (حساسیە)و باوەڕ بەیەکترنەبوونەی نێوان خۆتان بسڕنەوە.

٢. لەکاتی بەناو ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانو گەڕەکە وێرانەکانی کەرکوک بە هەموو نەتەوەکانەوە، فشاری (پارتی بوونو یەکێتی بوون) تووڕ هەڵبدەنو کوردانەو مرۆییانە هەنگاو هەڵبهێنن.

٣. بەعس چۆن لەکاتی راگواستنو دەرکردنی کوردانو تورکمانو کلدۆئاشوورییەکاندا، جیاوازی لە نێوان (پارتییەکو یەکێتییەکو شیوعییەکو سۆسیالیستو زەحمەتکێشو حزبێکی تورکمانیو کلدۆئاشووری)یەک نەکرد، ئێوەش مەیکەنو وەکو یەک بەبێ جیاوازی گوندو گەڕەکەکانی شار ئاوەدان بکەنەوە.

٤. لەکاتی دامەزراندنی فەرمانبەرێک -نەتەوەکەی هەرچییەک بێت- تەزکییەی حزبی لێمەکەنە مەرجی سەرەکی دامەزراندنەکەی، کە تاکو هەنووکەش دەیکەن.

٥. لەکاتی پێدانی (زەوی) بۆ نیشتەجێبوون، دیسانەوە، مەرجی حزبیبوون مەکەنە پێوەری سەرەکی ئەو زەوی پێدانە.



٦. هەردوو دەزگاکەی ئاساییش کە رۆڵێکی کاریگەریان لە شارەکەدا هەیە، بکەنە یەک دەزگاو یەک ستافی کاراکتەری کەرکوکییانە.

٧. پۆشتەو پۆشاکی حزبییانە لە ناوەندەکانی خوێندن تووڕهەڵدەنو یەک یەکێتی مامۆستایانی دوور لە فشاری حزبایەتی پێکبهێنن.

٨. لێپێچینەوە لە رەفتارو سەروەتوسامانی سەرجەم بەرپرسانی کەرکوکو قەزاو ناحییەکانی دەوروبەری بکەنو گەندەڵو کەمتەرخەمان سزا بدەنو کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دابنێن.

ئەمانەو چەندین پێشنیاریتر کە لای کاک کۆسرەت کردمان، بەوپێیەی کە لەمەودوا چاودێریی دۆخی کەرکوک دەکات، وا لێرەوەش دووبارەی دەکەینەوە.

* لە ژمارە (٨١٦)ی (٢٠٠٩/٨/١٩)ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە.

(١١)

## تکایە.. با کەرکوک نەکەینە سەنگەری تۆڵەکردنەوە لە یەکتری

بە گوێرەی ئەو دەنگۆ و پێشبینییانەی لای کەرکوکییەکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دەکرێت، گوایە چەندین لایەن لە هەوڵی ئەوەدان هەر یەکەو بە لیستێکو قەوارەیەکی تایبەت بەشداری هەڵبژاردن بکەن. ئەم هەنگاوە (خەنجەرێکی دەبانی دوو ڕووە)، لە ڕوویەکەوە ئەوپەڕی دیموکراسییەتەو جێی خۆیەتی هەر تاکێکی کۆمەڵگای پێ هۆشیار بکرێتەوەو لە سەنگو بایەخی دەنگی خۆیشی ئاگادار بکرێتەوە کە لەوانەیە بوونی تەنها دەنگێک لیستێک بباتە پێشو نەبوونی تاکە دەنگێکیش قەوارەیەکی سیاسی بخاتە پەراوێزەوەو لەوانەیشە دەنگەکەی بچێتە خانەی بەرژەوەندی لیستو قەوارەیەکەوە کە دژی بەرنامەو کاری



سیاسی ئەوبێ. ڕووەکەی دیکەی کە ڕووە ژەهراوی‌و زۆر ترسناکەکەیەتی پەرشوبڵاوبوونی دەنگی کوردو شکست خواردنییەتی لە بەرامبەر یەکڕیزیی ئەوانەی دژایەتی کوردبوونو کوردستانییەتی کەرکوک دەکەنو بە هیچ پرۆژەیەکی کوردان ڕازی نابن.

بە دڵنیاییەوە ئەم زۆر لیستییەی لایەنە کوردستانییەکان لە کەرکوکدا، لەبەر دڵسۆزی‌و خەمخۆری پرسی کەرکوکو چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەساردراوەکان نییە، بەقەد ئەوەی سەنگەری تۆڵەکردنەوەو (یوم الحساب)ی براکانی دوێنێو دژەکانی ئەمڕۆیە، کە ئەمەیان مەترسییەکی گەورەیەو پێویستی بە هەڵوەستە لەسەرکردنو بەکارهێنانی ئەقڵێکی کراوەو گیانێکی دڵسۆزانەی سەردەمییانەو مۆدێرنانەی ئەوتۆی دەوێ کە زۆر ئەستەمە لە واقعی حاڵی ئێمەدا بوونی هەبێت، لێ مەحاڵ نییەو دەکرێ لەپێناو بەرژەوەندیی باڵای گەلەکەمان –بەرژەوەندییەکی ڕاستەقینە، نەک ئەوەی دەسەڵاتی حزبی دۆخەکەی بەمجۆرە گەیاند– ڕقو کەفوکوڵە وردەبۆرژواییە هەنووکەییەکان، ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێت خەفە بکرێنو لۆژیکیانە مامەڵە لەگەڵ دۆخە ناسکەکەی کەرکوکدا بکرێت.

ڕاستە سیاسەتی چەوتی حزبایەتی دۆخو پرسی کەرکوکی بەمڕۆژە ترسناکە گەیاند کە نەک هەر دوژمنانو ناحەزان

سەنگەر لە کوردستانییەتی کەرکوک بگرن، بەڵکو خۆیشمان بێین و بە بەرچاوی مێژووەوە تاکتیکییانە هەڵە ژەهراوییەکان دووبارە بکەینەوەو دەرئەنجام دۆڕانێکی ستراتیژییانە بدۆڕێین و بۆ هەتا هەتایە کوردستانییەتی کەرکوک لەدەست بدەین، کەسیش نییە نکۆڵی لەو راستییانە بکات کە لە دوای پرۆسەی لەگۆڕنانی بەعسەوە چڕنووکی حزب چی لە جەستەی داهێزراو و خوێناوی کەرکوک کردو چۆن لەوێش گیانی حزبایەتییان ئاخنییە جێگای رۆحی کوردایەتییەوەو کەسایەتی پۆڵایینی کەرکوکییەکانیان داهێزراندو بە بەخششی حزبییانە کەسایەتییەکەیان ژەهراوی کردو کەرکوکییەکانیشیان دابەشی چەند ئاراستەیەکی لەیەکتر جیاواز کرد کە ئەوەتا ئێستا وا باجەکەی دەدەینەوە.

پێم سەیرە خەڵکانێك دەڵێن: قەیناکا کورد با بە چەند لیستێك دابەزێت، بۆ ئەوەی دوو حزبەکە سەنگی خۆیان لە کەرکوکدا بزانن!!. کێ هەیە نکۆڵی لەو راستییانە بکات، بەڵام ئەی ئەگەر دۆڕاین ئەوکاتە چەندی بەچەند؟!!

* لە ژمارە (٨١٧)ی (٢٠٠٩/٨/٢٦)ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە



## (١٢)

## کەرکوك و خەمی پیاوە گەورەکانی!!

کەرکوکیش وەکو سەرجەم شارو ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان، منداڵدانی لە دایکبوونی کەسانی لێهاتوو و دایەنگەی پەروەردەو پێگەیاندنی مرۆڤگەلێك بووە کە ناویان لە ئاسمانی مێژووی پڕشکۆی گەلەکەیاندا، ئەستێرەیەکی هەمیشە درەوشاوەیە. لەم بابەتە گۆشەیەدا ناوی ئەوانە نابەم کە لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا داهێنانیان نواندووەو کەرکووکییانە رەنجیانداوەو تێکۆشاون و خۆبەخشانەش گیانیان بە گەورەیی و پیرۆزی کەرکوکی بووکی کوردستان سپاردووە، بەڵکو لێرەدا ئاماژە بە بەهرەمەندیی بەهرەی بە بڕشتی کەرکوکییەك دەکەم کە بە دڵنیاییەوە مافی خۆیەتی هەر یەکێك لە ئێمەی کەرکووکی و هەتا غەیرە کەرکووکییەکانیش رێز لە تواناو بەخششی بگرن، ئەویش (مامۆستا جەلیل زەنگنە)ی هونەرمەندو دەرهێنەرو داهێنەری بواری درامای کوردییە.

لەم رۆژانە ستافێکی لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، بە تایبەت لە کەرکوکەوە بۆ زیارەتی دوو گەورە پیاوی خاوەن بەخشش لە کەرکووکەوە روومانکردە سلێمانیو لەوێ هەر بە پرسیار ماڵی هەردووکیانمان دۆزییەوەو چووینە زیارەتیان، کە مامۆستایان (محەمەدی مەلا کەریم و جەلیل زەنگنە) بوون.

هەر لە یەکەم نیگاوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی (م.جەلیل زەنگنە) زانی بە نوێنەرایەتی لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، بەتایبەت بۆ سەردانی بەرێزیان هاتووین، سۆزی کەرکووکییانەی هەستاو لە درێژەی دانیشتنەکەدا کە هێشتا هەڵنەسابووین، کۆمەڵێك گەنج و کۆنە برادەری کەرکوکی و سلێمانی خۆی، هاتنە سەردانی، لەبەرئەوەی مرۆڤێکی راستگۆیە، نەیتوانی ئەوەی لە ناخیدایە بیشارێتەوە، بۆیە گلەیی خۆی لە کەرکووکییەکان کردو وتی: (وەختە بڵێم لە بنی دونیاوە خەڵك سەردانیان کردم، تەنها بەرپرسانی کەرکووکی نەبێت!!!).

چۆن لەوێ دڵماندایەوە، وا لێرەوە منیش دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی (م.زەنگنە)و دەڵێم: گلەیی بێ بەرپرسە حزبی و حکومییەکانی شاری کەرکووکی گرو بڵێسەو خوێن و خەبات، گلەیی بێ کاك (عەبدولرەحمان مستەفا) پارێزگاری کەرکوك، گلەیی بێ (کاك نەجات و کاك رەفعەت و هاورێ ئەبو



کاروان)، بەرپرسانی پارتی و یەکێتی و شیوعی. گلەیی بێ ئەدیبان و نووسەرانو رۆژنامەنووسانی کەرکووکی، گلەیی بێ، گلەیی بەسەرنەکردنەوەی هونەرمەندێك کە دەیەوێ راستگۆیانە مێژووی خەباتی نوێی نەتەوەکەی لە باشووری کوردستاندا بۆ نەوەکانی ئێستاو ئاییندە ئەرشیف بکات و راشکاوانە بڵێت: ئا ئەمەبوو، ئەم خوێن و خەباتە بوو بە هەموو کێماسییەکانییەوە ئەمرۆی هێنایە بەرهەم، دەبا دەستی پێوەبگرینو گورگان خواردووی نەکەین. توخوا حزبەکان ئێوەش چیتر حزب مەکەنە قوربانی بەرژەوەندی دەسەڵاتی خۆتان، بەڵکو با حزبەکانتان ببنە بەردەبازو قوربانی گەلەکەمان.

ئەوەی بە چاوی خۆمان بینیمان بە دەرزەن دۆسییەی رەنگاورەنگی بەشی سێیەمی درامای گەردەلوول بوو کە جارناجارێ مامۆستا جەلیل لەگەڵ باسکردنی و هەناسەسوارییەکەیدا ئاماژەی بۆیان دەکردو بە حەسرەتەوە دەیوست ئەوە بە میوانەکانی و لە رێگەی ئەوانیشەوە بە سەرجەم بینەران و پەرۆشانی (درامای گەردەلوول) بڵێ: بە هیوام تەمەن بوارم بداتو ئەم بەشی سێیەمەش بخەمە بەردیدەی پرتامەزرۆتان، ئەوکاتە مەرگ لە هەر شوێنێکەوە دێت سەرچاو لە پێشوازیدام، کە لێرەوە هیوای تەمەندرێژی و بەرهەمی پڕ برشتری بۆ دەخوازم.

* لە ژمارە (٨١٨)ی (٢٠٠٩/٩/٢)ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە.

تێکڕای ئەو زەوییانە بە بڕیارێکی ڕژێمی بەعس داگیرو زەوتکران، کەچی ئێستا دادگاش توانای وەرگرتنەوەیانی لە وەزارەتی دارایی نییە، چونکە ئەو زەوییانە خراونەتەسەر وەزارەتی دارایی، دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆش لە بەغدا بەهانەو پاساوی ئەو دواخستنەش بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە گوایە کاتی خۆی وەزارەتی دارایی ئەو زەوییانەی لە جووتیاران کڕیوەو پارەی پێداون!!.

سەیرە! بەڕاستیش مایەی نیگەرانی و سەرسووڕمانیشە، ئاخر هەموو خەڵکی دەزانێت ئەو زەوییانە لە سۆنگەی پرۆسەی بەدناوی تەعریبکردنی شاری کەرکوک و دەوروبەرییەوە بەو دەردەبران، ئێستا بۆ دەبێ جووتیاران تووشی ئەم هێنومنهێنە بکەن؟، ئەمە بە ریشی کێ ڕەوایە؟.. ئایا لایەنە پەیوەندیدارەکان و نوێنەرانی کورد لە بەغدا توانای فشارخستنەسەر حکومەتی مالکییان نییە، یان لەبەر سەرقاڵبوونیان بە کێشەی لەوە گرنگترەوە ناپەرژێنە سەر بیرکردنەوە لە کارێکی وا؟

ئەم دۆخە ترسناکە وای لە جووتیاران و لادێنشینانی سنووری پارێزگای کەرکوک کردووە کە بڕوایان بە دۆخەکە نەمێنێ و ئامادەی گەڕانەوە نەبن بۆ لادێکانیان و ناوچەکانی خۆیان، ئەمە جگە لەوەی (پارتی و یەکێتی)ش، تا ئێستا تەنها هاوکاریی خەڵکانی سەربەخۆیان دەکەن، وەک ئەوەی جووتیارە



(١٣)

## خەمی بەداگیرکراوی مانەوەی زەویوزاری کورد!!

لە سەردەمی ڕژێمی بەعس، تێکڕای زەویوزاری جووتیاران و گوندنشینانی کورد لە سنووری پارێزگای کەرکوک بە بڕیارێکی بەناو (ئەنجومەنی باڵای شۆڕش) داگیرکراو لە خاوەنە ڕەسەنەکانیان زەوتکرا کە زۆربەی هەرە زۆریان تاپۆدارن و بە فەرمی جووتیاری کورد خاوەنداریێتییان دەکەن، کەچی تا ئێستا و دوای زیاتر لە (٦) ساڵ لە نەمانی ئەو ڕژێمەو پێگەی بەهێزی (کورد) لە بەغدا نەتوانراوە، یاخود هەوڵی جیددی نەدراوە بۆ وەرگرتنەوەو سەندنەوەی ئەو زەویوزارانە بە شێوەیەکی فەرمی بۆ خاوەنە ڕەسەنەکانیان و هەر بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە، هەرچەندە فەرمانگەیەکی کارتۆنییان بەناوی (هيئة الدعاوى الملكية العراقية) کردۆتەوە، لێ تا ئێستا هێندە خاووخلیسکە تێکڕای ئەوانەی گوندو زەویوزاریان داگیرکراوە، نەیانتوانیوە هەتا لە ڕێگەی یاساو دادگاشەوە ئەو مافەیان وەربگرنەوە.

دەربەدەرو ئاوارەو راگواستراوەکانی کۆمەڵگاکانی دارەتوو و بنەسلاوەو جدیدەو...تاد، کە لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا رژێمی بەعس، زەویوزاری کشتوکاڵی لە سنووری پارێزگای کەرکوکدا لێزەوتکردن و گوندەکانی کاول و خاپوور کردن، کەرکوکی نەبن و خەڵکی ئەم باشووری کوردستانەش نەبن؟!!

ئەوەی لێرەدا ئاماژەی پێدەکەم نە شاراوەیەو نە بوختانیشە بە دەسەڵاتدا، بەڵکو راستییەکی حاشا هەڵنەگرە، راستە جووتیاران گەڕاونەتەوە سەر زەویوزارەکانیان، لێ هێشتا ئەوان خاوەنی زەوییەکانیان نین و لەکاتی فرۆشتن و کڕین و مامەڵەکردندا، هەر لەسەر وەزارەتی دارایی عێراقەو جووتیارانی کوردیش زەققەی چاویان دێت. وەکو جووتیارێکی یەکێ لە گوندەکانی ناوچەی ساڵەیی سەر بە پردێ وتی: (بەخوای بەتەمای ئەم هیئەی دەعاویی مولکیە بین، مولکەکانی دیکەشمان داگیر دەکەن!، ئێمە داواکارین چۆن کاتی خۆی بە بڕیارێك لێمان زەوتکرا، ئێستاش ئەوها بە بڕیارێك بماندەنەوەو قەرەبووشمان ناوێتەوە).

جگە لەوەش ئەو عەرەبە تەعریبچییانەی کە رژێم بۆ ناوچەکانی کەرکوکی هێنابوون و گرێبەستی کشتوکاڵییان هەبوو، ئێستا بە نیازن بڕە پارەیەکی خەیاڵی لە حکومەت وەربگرن، جووتیارانی کوردیش، هیییییییچ!!!!

* لە ژمارە (٨١٩)ی (٢٠٠٩/٩/٩)ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە.



(١٤)

## منی رۆژنامەنووسیش خەڵکی گەڕەکە قوڕاوییەکەتانم

خەڵکی گەڕەکی سەرچناری شارە داگیرکراوەکەم (کەرکوك)، دوای لە دەرگادانی سەرجەم دەرگا داخراوەکانو خستنەڕووی نارەزاییەتییەکانیان لە نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانو بەدەنگەوە نەهاتنیان، بە ناچاری لە رۆژی سێشەممە (٢٠٠٩/٩/٨) یەکدەنگانە، گۆمی بێدەنگییان لە شارەکەدا شلەقاندو ریزەکانیان یەکخستو رێپێوانێکی هێمنانەیان سازدا.

کوڕە گەنجێك پڕ بە دەمی بۆ کەناڵێکی راگەیاندنو بە قوڕگی پڕ گریانەوە دەیوت: مێشوولەو ئاوی چڵکاو خەریکە لەناومان دەبات، لە زستانیش هەتا سەر شەقامە گشتییەکە، پێڵاوێکی لاستیك لەپێ دەکەمو ئینجا پێڵاوێکیتر، کە دەچمە پۆلیشەوە هاوپۆلەکانم پێمدەڵێن: ئەوە خەڵکی کۆڵانە قوڕاوییەکەیە!!.

کاکی لاوی کەرکوکی بێبەش لە سادەترین پێداویستییەکانی ژیان زویر مەبە، هەر تۆ خەڵکی کۆڵانە قوڕاوییەکانی گەڕەکە

شۆڕیجەو ئازادی‌و زۆربەی گەڕەکە دێرینەکانی دیکەی شارە داگیرکراوەکەمان نابینێت پشتگوێخراون‌و ماڵی بەرپرسێك ئاوابێ، ئەگەر بە ڕێکەوت ماڵەکەی هاتە گەڕەکێکیانەوە، کەمێك گورگە ئاوڕێکی لێ بداتەوەو چەند شۆستەو شەقامێکی قیڕو کۆنکرێت بکات، ئەگەرنا ئەوەیتر چش!!.

کاکی خوێندکاری گەڕەکی قوڕو چڵپاوە دێرینەکەی سەرچناری کەرکوکی چەندجار داگیرکراو، ئەم ڕێپێوانە ئاشتییانەیەی ئێوە بۆ دابینکردنی مافە سەرەتاییەکانی گەڕەکەکەتان دەستپێکی گۆڕانکارییەکی ڕیشەییەو داڕووخانی تەختوتاراجی گەندەڵکاران‌و ئەوانەیە کە جگە لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان چاویان هەنگاوێك ئەولاتری خەمی مرۆڤەکان نابینێت. ئەمڕۆ ئێوە هاتنەدەنگ، سبەی نۆرەی جەماوەری ئیمام قاسم‌و ڕەحیماوەو شۆڕیجەی مەکۆی تێکۆشەرانی شارەکەی شێخ مارف بەرزنجی‌و تێکڕای ئەوانەیە کە ڕاوی مەرگیان نا لە پێناو هێنانەدی ئەمڕۆی ئازادی.

* لە ژمارە (٨٢٠)ی (٢٠٠٩/٩/١٦)ی "ئاڵای ئازادی"دا بلاوکراوەتەوە.



کوردییە لەبیرکراوەکەی سەرچنار نیت، ئەوە منیش خەڵکی لادێیەکی ناوچەی ساڵەییم‌و لەبەرئەوەی کوڕی حزبێك لە حزبەکان نیم، بۆم نییە داوای سادەترین پێداویستییەکانی ژیانی لادێییانە بکەم، هەروەکو گەڕەکە نزیکەکەی بەردەم گەڕەکەکەی ئێوە، ئێمەش لەنێو ئاواییەکەی خۆماندا، نەك (١٥) ملیۆن دینارو پەنجا گەلای دۆلاریان نەداینێ، بەڵکو (١٥) ملیۆن جارو (٥) هەزار جاری دیکەش بەوە تاوانباریان کردینەوە کە مادام کوڕی دیوەخانی حزب نین، لە بەخشش‌و دیارییە ڕەنگینییەکانی دەسەڵاتی حزبی بێبەش دەکرێین‌و بۆشمان نییە فزە بکەین‌و بڵێین لەل!!.

ئاخر کاکی خوێندکار، یان قوتابی کەرکوکی هەمیشە ئاوارە، پێم ناڵێیت گلەیی تۆ لە کێیە؟ لە بەغدای عروبە، یان لە حکومەتی تاسەر ئێسقانی حزبیی خۆمان؟!، کێ ئاگای لە ئەندێشەو خەمەکانی تۆی لە شارەکەی خۆتیش ئاوارەیە؟!. بۆ نازانیت تا ئێستاش، ئەگەر خزمەتگوزارێك، یان باخەوانی قوتابخانەیەك، یان ئیش پێکەری ترومپای بیرێکی ئیرتیوازی گەڕەکێك، یان کوێرە گوندێك، ئەگەر (تەزکییە)ی حزبێکی بالادەستی نەبێت، بۆی نییە باسی دامەزراندن‌و بوونە مووچەخۆری دەوڵەت بکات!. ئەوە هەر گەڕەکە سەرچنارە قوڕاوییە بێ خزمەتگوزارییەکەی ئێوە نییە، شەش ساڵی سایەی دەسەڵاتی بەناو ئازادی خۆمانی تێپەڕاندووە، ئەی گەڕەکی ئیمام قاسمی دەستەخوشکی گەڕەکەکەی ئێوەو

( ١٥ )

## كەركوكييەكان بە هەڕەشە رق ئەستوورتر دەبن

(محەمەد ئیحسان: هەر خێزانێكی ناوچە دابڕاوەكان سەردانی ناوەندەكانی دەنگدان نەكات لە قەرەبووی ١٤٠ بێ بەش دەكرێت.) ئەمە پوختەی ئەو هەڕەشەیەیە كە لە رۆژی ٢٠٠٩/٩/١٨ لە ماڵپەڕی (ئەسوات ئەلعراق) بڵاوكراوەتەوە، واتە نە قسەیەكی هەڵبەستراوەو نە دروستكراویشەو زۆربەی كەناڵە راگەیاندنەكانیش بڵاویان كردەوە. ئەم چەند دێڕەی سەرەوەم بۆ ئەوە بە نموونە هێنایەوە، نەبادا بڵێن وانییەو هەڵبەستراوە.

من كەسێكم لەوانەی بەدەست خۆم نییە زۆرجار زۆر لە خۆم دەكەم كە دەسەڵاتم خۆش بوێ و ئەو تۆمەتە لەسەر خۆم بڕەوێنمەوە كە پێمدەڵێن: (تۆ هەر لە ئەزەلەوە دژی دەسەڵاتیت و هەمیشە دژی شەپۆلەكان مەلە دەكەیت)، لێ لەكاتێكدا لەو بیرۆكانە رۆدەچمەخوارێ كە چۆن وا بكەم



دەسەڵاتم خۆش بوێ، كەچی لەولاوە كوڕێك، یان كچێكی دەسەڵات، لێدوانێك دەدات، یان هەڵوێستێكی نێگەتیڤانە دەنوێنێت و سەرەداوی خۆشویستنی دەسەڵاتم لێ وندەكاتەوە.

بەڕێزم وەزیری كاروباری ناوچەكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستان، ئاخر تۆ كاتێك دەبوایە ئەو هەڕەشەیەت بكردبوایە كە وەكو وەزیرێك و بڕیار بەدەستێك كاری زۆرت بۆ ئەو راگواستراو، گوندو ماڵ تالانكراو، لێقەوماو، ئاوارەو شارو گوند بەدەركراوانەی سەردەمی بەعس بكردبوایەو نووسینگەیەكی تایبەتت لە ناوجەرگەی شاری كەركوكدا بكردبوایەتەوەو لایەنی كەم هەفتەی دوو رۆژت لەوێ بگوزەراندبوایە، ئەوكاتە دەمانگوت: هەروەی!!، ئەو (١٠) ملیۆن دینارە، نە خێری حزبەو نە زەكاتی حكومەتی بەغدایە، بەڵكو ئەوە سادەترین مافی ئەو خەڵكەیە كە هێندەی نەمابوو بەعسییەكان ناموسیشیان ئەتك بكەن و بەناچاری روویان لە شارەكانی دیكە كردو لە ئۆردووگا زۆرەملێیەكان گیرسانەوە.

كێ زەمانەتی گیانی منداڵێكی ناو بێشكەو پاراستنی نەدزینی كچۆڵەیەكی قوتابی سەرەتایی و پیرێكی گۆچان بەدەستی ئاوارەی گەڕاوەی كەركوك دەكات؟.. بچن لەكوێ نیشتەجێ بن؟، لە مەلعەبەكەو لە گەڕەكە تەجاوزەكانی قەراغ شار، یان لەو گوندانەی كە دوای زیاتر لە (٦) ساڵ لە نەمانی بەعس، هێشتا زەویوزارەكانیان موڵكی حكومەتی مالكییەو

نەتانتوانیوە بە بڕیارێك بۆیانی وەربگرنەوە، چۆن كاتی خۆی بەعس بە بڕیارێك لێی زەوتكردن؟!

وەزیری پایەبەرز، تۆ كە وەزیری ناوچە داگیركراوەكانیت، تا ئێستا چەند شەوت لە كەركوك و چەندی دیكەت لە خانەقینـدا ڕۆژ كردۆتـەوەو لـە درێـژەی ئـەو چوارسـاڵەی وەزیرێتێكەتـدا چـیتان بـۆ ئـەو ناوچـانە كـردووە، كـە خۆتـان وتـەنی كێشـە لەســەرن؟، خــۆ ئەگــەر ئاڵۆزترتــان نــەكردبێ، ئــەوە دڵنیــابن باشترتان نەكردووە.

هەڕەشەكردن لەو خەڵكەو گومان دروستكردن لە نەدانی ئەو بڕە پارەی قەرەبووكردنەوەیە بۆ ئەوانەی كە تا ئێستا سەردانی بنكــەكانی دەنگــدانیان نــەكردووە، بڕیــارێكی زۆر قورســـەو هیوادارم پێیدا بچنەوەو داوای لێبوردنیش لە ئاوارەكان بكەن.

ئاخر بەڕێزم! باش بزانن خۆ ئەگەر خەڵكی دیكە دەنگی دابێ، ئــەوا كەركوكییــەكان هەمیشــە خــوێن و دەنگیــان پێــداون و هەمیشەش پەراوێز خراون. دڵنیاش بە كەركوكییەكان سەرەڕای ئەو پشتگوێخستنەی حزبە كوردستانییەكان، كەچی هەر دەنگ دەدەن و لێناگــەڕێن شــارەكەیان بــە عێراقێكـــی عـــەرەبی پینەوپـەڕۆكراوەوە بلكێنـدرێت، لێ لەبـەر ئێوەنـا، لەبـەر ئـەو خوێن و خەباتەی كە ڕشتوویانە و ئەو قوربانییە بێشومارەی كە داویانە.

* لە ژمارە (٨٢١)ی (٢٠٠٩/٩/٣٠)ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوكراوەتەوە.



( ١٦ )

## بەڵێ، ئەمە دڵ و قودسەكەی كوردستانە!!

لـەم ڕۆژانـەی پێشـوو لەگـەڵ ژمارەیـەك لـە دۆسـت و ئـەحبابی هــەولێری بــە كــۆڵانێكی گــەڕەكی ئیمــام قــاسمی كەركوكــدا گوزەرمـان كـرد، یـەكێكی بەتەمـەنیان هـەر لەبەرخۆیـەوە قسـەی دەكرد، زانیم شتێكی بەدڵ نییە، بۆیە وا لە بەرخۆیـەوە كەوتۆتـە پرتەو بۆڵە. كە دۆستێكی دیكەی هاوتەمەنی خۆی لێی پرسـی: ئەرێ فلانی ئەوە چیتە دەڵێی وڕێنە دەكەی؟، دەمودەست وتـی: جا ئەگەر وڕێنە بكەم ناهەقمە؟!، توخوا ئەمە ئەو دڵ و قودسـەیە كە خەونیان پێوە دەبینی؟، حەیفێ!!

بـە كـورتی وڕێنەكـەی ئـەو بـرادەرە هەولێرییـە بـە ئەزموونـە، وڕێنــەی ئــەو (دڵ و قــودس)ە بــوو كــە كەركوكییــەكان و -بــە حیساب- حزبەكانیان لە هەولێرو سلێمانی و دهۆك بانگەشـەیان بۆ دەكردو خـەونیان پێوەدەبینی، خـەونێك كە ساڵانێكی زۆری تەمەنی بردن.

لـەولاترەوە برادەرێكـی دیكـەیان هەڵیدایـەو وتـی: دەزانم فـلان كەس ئەو خانوبـەرە كۆن و داڕوخاوانەی بینیوە بۆیـە وا ئاگری

نەماوە، ئەی تۆ وەکو کەرکوکییەك بەرامبەر ئەم (دڵو قودس)ـە چ دەڵێی؟

سەرێکم هێناو سەرێکم برد، خەریك بوو منیش وەکو زۆرێك لە بەرپرسانی شار، (بەهار بهێنمە چۆکان)و بکەومە مەدحو سەنای حزب، لە ترسی ئەوەی نەبادا وەکو (سۆرانی مامە حەمە) خیتم بکەن، بەڵام ئیستێکم کردو پیرۆزی پیشەکەم ڕێگەی سازشکردنیان پێنەدام، بۆیە ناچار بووم ڕاستییەکانیان بۆ باس بکەمو کۆمەڵێك کێماسی شاراوەو نادیاریی دیکەیشیان بە گوێدا بچرپێنم، ئیدی من هەر کێماسیو نەهامەتییەکانی شارم باس دەکردو ئەوانیش هەر پەکوف پەکوفیان بوو، تا دواجار یەکێکیان پرسی: ئەی باشە پارێزگاری کوردو سەرۆکی ئەنجومەنی کوردو نازانم چیو چی دیکەی کورد لەمشارەدا چ دەکەن؟ ، خۆ ئەگەر خەڵکی نەتەوەکانی دیکەش بەرپرس بوونایە ئەوەندەیان بۆ ئەمشارە هەر دەکرد. دواجار وتم: خزمینە قوڕاوەکە لەوەدایە ئێستا ئێمەی گەڕاوەی کەرکوکی کە بەر لە ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ئۆردوگاکانی هەولێرو سلێمانی بووین، کەچی لێرە لە شارەکەی خۆیشماندا هەر پێمان دەڵێن: ماڵە ئاوارەکانو بەرپرسانی شار بە چاوێکی نائاساییەوە سەیرمان دەکەن.

*له ژماره ٨٢٢ی ٢٠٠٩/١٠/٧ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە.



تێبەربووە، چونکە هەموو هەولێر سەروبن بکەیت خانوویەکی وا پەرپووت نادۆزیتەوە. یەکێکیتریان وتی: کاکە ئێوە ئەم مەسەلەی تەعریبە بۆ ناڵێن، خۆ ئێستاش هەر درێژەی هەیە، هەر بۆ نموونە کۆمپانیای نەوتی کەرکوك کە ژمارەی فەرمانبەرەکانی (١١٧٥٣) کەسە، کەچی (٨٦٦٢)یان عەرەبنو تەنها (٧٥٦)یان کوردن. گەنجێکیان وتی: ئەرێ بەڕاست دەڵێن: قائمقامی کەرکوك دەرگای فەرمانگەکەی داخستووەو دەوام ناکات، وەك خۆی دەڵێ: گوایە بەرپرسە حزبییەکان دەست لە هەموو شتێکی ئەمشارە وەردەدەنو لێناگەڕێن کارەکانی هاوڵاتییان ڕاپەڕێنن، تاکە چارەسەریش گۆڕینی ئەو بەرپرسانەیە.

گەنجێکیان پرسی: ئەرێ ڕاستە تا ئێستا زەویوزاری جووتیارانو هەتا خانووە داگیرکراوەکانی ناو کەرکوکیش بە فەرمی نەگەڕێنراونەتەوە بۆ خاوەنە ڕەسەنەکانیان؟، یەکێکیان پێدەچوو ئاگای لە ڕەوتی ڕووداوەکان بێ، بۆیە وتی: ئەرێ بەسەری شێخ تا ئێستا یەك بست زەوی داگیرکراوی جووتیاران بەفەرمی نەدراوەتەوە پێیان، کەچی دەزگایەکی زلوزەبەلاحیان بەناوی (هيئة الدعاوى الملكية)یان پێکهێناوەو کۆمەڵێك فەرمانبەریشیان هەیە، وەلێ هیچ!!

یەکێکیتریان کە ڕۆژنامەنووس بوو، لێی پرسیم، ئەرێ برا ئێمە هەریەکەو لە ئاشی خۆمان لێدەکەینو ئاگامان لە تۆ

لە رۆژانی رابردوودا هاوارنامەی ژمارەیەك مامۆستای تازە دامەزراوی کەرکوکی لە کەناڵە راگەیاندنەکاندا بڵاوکرایەوە، لە هاوارنامەکەدا هاتبوو: بەڕێوەبەری پەروەردەی کەرکوك غەدرێکی دیکە لە مامۆستایانی کورد لە شارەکەدا دەکات، ئەویش بە ناردنی ئەو مامۆستا کوردە تازە دامەزراوانە بۆ ناوچە عەرەبنشینەکانی وەکو حەویجەو ریازو شوێنەکانیتر، کە ئەمەش وا لەو مامۆستایانە دەکات بەدوای دامەزراندنەکەیاندا نەچنو وازبهێنن!!. هەرچەندە ئێستا دەنگۆی ئەوە هەیە گوایە لە ئەنجامی ناڕەزایی ئەو مامۆستا تازە دامەزراوانە، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی کەرکوك لەو بڕیارەی پاشگەز بۆتەوە، بەڵام هێشتا نەچۆتە واری جێبەجێکردنەوە.

لە ساڵی نوێی خوێندنی (٢٠٠٩-٢٠١٠)دا، قوتابییانی دەرچووی پۆلی شەشەمی سەرەتایی گەڕەکی (القادسیە!!)، لەبەر نەبوونی قوتابخانەی ناوەندی بە زمانی کوردی لە گەڕەکەکەیاندا، بەناچاری زۆربەیان روویان کردۆتە ئەو قوتابخانە ناوەندییانەی کە لێیانەوە نزیکن، بەڵام خوێندن تیایاندا بە زمانی عەرەبییە!!، بەمەش جارێکیتر قوتابییانی کوردی کەرکوکی بەناچاری روو دەکەنەوە خوێندن بە زمانی عەرەبی. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە گەڕەکی قادسییە چەند شوێنێك هەیە بۆ دروستکردنی قوتابخانەی قۆناخی ناوەندیو دواناوەندی، بەڵام وەکو دایکی قوتابییەك وتی: کێ دروستی بکات؟!. باوکی قوتابییەکیتری گەڕەکەکە وتی: بەڕاستی



( ١٧ )

## لە کەرکوك خوێندن بە زمانی کوردی ، بەرەو کوێ؟

جارێکی دیکە ناچارین بۆ شرۆڤە و راڤەکردنی خەمێکیتری کەرکوك و کەرکوکییەکان کە باری دژواری بواری پەروەردەو فێرکردنەو تیشك خستنەسەر ئەو بارودۆخە نائاسایی و ناڵەبارەی کە قوتابییانی کورد لە شارەکەدا دووچاری هاتوون، بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای پرۆسەی لە گۆڕنانی بەعس و رزگارکردنی کەرکوك و گەمەی حزبایەتی کە لە ئەنجامی باش یاری نەکردنی لایەنە کوردستانییەکان و نەبوونی پلانێکی واقعییانەی کوردانە، بەتایبەتیش لەلایەن هەردوو حزبی دەسەڵاتداری باشووری کوردستان و دۆڕاندنی پۆستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی کەرکوك و گرتنەبەری سیاسەتێکی حزبییانەی وەك ئەوەی هەرێمی کوردستان لەو بوارە هەستیارو چارەنووسسازەدا، بارودۆخەکەی بەجۆرێك شێواندووە کە خەمخۆرانی دەرەوەی جوغزی حزبایەتی و دڵسۆزانی خوێندنی کوردی و بواری پەروەردەو فێرکردن بە گشتی، لەم هەلومەرجەی ئێستادا بکەونە دڵەڕاوکێ و خەمەکانیان زیاتر بێت.

کوردایەتیمان کردو کەرکوکمان رزگار کرد، تازە بەتازە منداڵەکانمان بنێرینەوە قوتابخانە عەرەبییەکان؟!!، بۆیە ناچارم بۆ ئەوەی دواڕۆژی کوڕەکەم نەفەوتیٚ، یان بگەڕێمەوە ئەو شوێنەی لێیەوە هاتووم، یان بچمە گەڕەکێکی دیکەی کەرکوک و بە کرێچێتی بژێم!.

چەندین قوتابی کۆلێژی یاساش، لەبەرئەوەی مامۆستاکانیان هەموو عەرەبن و بابەتەکان بە کوردی راڤەو شرۆڤە ناکەن، بۆیە ئەوانیش بە ناچاری دوای لە دەستچوونی ساڵێکی خوێندنیان گەڕاونەتەوە بۆ کۆلێژی پەروەردە- بەشی زمانی کوردی کە تائێستا دڵنیاش نین لەبەشی زمانی کوردی وەریاندەگرن، یان نا؟! تا ئێستا بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی کەرکوک کە کابرایەکی سەربە بەرەی تورکمانییە، بەهیچ شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ بەشی کوردی و مامۆستایانی سەربە هەرێمی کوردستان ناکات و گویٚ لە داخوازی و سکاڵاکانیان ناگرێت، بە پاساوی ئەوەی ئەوانە سەربە بەغدا نین و سەربە هەرێمی کوردستانن، تا هەنووکە بەغداش بە فەرمی ئەو مامۆستا گەڕاوانەی وەرنەگرتۆتەوە!!

جێگای خۆیەتی بپرسین: کیٚ خەمێکی جیددی لە بواری پەروەردەو فێرکردن بەزمانی کوردی لە کەرکوکدا دەخوات؟

* لە ژمارە (٨٢٣)ی (٢٠٠٩/١٠/١٤)ی "ئاڵای ئازادی"دا بلاوکراوەتەوە.



( ١٨ )

## کەرکوك لەنێوان بەرداشی دڕدۆنگیی بەرپرسەکانیدا!!

خەمەکانی کەرکوك، هێندە تراژیدیو کاریگەرن، چەشنی بیرە نەوتەکانی شارەکەی لێهاتووە، نەك گۆشەیەکی پەنا لاپەڕەیەکی هەفتەنامەیەکی لەمەڕ ئەمەی خۆمان، بەڵکو ئەگەر لە هەرچوار رەخی شارەوە سەر لە خەمەکانی بژەنن، هێشتا بایی سەدان رۆژنامەو گۆڤارو دەیان رۆمانو چیرۆك خەم بەبالای خەماوی شاردا بڕاوەو چك ناکات.

خەمێکی گەورەو ترسناکی شار، کە بۆتە خولیاو ئەندێشەی دڵسۆزانو خەمخۆرانی پرسی شار، دڕدۆنگی نێوان زۆرێك لە بەرپرسەکانییەتی، بە چەشنێك هەریەکەو خۆیان بە فەرمانڕەوای موتڵەقی شار بزانن و بێگوێدانە ئەویتریان دەست لە کاروبارە تایبەتییەکانی دەزگا، فەرمانگە، بارەگا، رێکخراو، بەڕێوەبەرایەتیو چەندانی دیکەی لەمجۆرە وەربدەنو هیچ سەنگێك بۆ کاکی بەرپرسی فەرمانگەکەیتر دانەنێن!!. ئەمەی دەیڵێم نە بوختانەو نە قسە بۆهەڵبەستانیشە، خەڵکی شار ئەوانەی لە نزیکەوە هاموشۆی فەرمانگەکان دەکەن، زۆر چاك لەم راستییە گەیشتوون.

داخەکە زیاتر لەوەدایە خۆی ئەندامو دەروێشی حزبی (س)ەو بەرپرسێکی بالادەستی شاریشە، کەچی رقی لە تەختی

جێبەجێکردنی مادە بێڕۆحەکەی (١٤٠) کەرکوک بگەڕابوایەتەوە سەر هەرێمی کوردستان و شاریش سیمای کوردستانیانەی خۆی بپۆشیبوایە، لێ حەیفم بۆ شارێك (لەتیف فاتیح) وتەنی: (حوت)ەکانی حووتین، حووت!!.

شارێك تا ئێستاش (تەزکییەی حزبایەتی)و بەحزبی بوون، مەرجی دامەزراندن و بڕینەوەی مانگانەیەکی (٣٠ تا ٤٠) هەزاری بێت و پێوەری کوردایەتی و دڵسۆزێتی شار بێت. شارێك تێناگەم بۆ بەرپرسە هەرە گەورەکانی حزبە هەرە باڵادەستەکان، تا هەنووکەش لە هۆکاری ئەو متبوونی شارە حاڵی نەبوون و دەستاودەستی بەرپرسیارێتی دەستەودایەرەکان بە کەسەکانی خۆیان ناکەن، تۆ بڵێی هەر ئەوەندە لە کەرکوکدا شك ببەن، یان ئەوانیش خەمی کەرکوکیان نییەو، خمێکیشن بۆ کەرکوك و کەرکوکییەکان؟! هەربۆیەش کەرکوکییەکان بە سیمای خەماوی و هەڵوێستی نادیارەوە لە ئایندەی خۆیان و چارەنووسی شارەکەیان دەڕوانن!!

بۆیە زۆر ڕەوایە لێرەدا لە بەرپرسانی شار بپرسین: بۆ نازانن بەهەدەردانی تاکە چرکەیەك لە خۆ گنخاندن و بێ خەمیی لە خەمەکانی کەرکوك، گەورەترین تاوان و خیانەتی مێژوویی و نەتەوایەتین؟!.

* لە ژمارە (٨٢٤)ی (٢٠٠٩/١٠/٢١)ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە



ناوچەوانی بەڕێوەبەری فەرمانگەی (ص) دەبێتەوە!!، لەوەش خەماویتر، خۆی بەرپرسێکی سەربە حزبی (ع)ە، کەچی بەوی بێ، خوێنی کەللەسەری بەرپرسی فەرمانگەی (غ) بخواتەوە کە ئەویش سەر بەهەمان حزبی کوردییە!!. خوا دەمگرێ، ئەگەر بڵێم هەرهەموویان وان، لێ دەڵێم زۆربەیان.

نازانم تاچەند خوێنەری ئەم گۆشەیە چیرۆکی (مشکەکان یەکتری دەخۆن)ی چیرۆکنووس (عەزیز نەسین)یان خوێندۆتەوەو لە واتای ناوەڕۆکەکەی گەیشتوون، هەندێ لە بەرپرسە باڵادەستەکانی ئەم شارەی ئێمە (کەرکوك) کتومت لە مشکەکانی چیرۆکەکەی (دایی عەزیز) دەچن!!، هێندەیان خواردووە، مڕبوونە، بۆیە بەربوونەتە گیانی یەکتری و ئەوەی لە خەیاڵی ئەوانیشدا گوزەر نەکات، دۆزی کوردو پرسی کەرکوك و خەمی کەرکوکییەکانە.

زیندووترین بەڵگەی حاشاهەڵنەگری ئەم قسانەش، هەڵوێستە بوێرانەکەی (ئیحسان گلی) قائیمقامی ناوەندیی قەزای کەرکوکە، کە دوای دەستتێوەردانی هەندێ لە بەرپرسی حزبەکان و بەرپرسی فەرمانگە حکومییەکانی دیکەی کەرکوك لە کاروبارەکانی قائیمەقامیەتەکەیدا، بەناچاری دەرگای دایەرەکەی قوفڵداو هەڵوێستی بوێرانەی خۆی ڕاگەیاند.

ئاخر منی کوردی کەرکوکی لە کەرکوکدا چی لەو هەموو بەڕێوەبەرە کوردە حەیاتە بکەم کە لە کۆی (٨٤) بەڕێوەبەری گشتی (٤٥)یان کوردبن، خۆ ئەگەر بەوەبوایە ئێستا دەبوو بەبێ

(١٩)

## کەرکوکییەکان چۆن ئاشت دەبنەوە؟

بەڵێ، ئێستا کەرکوکییەکان لە هەموو کاتوساتێك زیاتر لە حزبەکان تووڕەو نیگەرانن، ئەو تووڕەبوونو نیگەرانییەشیان هۆکارو دەرهاویشتەی تایبەتی خۆی هەیە، بەر لەهەر شتێك پرۆسەی بەزۆر حزباندنو لە قالبدانی تاکی کوردی کەرکوکی لەلایەن حزبە کوردستانییەکانەوەو داهێزراندنی گیانی نەتەوایەتیو یەکێتی نەتەوەیی لە شارەکەدا، بەرنامەیەکی پێشینەو ترسناکی هەیەو درێژەدانە بەو سیاسەتە چەوتو نا نەتەوەییانەیەی کە لەدوای راپەڕینەوە لە باشووری کوردستاندا پەیڕەو و پیادە کراوەو رێکخستنە حزبییەکانی بۆ سازو ئامادەکراوەو رێگەش بە جەماوەر نەدراوە لە دەرەوەی ئەو جوغزە حزبییە بەرتەسکە، ژیانێکی ئابڕومەندانە بگوزەرێنێت، چۆن؟

هەر تاکێکی کوردی کەرکوکی ئەگەر سەر بە حزبێکی دیاریکراو، زۆر بەتایبەتیش هەردوو حزبی بالا دەست لە



شارەکەدا نەبێت، زۆر ئەستەمە لایەکی بەخێری لێبکرێتەوەو لەو هەڵکشانو داکشانەی خێراتی حزبی لە زەوی دابەشکردنو مووچە بۆ بڕینەوەو پینەو پەڕۆکردنەوەی خانوبەرەو وەرگرتنی پۆستی جیاواز لە فەرمانگەکان شتێکی ئەوتۆی پێببەخشن کە شایەنی باسکردن بێت. ئەمە راستییەکە کەس ناتوانێت نکوڵی لێبکات.

کەواتە زۆرینەی تاکی کوردی کەرکوکی لەو جیاوازی کردنەی نێوان کەرکوکییە حزبییەکانو کەرکوکییەکانی دەرەوەی حزبەکان، بێزارو نیگەرانن، چونکە ئەو رەوشە بەرەو ئاراستەیەك دەڕوات کە ئایندەیەکی ترسناکی لێ بەرهەم دێت. لەبەرئەوەی حزب هەموو کایەکانی ژیانی بۆ خۆی قۆرخو پاوان کردووە.

ئەوە یەکێتی مامۆستایان، ئەوە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە، ئەوە فەرمانگە فەرمییەکانی حکومەت، ئەوە فدراسیۆنی رێکخراوەکانی بەناو کۆمەڵگای مەدەنی، ئەوە بنکەو سەنتەرە رۆشنبیرییەکان، ئەوە مەڵبەندە هونەرییو مۆسیقیو یانە وەرزشییەکان، ئەوە یەکێتی جووتیارانو کرێکارانو خوێندکارانو قوتابیانو ژنانو ئافرەتانو ئەوانیتر، هەر هەموویان پابەندو گوێڕایەڵی حزبنو بە موو لە بڕیارەکانی حزب لانادەن، جا ئەگەر سەرجەم کایە زیندووەکانی ژیانی رۆژانەی تاکەکانی کەرکوك وابەستەی حزباندن کرابێتو لە

گۆشەنیگایەکی لێڵو تەڵخەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێتو هەموویان خرابێتنە ژێر بڕیاری حزبەوە، هەمووشمان دەزانین لەم باشووری کوردستانەدا ئەوەی دۆستو ئەندامو لایەنگری حزب نەبێت، چۆن لەسەرجەم کایەکانی ژیان تووڕ هەڵدەدرێتو بۆی نییە خۆی بە هاووڵاتی ژمارە یەك ئەژمار بکاتو هەمیشە وەکو هاووڵاتییەکی ئاسایی بەترسو دڵەڕاوکێوە داوای مافە ڕەواکانی خۆی دەکات.

بەڵگەی زیاتریش بۆ ئەم ڕاستییانە، هەر ڕێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنی لە شارەکەدا، ئەگەر سەر بە حزبێکی دیاریکراو نەبێت، ئەوا مەگەر ڕێکخراوە خێرخوازە بیانییەکان، هەندێ هاوکاریو یارمەتی بدەن، ئەگەرنا چاوی بە دینارێکی قەڵپیش ناکەوێت.

ئەو پرۆسە سەقەتەی کە بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانو دوور لە هەموو پلانو ئامادەسازییەکیش بەڕێوەچوو و ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەردەوامە، بەڵگەو ڕاستییەکی دیکەی ئەو نیگەرانیو تووڕەبوونەی خەڵکی کەرکوکن، چونکە کاتێك خانوو بۆ لادێییەکان دروست دەکرێت، ئەوەی حزبی نەبێت، بۆی نییە داوای یەك بلۆکیش بکات، جگە لەوەش کاتێك چەند خانوویەك بۆ گوندێکی دیاریکراو دروست دەکرێت، هیچ خزمەتگوزارییەکی بۆ دابین ناکرێت، وەکو قوتابخانەو تۆڕی ئاو و کارەباو ڕێگەوبانو پێداویستییە خزمەتگوزارییەکانیتر،



بەمەش ئەوەی خانووشی بۆ دروست دەکرێت ناتوانێ بگەڕێتەوە گوندەکەی.

ئەمانەو چەندین بەڵگەی زیندوویتر کەرکوکییەکانی تووڕە کردووە، ئەی چی بکرێت بۆ ئەوەی ئاشت ببنەوە؟ پێموایە بە دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ تێکڕای ئەو کێماسییانەی سەرەوە، کەرکوکییەکان ئاشت دەبنەوەو خۆیان بە هاووڵاتییەکی کەرکوکی ئاسایی دەزانن. هەرچەندە زۆر ئەستەمە حزبەکان بتوانن ئەو گەورەییە بنوێنن!!

* لە ژمارە (٨٢٥)ی (٢٨/١٠/٢٠٠٩)ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە

حزبە کوردستانییەکانیش لە کەرکوکدا ناوی ئاوارەی لێناون و هەر بە ئاوارەش دەیانناسنەوە!!

ئەو ئاوارانە، هێشتا زۆربەیان لە ئۆردوگاکاندا ماونەتەوەو کەمێکیان لێگەڕاونەتەوە کەرکوك و دەوروبەری، هۆکاری نەگەڕانەوەشیان بۆ سەر زێدی باوباپیرانیان، وەك خۆیان دەڵێن: بگەڕێینەوە کوێ؟، چۆن و بە چ ئەقڵێك جارێکیتر خۆیان ئاوارە بکەنەوەو منداڵەکانیان لە خوێندن بێبەش بکەن؟، ئەوان ئەگەر بەعس بێسەوادو کۆڵەواری کردن، چۆن ڕێگە بەخۆیان دەدەن، منداڵەکانیان وەکو خۆیان بێسەواد بن؟!

لەم هاشوهوشی ئینتیخابات و شەڕە دەنووکەی برا چاوڕەشەکانمان لە پایتەختی عروبە لەسەر وازهێنانمان لە کەرکوك، حزبە مۆدێرنەکانمان تەنگەتاو بوونەتەوەو ئێستا خۆیان بە خزمەتکاری پیرەژنێکی هەشتا ساڵە دەزانن، هەندێ لە کادیرەکانیان ئامادەن، پیرەکان بە کۆڵی خۆیان بهێننەوە بۆ کەرکوك، بۆچی؟.. بۆ ناونووسکردن و پرۆسەی گەمارۆسازی و ژمارەدانان!، ئەگینا کێ هێندە دڵسۆزی مرۆڤە کەنەفت و بەساڵاچووەکانە؟.. کێ بێزی دێ لەکاتی شێنەیی و دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەکان، (تەقولباب)ێکی دەرگای پیرەژنێك، یان پیرە پیاوێکی کەنەفت و بێکەس بکات؟

ئەمجارەش ئۆباڵ بە ئەستۆی ئەو کادیرە مۆدێرنەی بۆی گێڕامەوە، کاتێك وەکو لیژنە چووبوونە یەکێك لە ئۆردووگاکان



( ٢٠ )

## حزبەکان، تەنها لە کاتی هەڵبژاردندا ئاوارەکانیان لەبیرە!

ئاوارەکان، بەو کوردانە دەڵێن کە ڕژێمی داگیرکەرو شۆڤێنیستی بەعس لە ناوەڕاستی هەشتاکان بەدواوە لەسەر زێدی باوباپیرانی خۆیان رایگواستن و گوندەکانی خاپوورکردن و زەویوزارە کشتوکاڵی و ڕەزوباخەکانیشیان درانە عەرەبە داگیرکەرەکان. ئەوکاتە زۆربەی ئەو ئاوارانە لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی سنووری هەولێرو شارەکانی دیکە گیرسانەوە، هەتا ڕژێمی بەعس مابوو، ئەوانە بە ئاوارەی کەرکوکی ناوزەد دەکران و دەناسرانەوە، کەچی دوای نەمانی ئەو ڕژێمە هاروهاجەو دوای گەڕانەوەیشیان بۆ نێو شارو شارۆچکەکانی خۆیان، هەر بە ئاوارەی کەرکوکی بانگیان دەکەن، هەتا خودی

بۆ ئەوەی بە ئاوارەکان بڵێن: دەبێ بەزووترین کات بچنەوە کەرکوك بۆ ئەوەی لەو ناونووسینە بێبەش نەبن‌و دواڕۆژیان نەفەوتێ. پیرەژنێکی گۆچان بەدەست پرسیاری لێکردبوون کە ئێوە کێن؟، ئەوانیش وتبوویان: (نەنە ئێمە لیژنەی...)، پیرەژن نەیهێشتبوو کاکی بەرپرسی لێژنە قسەکەی تەواو بکات، پێی وتبوون: ئەها... بەڕاست دیسان بەزمی هەڵبژاردنە، ئەیەڕۆ کوێربم، بەو خوایە نەمزانی!!. کاکی بەرپرسی لێژنە لە خۆشیاندا هێندەی نەمابوو فرمێسك بەچاوەکانیدا بێتەخوارێ، چونکە بەستەزمانە ئەو بۆ خۆی کەسێکی دڵسۆزو بێئاگایەو وایزانیبوو نەنە پیرە لە پەرۆشی بۆ دەنگدان وایوتووە، بێئاگا لەوەی کە پیرەژن بەتەوسەوە وایپێوتبوون!! ئێستا ئاوارەکان لە هەموو کاتێك زیاتر لە حزبەکان تووڕەو دڵگرانن. من نازانم ئەندامی ئەو لێژنانە چۆن لە ڕوویان دێت بە ئاوارەیەکی ئۆردووگا زۆرەملێیەکان بڵێن: تۆ کەرکوکیت‌و دەبێ بێیتەوە لە کەرکوك خۆت ناونووس بکەیت، لەکاتێکدا کە هێشتا بۆ زۆربەی هەرە زۆریان هیچ نەکراوە. ڕاستە پێویستە هەموو کەرکوکییەك لەخۆبوردووانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا بکات‌و ئایندەی خۆی نەکاتە قوربانی ڕق‌و تووڕەبوونێکی کاتی لە حزبە کوردستانییەکان. هەروەك‌و ئاوارەیەك دوای مشتومڕو گفتوگۆیەکی چڕوپڕ لەگەڵ یەکێك لەو لێژنانە وتبووی: ئێمە دێینەوە خۆمان ناونووس دەکەین‌و دەنگیش بۆ کەرکوك دەدەین، بەڵام نەك لەبەرچاوی کاڵی ئێوە،



بەڵکو ئێمە دڵنیایین گەل‌و کەرکوك‌و کوردستان دەمێنن‌و ئێوەو ئەوانەی تەنها لە چاویلکەی تەڵخی بەرژەوەندی تایبەتی خۆتانەوە لە هەڵپەدان، ڕۆژێك دێت شکست دەخۆن‌و دەبنە ڕابردوو.

کەواتە ئاوارەکان، بەوانەی کەرکوك‌و بەوانەی هێشتا لەدەرەوەو دووری زێدی خۆیاندا ژیان دەگوزەرێنن، پەرۆشی شارەکەیانن، بەڵام زۆریش لە حزبە کوردستانییەکان تووڕەو نیگەرانن!!

* لە ژمارە (٨٢٦)ی (٢٠٠٩/١١/٤)ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە.

(رەشماڵ- خێمە) نەدەبوونو (٣ تا ٤) قوتابی لەسەر یەك تەختە دانەدەنیشتن!!.

ئەوا گریمان بەغدا لەسەر ئاستی پەرلەمانو حکومەتیش هاوکاریی کەرکوكو کەرکوکییەکان ناکات، گوایە ترسی ئەوەی هەیە لەدەستیان دەچێو دەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەی باشە بۆچی حکومەتی هەرێم تەواوی پێداویستییەکانی قوتابخانەکان دابین ناکاتو فشاری زیاتر ناخاتە سەر حکومەتی بەغدا بۆ پەلەکردن لە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)؟!، وەکو بەرپرسێکی پایەبەرز راشکاوانە لە دانیشتنێکدا رایگەیاند: حکومەتی هەرێم بۆیە ساردە لە کاری خزمەتگوزاری لە کەرکوك، چونکە ترسی ئەوەی هەیە شۆڤێنیستەکان رێگە نەدەن کەرکوك بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان!!، جا ئەگەر ئەمە بەڕاستی وابێتو حکومەتی هەرێم لەبەر ئەم فاکتەرە لە دابینکردنی تێکڕای پێداویستییەکانی خەڵکی شارەکە شلوخاوی بنوێنێت، ئەوکاتە مەترسییەکە لای کەرکوکییەکان چەند قات دەبێتەوەو ترسو دڵەڕاوکێ زیاتر لە ناخی تاکەکانیدا چەکەرە دەکات.

زۆر دڵنیام ئێستا هەندێك لەوانەی کاروباری پەروەردەی کەرکوك بەشی کوردییان لەبەردەستدایە، بەم قسانە تووڕە دەبنو دۆو دۆشاو تێکەڵ دەکەن، بەڵام هەر کەسێك (قوتابخانەی ئەلەندی سەرەتایی) ببینێت کە چۆن زیاتر لە



( ٢١ )

## بیری نەوتو رەشماڵی ( پۆل )!!

کەرکوك کە لە ئێستادا بۆتە خاڵی یەکەمی ناکۆکییەکانی نێوان پێکهاتەکانی عێراقی بەناو دیموکراتیو وەك دەڵێن: سەرجەم پێکهاتەکان لە خۆشی بیرە نەوتەکانی خەنی بوونو بەهەر شێوازێك بێت دەیانەوێ چڕنووکی لێگیربکەنو ئەوانیش وەکو پێشینەکانی خۆیان جارێکیتریش لەسەر خوانی کوردان، ورگیان تێر بکەنو خانەخوێش زەققەی چاوی بێت!!

کەواتە کەرکوك خاڵی مەبەستە، لێ لە راستیدا هیچ یەکێك لە لایەنەکان بە خودی لایەنی کوردستانیشەوە، هێندە پەرۆشی کەرکوكو کەرکوکییەکان نین، بەڵکو هەر هەموویان لە چوارچێوەی کۆکردنەوەی دەستکەوتی زیاتر شەڕ لەسەر بیرە نەوتەکانی کەرکوك دەکەن، ئەگەرنا تا ئێستاو دوای زیاتر لە شەش ساڵو نیو، هەندێ لە پۆلەکانی قوتابخانەکانی کەرکوك

بەرپرسێکیشدا نییە. ئەمانە هەموویان هۆکارن بۆ دەرئەنجامێکی تاڵی لەم چەشنە کە پێموایە هێشتا نەچووە بچێو دەکرێت هەر حزبەو لە ئاست خۆیەوەو دوور لە سیاسەتی تەسکی حزبایەتی کەرکوک بکەنە دروشمی سەرەکیو راستەقینەی نەتەوەییانەی خۆیانو وا بە ئاسانی کۆڵ نەدەن!!

* لە ژمارە (٨٢٧)ی (٢٠٠٩/١١/١١)ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە



چوار قوتابی لەسەر یەک تەختە دادەنیشنو هەندێک قوتابی بەستەزمانیش هەر جێگای دانیشتنیشیان نییەو لەناو (خێمە)ش وانە دەخوێنن، ئەو راستییانەیان بۆ دەردەکەوێتو تووڕەبوونی هەندێ لە بەرپرسانی پەروەردەش بە بادا دەچێت!!.

راستە حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری بۆ کەرکوک کردووە، بەڵام لە ماوەی ئەو شەش ساڵو نیوەدا دەتوانرا زۆر لەوە زیاتر بۆ کەرکوک بکرابوایە، هەرنا سیمای کوردانەی شارەکە فەرامۆش نەکرابوایەو خوێندن بە زمانی کوردی زیاتر خەمی لێبخورابوایەو زۆر لایەنی فەرامۆشکراوی دیکە هەن بە فەرامۆشکراوی نەدەهێڵرابانەوە.

خوێنەری هێژا! پێت سەیر نەبێت، منداڵە کوردێکی ئاوارەی کەرکوکی لەم سەدەی بیستویەکەمەدا لە شاری (زێڕی رەش)، ئەو شارەی کە هەمیشە نەوتەکەیو زەویوزارە کشتوکاڵییەکانی خێروبەرەکەت بوونە بۆ دژو دوژمنەکانیو دەردو بەڵاش بوونە بۆ خەڵکە رەسەنەکەی، بەوجۆرە بخوێنێو بەو شێوازە بژێت.

جارێکی دیکەش دەیڵێمەوە: ئەم گلەییو گازاندانە هەر هەموویان دەرئەنجامی ئەو سیاسەتی حزبایەتییەن کە کوردان لە کەرکوکدا پەیڕەو و پیادەی دەکەنو پرسی یەکێتی نەتەوەییو سازدانی جەماوەر بۆ پێشهاتو رووداوە لە ناکاوەکان هەر بیریشیان لێناکرێتەوەو لە خەیاڵی هیچ

به بۆچوونی تۆی خوێنەر، ئێمەمانان راستین‌و لەسەر هەقین، یان ئەوانەی خاوەن دروشمی دەست به کڵاوەکەتەوە بگرە، با نەیبا؟

سەیر لەوەدا بوو، لەگەڵ ئاشنایەکی خۆمدا کە بەرپرسیارێتیی لە حزبێکی دەسەڵاتداریشدا هەیە، سەرقاڵی ئەم مشتومڕە بووین، زەنگی مۆبایلەکەم لێیداو خزمێکی هەردووکمان دوای حاڵ‌و ئەحواڵ پرسین، پرسیاری ئەوەی لێکردم کە (رێبازی برای دەرچووی پارساڵی کۆلیژەو لەبەرئەوەی فۆرمی خۆراکەکەی کەرکوکەو هەولێر نییە، وەکو هاوڕێکانی دایاننەمەزراندووە، بۆیە ئەگەر دەرگای دامەزراندن لە کەرکوک کرایەوە، هەواڵێکی بدەینێ‌و هەوڵێکیشی بۆ بدەین). منیش هەر بە ئەنقەست‌و بۆ ئەوەی ئاشناکەم گوێی لە پرسیارو داواکارییەکەی ئەو خزمەی هەردووکمان بێت، مۆبایلەکەم خستبووە سەر دەنگی دەرەکی (صوت خارجي).

بەڕاستی پەیوەندیکردنی ئەو خزمە لە کاتێکی زۆر زێڕیندا بوو، چونکە ئەو ئاشنا کەرکوکییەی کە لەگەڵمدا لە مشتومڕەکەدا بوو، بە گوێ لێبوونی ئەو قسانە حەپەسا!!، بە سەرسوورمانەوە وتی: چۆن شتی وا هەیە؟، بۆ هەولێری چییەو کەرکوکی چییە؟، کوردستان هەر کوردستان نییە؟!. ئیدی هەر خۆی دەستی پێکردو وەک ئەوەی بڕیاری دامەزراندنی کەرکوکییەکان بەدەستی من بێت، رووی تێکردم: باشە ئەمانە



**( ٢٢ )**

## خەمێکی دیکەش یەخەی گرتین!!

ماوەیەکە چەند بەناو دۆست‌و برادەرێک تەوژمی ئەوەیان بۆ هێناوم کە: (تۆ چیتداوە لە کەرکوک. خۆ کەرکوک موڵکی باوکی تۆ نییە؟. سەرت نایەشێت‌و پەرۆی تێدەئاڵێنی. نووسینی گۆشەکەت زۆر بێ ئینسافانەیەو توندە!، تۆ کە مەترێک زەوی چوارگۆشەت لە هەموو کوردستان نییە بۆچی وا خۆت بۆ کەرکوک تێکداوە؟، هەزار هێندە خەم بخۆیت تازە کەرکوک چوو، ئەمانەو چەندین وردە هەڕەشەو جنێویشی سەربار)، تەنها بۆ ئەوەی منیش (دەست بە کڵاوەکەی خۆمەوە بگرم، با نەیبا!!)و لە ترسی ئەوەی نەوەکو ئێمەش وەکو هاوپیشە شەهیدەکانمان، لە ئێوارەیەکی ناوەختدا قوربانی دەستڕێژێکی گوللەمان بکەن‌و هەولێری وتەنی: (لە تری سەی بڕۆین!!).

ئاوڕێك له قوتابييه دەرچووه كەركوكييەكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستان بدەنەوەو حسێبی كوڕو كچەكانی خۆتانيان بۆ بكەن، بە چلوچوار هەزار پێغەمبەر ئێمەی كەركوكيش كوردين و كوردستانين!!

* له ژماره (٨٢٨)ی (٢٠٠٩/١١/١٨)ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوكراوەتەوە.



زۆر سەيرن، ئەوا گريمان لەبەر پاراستنی ئاسايیش و له ترسی تەقينەوه رێگه به ئۆتۆمبيلی كەركوكييەكان نادەن بەبێ مۆڵەتی تايبەت بچنە ژوورەوە، ئۆتۆمبيل و خانوبەرەو زەويمان لەسەر تاپۆ ناكەن، تاكو بگەڕێينەوه بۆ كەركوك، نازانم چی و چيمان بۆ ناكەن، قەيناكاو سندانمان لێدا، هەمووی بە رێی خۆی، ئەی باشە دانەمەزراندنی كوڕ، يان كچە كەركوكييەكی دەرچووی زانكۆ لەپای چی؟!.. منيش بۆ خۆم گوێم بۆ هەڵخستبوو، جارناجارێك هەر بە سەرلەقاندنەوه پێيم رادەگەياند، ئەی من چی دەڵێم و چی دەنووسم و گۆشەی خەمەكانی كەركوك هەر لەخۆڕا نييە. هێندەی نەمابوو، دۆو دۆشاو تێكەڵ بكات و ئەوەی ناوترێت بيڵێ، بەڵام زەنگێكيتری مۆبايلەكەم زنجيرەی بيركردنەوەی پچڕاندو نققەی لێبڕی!. دوای ئەوەی زانيم كێيە، دەنگی مۆبايلەكەم كردەوەو ئەوەی پەيوەنديشی كرد، برادەرێكی ديكەی كەركوكی بوو، هەواڵی وەرنەگرتنی كچانی دەرچووی ناوەنديیە كورديیەكانی كەركوكی پێڕاگەياندم كە لە پەيمانگای مامۆستايانی كچان، تەنها ئەو قوتابی و خوێندكارانە وەردەگرن كە دەرچووی قوتابخانە عەرەبييەكانن، نەك كورديیەكان، بە بيستنی ئەم هەواڵە، هێندەی نەمابوو تەوژمی خوێنی بەرزبێتەوەو بەسەرمدا ساغبێتەوە!!.

ئيدی ئەويش هاوشانی من و خەمەكانی كەركوك هاتينە گۆ: ئەری بەرپرسانی كوردستان، پەرلەمان، سەرۆكی هەرێم، حكومەت، دڵسۆزان: نە سياسەتكردن وادەبێت و نەخەباتيش،

کێشـەیە یـەکلایی بکەنـەوە، بـەڵکو قوتابخانەیـەك بـۆ منداڵـە چاوگەشەکانی کورد لەو گەڕەکە دروست بکرێت.

* حزبـە بچـووکەکانیش رەنگـی حـزب دەکەنـە پۆشـاکی قوتابییان!!

لە یەکێك لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی کەرکوك کە پارساڵ دەستەی بەڕێوەبردنی قوتابخانە (عەیب نەبێ!) لەلایەن حزبێکی باڵادەستەوە دەستی تێوەردراو گۆڕانکاری لە دەستەی بەڕێوەبردنیدا کراو مامۆستایەکی سەربە حزبێکی خاوەن خەباتی لە مێژینەیان کردە قوربانی بۆ مامۆستایەکی ئەندام حزبێکی لە دایکبووی دۆخی شەڕی ناوخۆ، ئەویش نەیکردە نامەردی، هەر لەگەڵ دەستبەکاربوونیدا، یەکسەر رەنگی پۆشاکی قوتابییانی قوتابخانەکەی -کە بەپێی رێنماییەکانی پەروەردەو رەنگی باو، دەبێ یان رەساسی، یاخود نیلی بێت- گۆڕی‌و کردییە هەمان رەنگی ئاڵای حزبەکەی!!، دوای ناڕەزاییەکی زۆرو بڕیاری پەروەردەی کەرکوك بەشی کوردی بە گۆڕینی رەنگی پۆشاکی قوتابییان بۆ دۆخی ئاسایی خۆی، لێ هێشتا بڕیاری رەنگە حزبییەکە چاوشارکێ لەگەڵ قوتابییان‌و خانەوادەو پرسی پەروەردەی کەرکوك دەکات!!.

* دەوامکردن بە شەرتی تاك و جووت!!

لە قوتابخانەیەکی دیکەی کەرکوك -ڕاپەڕینی یەکی ئێستاو قادسیەی یەکی جاران- قوتابییانی قوتابخانەیەك لەم



( ٢٣ )

## خەمی خوێندنی کوردی

### بۆ ئەوانەی ماڵیان وێرانکردین، شوێنێك نییە بۆ قوتابخانە!

* دوای خستنەڕووری نەبوونی ناوەندییەك بۆ خوێندنی زمانی کوردی‌و کەمی قوتابخانەی کوردی لە گەڕەکی ڕاپەڕینی یەك‌و ئەوانیتر، پەروەردەو دڵسۆزانی شار وەخۆدەکەون‌و بەپێی پێگەی جوگرافی گەڕەکەکە بۆ دروستکردنی تەلاری قوتابخانەیەك، شوێنێکی چۆڵ‌و باش دەستنیشان دەکەن، لێ دوای ئەوەی دەچنە شوێنەکە دەبینن لە پارچە پلێتێکدا نووسراوە: ئەم زەوییە گیراوە بۆ (.......!!)، کەمێ ئەولاتر: ئەمەیان بۆ فرۆشتنەو نرخی (١٧) ملیۆن دینارە!!. تۆزێك ئەولاتر: بەبێ ئاگاداریی فلان، بۆ کەس نییە دەستکاریی بکات!!. دەبوایە یەکشەممە (٢٠٠٩/١١/٢٢) هێزێکی پۆلیس بە هەماهەنگی لەگەڵ خەڵکانی دڵسۆزو لایەنی پەیوەندیدار، ئەم

سەردەمی عیلمو عەولەمەیەدا بەپێی سیستەمی بیرکاریی (تاك و جووت) دەوام دەکەن، واتە پۆلەکانی (یەکەم، سێیەم، پێنجەم) لە دەوامێكو پۆلەکانی (دووەم، چوارەم، شەشەم) لە دەوامێك!!، هەرچەندە ئەمجۆری دەوامکردنە ناڕەزاییەکی زۆری لای هەندێك لە مامۆستایانو قوتابییانو خانەوادەکانیان دروستکردووە، چونکە بۆتە هۆی کێشە بۆ خانەوادەی هەندێك لە قوتابییان کە ڕۆڵەی خانەوادەیەکنو دەیانەوێ پێکەوە لەیەك دەوامدا بن، لەبەر زۆر هۆ: لەوانە باری خەراپی ئاسایشی شارەکەو دووری قوتابخانەکانو..تاد. ئەمە نەك لەبەرئەوەی ژمارەی مامۆستاکان کەم بن، بەڵکو بڕیارێکەو دراوەو پاشگەزبوونەوەی بۆ نییە، هەوڵیشدراوە دەوامەکەی وەکو خۆی لێبکرێتەوە، بەلام...!!

* پەنجا بە پەنجا، تا ئێستاش بەردەوامە!!

چۆن سیاسەتی پەنجا بە پەنجا (فیفتی فیفتی)ی دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ لە باشووری کوردستانو نێوان هەردوو حزبی برا، بە قوڵایی مۆخماندا چۆتەخوارێو تەڕو وشکی پێکەوە ئاورداوە، کەچی ئەوە نەبووە وانەیەکی مێژووییو پەندیشی لێوەرنەگیرا. ئەوەتا تا ئێستاش ئەو فیفتی فیفتییە لەسەرجەم کایەکانی ژیان -ئەو کایانەی حزب تیایاندا باڵادەستە، واتە هەموو کایەکانی ژیان-، ئەم ڤایرۆسە یەخەی بەرنەداوینو زۆرجار دەستپێشخەرییەك کراوە، لێ لەبەر خاتری



شکستهێنانی ئەو سوێندی پەنجا بە پەنجایە، دەستپێشخەرییەکە دەستی بە روودانراوەو لە پشت بەرژەوەندیی باڵای گەلەکەمانەوە کەلەپچە کراوە!!.

گەلۆ ئەمانە (مشتێکن لە خەرواری خەمەکان) کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خەمە ژیاریو چارەنووسسازو نەتەوایەتییەکانمان ئاڵۆزو ئاڵۆزتر دەکەن، تۆ بڵێی دڵسۆزێك لەم نیشتیمانە مابێ لە دژیان بێتە دەنگ؟!

* لە ژمارە (٨٢٩)ی (٢٠٠٩/١١/٢٥)ی "ئاڵای ئازادی"دا بلاوکراوەتەوە.

(هەردوو حزبی باڵادەست) لە کایە کاریگەرەکانی پێکهاتەی شارەکە، کە دەچێتە خانەی جەنگی دەروونیی ناوخۆوە، دۆخەکە قرێژاویتر دەکەن. بۆ نموونە: لەمڕۆژانەدا هەر لە چوارچێوەی ئەو جەنگە دەروونییەدا لە یەکێك لە شارۆچکەکانی سەربە کەرکوك، بەڕێوەبەری ناوەندییەکی خوێندنی کوردی لادەدرێت کە لە یەکەم هەنگاوی رووخانی پرۆسەی بەعسەوە، واتە زیاتر لە (٦) ساڵە بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو بووەو ئێستا مامۆستایەکی قوتابخانەکەی خۆی کە سەربە حزبەکەیترە لە جێگای دانراوە!!

خۆ ئێستا ئەگەر لە هەر کادرو بەرپرسێکی حزبی لە هۆکاری ئەم لادانە بپرسیت، بەتایبەت حزبییەکانی ناو کایەی پەروەردە، دەمودەست دەڵێت: ئەوە بەرژەوەندیی گشتیی وایخواستووە!، ساڵانێکە ئەم زاراوەی (بەرژەوەندیی گشتییە) کە زاراوەیەکی ناڕاستو هەڵبەستراوەو زادەی کێڵگە پڕ لە دڕکەزییەکەی بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتییەو کایە زیندووەکانی ژیانی کۆمەڵگاکەمانی ئیفلیج کردووەو تادێش زیاترو زیاتر تەشەنە دەکات.

شەوی حەوت لەسەر هەشتی کانوونی یەکەم لە بەغداش، شکستێکی گەورەی دیکەمان خواردو بەناچاری بە پێدانی ژمارە کورسییەك رازییان کردین، گوایە گەورە بڕیاربەدەستەکان وایانویستووە، کەچی خۆمانیش لەم کەرکوکی ویرانو



## ( ٢٤ )

## پیلانی دژەکانو شەڕی دەروونیی خۆمان!!

## (با ئەم خەمەیان، خەمی سەرۆکی هەرێم بێت)

تادێت عێراقی دوای سەدام، بە کێشەو ململانێ چینایەتیو نەتەوایەتیو ئایینیو مەزهەبییەکان، بارگاویترو ئاڵۆزتر دەبێت، لەو نێوەندەشدا پرسی کەرکوك وەکو شارێکی داگیرکراوی باشووری کوردستانی بەزۆر لکێنراو بە عێراقی عەرەبییەوە، قەیراناویترو تەمومژاویتر دەبێت.

پیلانو گێچەڵەکانی دژو دوژمنەکانی کورد لەلایەكو گەمە قێزەونە حزبایەتییە بێسەروبەرییەکەی حزبەکانیش لەلایەکی دیکەوە، مۆریکانەئاسا بەربوونەتە جەستەی داهێزراوی شارو پیرو کەنەفتیان کردووە!.

پیلانو گێچەڵەکانی دژو دوژمنەکانی کورد هەرچییەك بنو لە هەرکوێیەکەوە سەرچاوەیان گرتبێ هەروەی!!، لێ گەمە سەقەتو قێزەونەکەی بەرژەوەندیی حزبایەتیی خۆمانە

ئەرێ گەلۆ! دەبێ ئەم شەڕە دەروونییەی نێوان خۆمان کەی کۆتایی پێبێت و پێکەوە –هەموو پێکەوە– ئەم ئەزموونەی باشووری کوردستان، بگەیەنینە بەندەری ئارامی و دوور لە تەزکییەو شەڕە کورسی و دەسەڵاتی حزبایەتی بە ئارامی بژین؟

* لە ژمارە (۸۳۰)ی (۲۰۰۹/۱۲/۲)ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە.



کاولکراوە، هەر خەریکی وازییە منداڵانەکەی بەرژەوەندیی حزبایەتین و دژو دوژمنەکانمان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی پرۆسەی پیلانگێڕییمان لەسەر پیادە دەکەن و ئەزموونەکەمان لە باشووری کوردستان بەرەو ئاقارێکی نادیار دەبەن، تۆ بڵێی کەی حیزب بەرژەوەندیی نەتەوایەتی بخاتە سەرووی بەرژەوەندیی خۆیەوە، وەڵامی ئەمە هەرگیز لای ئێمەی رۆژنامەنووس نییە، بەڵکو لای بڕیاربەدەستەکانی کوردستانە.

نازانم چەند کەرکوکی، لە مووچەخۆرەکانی دەوڵەت ئەو فۆرمەیان پڕ کردۆتەوە کە داوای زانیارییان لێدەکات، هەموو داواکارییەکان داواکاریی ئاسایین، تەنها ئەوە نەبێ کە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو پارێزگایەی تێیدا فەرمانبەریت، بۆ ئێمەی کەرکوکی بە (ئیجباری) دەبێ لەجیاتی پارێزگای کەرکوک بنووسین (التامیم)، چونکە ناوی سەرجەم پارێزگاکانی تیایەو کەرکوک بە (التأمیم) ماوەتەوە!!.

ئەرێ دەبێ کێ لەم بێئاگاییە بەرپرسیار بێت؟، پەرلەمانتارە کوردەکانی بەغدا، یان پارێزگارو سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی کەرکوک و ئەو برا حزبییانەی کە بەوپەڕی توندڕەوییەوە داکۆکی لە بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی دەکەن و بشیانکوژیت دەسبەرداری بەشە حزبایەتیی خۆیان لە بواری پەروەردەو فێرکردن نابن!!

بەوپەڕی ورەبەرزیو خۆڕاگرییەوە، روومان لە شاخ دەکردو چەکی ئەوکاتەی شەرەفی پێشمەرگایەتیمان لەشان دەکردو میرکوڕو سوارچاکی مەیدانیٚ بووینو خەومان بە رۆژێکەوە دەبینی کە رژێم بڕووخێتو شۆڕش سەربکەوێتو لە نیشتیمانی خۆماندا سەربەستانە بژین.

زۆرێك لەو لاوە خوێنگەرمو پێشمەرگانەمان هەر لەسەردەمی شۆڕشی چەکداریی بزاڤی رزگاریخوازی گەلەکەماندا، شەرەفی نەمرییان پێبڕاو بوونە چراخانی شەوە تاریکەکانی ئایندە.

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانیش وەکو حزبە کوردستانییەکانی دیکەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، شەرەفی بەشداربوونی کۆمەڵێك لەو گەنجە کەرکوکییانەی پێبڕا، چ ئەوانەی بوونە پێشمەرگەو چ ئەوانەی سەربەرزانە تا دوا ساتەکانی راپەڕین خۆیان راگرتو تا رووخانی بەعسیش لەنێو شەوەزەنگی دەسەڵاتی بەعسدا خەونیان بە ئازادکردنی شارەکەیانەوە دەبینیو دەرئەنجام بینیانیش. رۆژی (١٢/١٢)ی هەموو ساڵێك، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، ساڵیادی خۆی دەکاتەوە، ئەمساڵ (٢٤)ەمین ساڵیادی بوو. ئای لەو رۆژە سەختانەی ئەم حزبە تیایدا چاوی بۆ خەبات هەڵهێناو بە بیرێکی پێشکەوتنخوازانەوە، بانگی ئازادیو دواڕۆژێکی پرشنگداری لە باشووری کوردستان راگەیاند. لیٚ وەکو حزبە کوردستانییەکانی دیکە، ئەویش راپێچی نێو شەڕی براکوژی



( ٢٥ )

## کەرکوکییەکانو حزبی زەحمەتکێشانو هاتنەدیی خەونێك

ئەو کاتەی لە سەرەتای هەشتاکاندا ئێمەی کەرکوکییەکان، تازە چرۆی بەهاری تەمەنمان لە پشکووتندا بوو، زۆرێك لەوانەی تەعریبو راگواستنو قەدەغەکردنی کورتەكو شەرواڵو داگیرکردنی گوندەکانمان لەلایەن زڕبرا چاوگەشەکانمانەوە، کیچ ئاسا لە کەوڵمان وەربیبوو، هەریەکەو لە رێکخستنی نهێنیو ناوشاری حزبێك - یەکێتی، سۆسیالیست، شیوعی، پارتی، پاسۆك، بێلایەن- بەوپەڕی حەماسەتەوە بەگژ دێوەزمەی بەعسدا دەچووینەوەو ناوەناوە، دەستە دەستەمان چ دوای تەواوکردنی خوێندنو رەتکردنەوەی سەربازیی بۆ رژێم، یان دوای ئاشکرابوونی هەندێکمان لە رێکخستنە نهێنییەکانو لە ترسی دەستگیرکردنمان لەلایەن ئەو رژێمە هاروهاجەوە،

شاخ کراو، لەونێوەندەشدا چەند کەڵەپیاوێکی لەدەستچوو. وێڕای چەندین هەڵکشان و داکشان و بوونی گیانی پاوانخوازی و یەکتر قەبوڵ نەکردن لە ریزەکانیدا، ناوە ناوە وەکو بەفری بەر لێزمەی باران و رەشەبا پێشمەرگەو ئەندام و دۆستی لێوەریوە، بەڵام خۆڕاگرانە نەبەزیوەو درێژەی بەخەباتی نەتەوایەتی و چینایەتیی خۆی داوە.

(١٢/١٣)ی ئەمساڵ، لە هۆڵی لایف ستی لە کەرکوك، گەورەترین مەراسیمی یادکردنەوەی لەنێو چەپڵەڕێزانی جەماوەرێکی زۆری کەرکوکی، شکۆدارانە یادکردەوە. یادکردنەوەی ئەمساڵ لە کەرکوك، رۆژگارێکی وەبیرهێناینەوە کە ئێمەی کەرکوکییەکان (چەند کەرکوکییەك) لە (گەلی زێوە)ی پشت ئامێدیو دواتریش (گەلی تووبە)ی بناری گارەو دوای ئەویش لە (بێکرێس)ی پشت مێرگەسوورو سەرزێی بادینان، کاتێك لەگەڵ کوڕە هەولێری و پشدەری و بادینییەکاندا دەکەوتینە شۆخی و باسی خەونەکانی دوای رووخانی بەعسمان بۆ یەکتر دەکردو بەوهیوایەوە خەونی زۆرمان دەبینی.

وا ئەمساڵ، ژمارەیەك لەو تێکۆشەرانەی شاخ و لە ئامێزی کەرکوکدا، شکۆدارانە یادی (٢٤) ساڵەی ئەو حزبە دەکەنەوەو لەنێو چەپڵەڕێزانی دۆست و هاوپەیمانەکانیاندا بە دژو دوژمنەکانی گەلەکەمان رادەگەیەنن، کە ئەوە کەرکوکەو وێڕای



ئەو هەموو پرۆسەی ئەنفال و تەعریب و تەبعیس و تەجحیش و جینۆسایدەی سەردەمی بەعس و ئەم هەموو پیلانە جۆراجۆرانەی وڵاتانی دەوروبەرو ناحەزانی ناوخۆ، کەچی بە شانازییەوە ساڵیادی حزبێکی کوردستانی لە ئامێز دەگرێت و جارێکی دیکەش بڵێسەو گڕی بابەگوڕگوڕ دەبێتەوە شەوقی لایتە هەمیشە درەوشاوەکەی دەستی شەهید هەژار دێدەوانی و چرای سەر گۆڕی شەهید سەربەست و سەرهەنگ و قەهارو فەندیل و رێناس و شەوە ئەنگوستەچاوەکانی ئایندەی ئەم نەتەوە خێر لەخۆنەدیوە گەش گەش بە درەوشاوەیی رادەگرن.

* لە ژمارە (٨٣١)ی (٢٠٠٩/١٢/١٦)ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە.

پاشاگەردانییەو هەرکەسەو بۆ خۆیەتی، خۆ ئەگەر پیاو بوێریو زاخی ئەوە بکات، دەتوانێ چەندین شاری ئێستای عێراق بەو تکساسەی ئەمریکای جاران بچوێنێو بەراوردێکیان لە نێواندا بکات، هەڵبەتە ئەوەش بەهۆی ئەو پاشاگەردانییەی کە لەسەر ئاستی عێراقدا لە ئارادایەو ئاساییش بەرقەرار نییەو لەسەنتەری پایتەختی وڵاتدا تەقینەوەی هێندە گەورەی تێدا ئەنجام دەدرێت کە مرۆڤ تووشی شۆك دەکەن. لێ ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا، کەرکوکیش وایلێبێتو باندو گرووپە دزو جەردەو مافیاکان بە ڕۆژی نیوەڕۆ هێرش بکەنە سەر بانکی ڕەشیدو چەند مەترێك لەولای تەلاری پارێزگاوەو بەبەرچاوی خەڵكو دەسەڵاتەوە تاڵانی بکەنو ئەنجامدەرانی ئەو پرۆسەی دزیکردنەش وەکو بەرزەکی بانان بە خۆیانو ئۆتۆمبیلە تایبەتەکانیانەوە بۆی دەربچنو کەسیش نەتوانێت ڕێگایان لێبگرێت.

با لەوە بگەڕێین کە چەند ملیۆن پارەیان لەو بانکەدا بردووەو سووکایەتییان بەچەند کارمەندیشەوە کردووەو ئازاری چەندانی دیکەیشیانداوە، کارەساتەکە لەوەدایە کە ئیتر کەرکوکییەکان چۆن دڵیان ئاوبخواتەوەو ئەوانەی بەرگی پۆلیسیان لەبەرکردووە بە پارێزەری سەروماڵی خۆیانو منداڵەکانیان بزاننو گومان لە دارو دیواری شار نەکەن؟!



( ٢٦ )

## کەرکوك دەبێ بە تکساس؟!

هەموومان دەزانین کەرکوك شارێکی کوردستانییەو ناحەزانو دژو دوژمنەکانیشمان ناوی دیکەی لێدەنێنو بە بەشێك لە خاکی باشووری کوردستانی نازانن، بەهەرحاڵ! (تکساس)یش دووەمین گەورە ویلایەتی ئەمریکایە دوای ولایەتی (ئالاسکا). کەرکوك خاوەنی گەورەترین کێڵگەی نەوتییەو (تیکساس)یش بەهەمانشێوە گەورەترین پیشەسازی تیایدا نەوتە.

کەرکوك بە شاری برایەتیو ئاشتەوایی ناسراوەو (تکساس)یش بە زمانی هندییە سوورەکان، واتە هاوڕێکان، کەچی (تکساس) لە ئاکامی ئەو شەڕو ئاژاوەو باندی مافیاو فیلمی کاوبۆیانەی کە کاتی خۆی لەوێوە بەرهەم دەهاتنو لێرە بڵاودەکرانەوە، باکگراوندێکی خەراپی لای خۆمان لەسەر ئەو ویلایەتە دروستکردووە، بەوەی کە یاسای تێدا سەروەر نییەو

لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوەو مافی هەر تاکێکی کوردە بە کەرکوکیو غەیرە کەرکوکییەوە بپرسێت: بۆچی کردەوەیەکی لەوجۆرە لە کەرکوکدا روودەداتو کێن ئەوانەی بەو کارە هەستاون؟. ئایا ئەم کردەوەیە لەمکاتەو لەم شارە داگیرکراوەی باشووری کوردستان، ناچێتە چوارچێوەی گورزوەشاندن لە ئاساییشی نەتەوەییمان؟

ئەوەتا ناحەزانی کورد دەڵێن: جا ئێمە چی بکەین کە شار پڕبێت لە پۆلیسو ئاساییشی حزبەکان، لە هەندێ کەناڵی راگەیاندنیشەوە پەنجەی گومان ئاراستەی کورد بکرێتو لایەنە کوردییەکان بە تێوەگلان لەو پرۆسەی بانك دزینە تاوانبار بکەن.

هەرگیز نابێ ئەم کردارە چەپەڵە بەسەر بەرپرسانی شاردا تێبپەڕێتو قەتیش نابێ وەکو هەندێ کردەوەیتر بێدەنگیی لێبکرێتو لەبەر خاتری خاترداران (دیزە بە دەرخۆنە) بکرێت. زۆر پێویستە ئەو باندە مافیایەی بەم کارە هەستاونو ئەوانەی رێنوێنیشیان کردوونو ئەوانەیشی بێدەنگییان لێکردوون، بەزووترین کات کە دەستگیرکران لە پرۆسەی دادگاییەکی ئاشکراداو بەبەرچاوی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێتو هەر بەبەرچاوی خەڵکیشەوە بە سزای کردەوە قێزەونەکەی خۆیانیان بگەیەنن، تاکو شار لە دەستەیەکی



تیرۆریستی لەو شێوەیە رزگاری ببێتو بۆ ئەوانەی بیر لە کردەوەی واشدەکەنەوە ببنە پەندو عیبرەت.

سەیرە! لەمشارەدا (سۆرانو دیارو لایق)و چەندانیتر تیرۆر دەکرێنو تاوانبارانیش کەس نازانێت کێنو یان دەناسرێنو کەس پەنجەیان بۆ نابات!

پرسیارەکە لەوەدایە: وا کەرکوك دەبێ بە تکساس، ئەی کێ لەمەیان بەرپرسیارە؟

* لە ژمارە (٨٣٢)ی (٢٠٠٩/١٢/٢٣)ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە

لە مرۆڤەکانی شار، تیرۆریستو داخ لەدڵان، هاوولاتییەك دەدەنە بەر دەسڕێژی گوللەو خەڵتانی خوێنی دەکەن!، کێ لە بەهەدەرچوونی خوێنی ئەو مرۆڤە کەرکوکییە بەرپرسیارە؟!

چەند رۆژێك پێشتر لە دوو شوێنی جیاجیای شاردا، تیرۆریستان بە بۆمبی هەڵواسراو ئۆتۆمبیلی دوو ئەفسەریان تەقاندەوەو ئەفسەرەکانیشیان شەهیدکرد. نەخشە دوژمنکاریو تاوانە هۆڤێتییەکان لەسەر کەرکوك، هێندە زۆرو شاراوەو بەربڵاون، مرۆڤ نازانێت لەکوێوە نیشانەیان لێبگرێت.

زۆرینەی قوتابییە کەرکوکییە وەرگیراوەکان لە کۆلیژەکانی موسڵو تکریتو شارەکانی دیکە، هانایان بۆ بەغدا برد، تاکو رێگەیان پێبدەن بگەڕێنەوە کۆلیژەکانی کەرکوكو لە شارەکەی خۆیاندا دەوام بکەن، کەچی زانکۆی کەرکوك بە پاساوی نەبوونی جێگا، داواکانیان رەتدەکاتەوەو رەزامەندی لە سەر وەرگرتنیان لە کۆلیژەکانی شار نادات. بۆیە وەکو ناڕەزایەتییەك قوتابییان ماندەگرنو خۆپیشاندان دەکەنو ناڕەزایی دەردەبڕن!.

هەردوولا هەقی خۆیانە، ئاخر تا ئێستا چی بۆ کۆلیژەکانی کەرکوك کراوە، تاکو توانای وەرگرتنی ئەو هەموو قوتابییەی هەبێ کە نزیکەی (٦٠٠) قوتابی دەبن، ئەمە جگە لەو قوتابییانەی کە بەپێی وەرگرتنی ناوەندی لە کۆلیژەکانی زانکۆی کەرکوك وەرگیراون؟. ئەی باشە گوناهی ئەو هەموو



( ٢٧ )

## کەرکوك ئەو شارەی بۆتە گرێکوێرەی کێشەکانی عێراق

دوای رووخانی سەدام، تادێت کێشەکانی کەرکوك ئاڵۆزترو پەیوەندی نێوان پێکهاتەکانی دوورترو دۆزینەوەی رێگاچارەکانی تەمومژاویتر دەبن. لەناو جەرگەی شاریشدا، دۆخەکە دژوارترو پێگەی کوردیش شلۆقتر دەبێت. ئەمە نە رەشبینییەو نە زێدەڕۆییشە، بەڵکو ئەمە واقعی حاڵی هەنووکەی دۆخی کەرکوکە. کەرکوکێك وەکو ئابووریناسانو سیاسەتوانان بوختانی پێدا دەکەن کە گوایە لەسەر دەریای نەوتە، کەچی دانیشتوانەکەی بۆ وەرگرتنی بەرمیلە نەوتێك کە لەم زستانە ساردو بێ کارەبایەدا ماڵە تاریکەکانیان رووناكو گەرم بکاتەوە، ئاوی پێیان دادێتو لە چاوەڕوانیدان.

لەولاشەوە ئارامیی شار شیرازەی ئاسایی خۆی لەدەستداوەو ئەوێ رۆژێ لەنێو چێشتخانەی ماڵێکداو لە یەکێك لە گەڕەکە پڕ

قوتابییە چییە کە دوای ئەوەندە ساڵی خوێندنە روو لەو شارانە بکەن کە مانەوەو ژیان تێیاندا بۆ قوتابییانی کورد جۆرێك بێ لە مەحاڵ؟!

ئەرێ گەلۆ! سەیر نییە کۆلیژێکی گرنگو چارەنووسسازی وەکو کۆلیژی پەروەردە بەشی زمانی کوردی، تەنها چوار مامۆستای هەبێو ئەوانیتر لە بەشەکانی دیکەوە وەکو وانەبێژ بێنو وانەکان بڵێنەوە؟، باشە ئەوە گریمان بەغدا بە ئەنقەست کۆسپ دەخاتە بەردەم خوێندن بە زمانی کوردی لە شارەکەدا، ئەی بۆچی حکومەتی هەرێم بایەخی زیاتر بە خوێندنی زمانی کوردی لە کەرکوك نادات؟، خۆ دەتوانێت مامۆستا کەرکوکییەکانی کۆلیژەکانی زانکۆی سەلاحەدینو سلێمانی بگەڕێنێتەوە کەرکوكو لەوێ خزمەت بە زمانی کوردیو ئایینەی کورد لە شارەکەدا بکەن؟! وێڕای هەر هەموو ئەمانەش، تێکڕای ئەو مامۆستایانەی لە هەرێمی کوردستانەوە گەڕاونەتەوە کەرکوكو دەوروبەری، هێشتا بە فەرمی بەغدا وەرینەگرتوونەتەوەو وەکو میوان لەسەر میلاکی پەروەردەی گشتیی کەرکوك بەشی خوێندنی کوردی دەوام دەکەنو ئامادەش نییە وەریانبگرێتەوە!، دەستێوەردانی حزبایەتیش لە بواری پەروەردەو فێرکردن لە شارەکەدا گەیشتۆتە ئەوپەڕیو هەر ئێستا لە گەرمەیدایەو شانازیشی پێوە دەکەن!!.



ئەمانە مشتێکن لە خەرواری خەمەکانی کەرکوكو سەرەڕای ئەمانەش، کورد بۆ هەڵبژاردنی ئایینده بە چەندین لیستو قەوارەی جیاوازەوە بەشداری دەکاتو ئەوەش خەمێکی دیکەیەو مادەی (١٤٠)یش خەریکە (دیزە بە دەرخۆنە دەکرێت!).

بۆیە خەریکە ڕەشبینی باڵ بەسەر هیواو ئاواتی خەڵکی شاردا بکێشێتو کوردانی شار بێهیوایی بیانڕەتێنێت.

* لە ژمارە (٨٣٣)ی (٢٠٠٩/١٢/٣٠)ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە.

لەخۆیدا، پیلانێكی دیكەی داگیركەرانە بۆ جارێكی دیكە بە عەرەبكردنەوەی كەركوك. گومانیشم لەوەدا نییە كە تا ئێستا دەمانتوانی وەكو كورد زۆر هەنگاویترمان بۆ داكۆكیكردن لە كوردستانییەتی كەركوك بنابوایە، بەلام كورتبینیمانو نەخوێندنەوەی واقیعەكە بەشێوەیەكی لۆژیكیانەو داننانمانو دەنگدانمان بە دەستووری هەمیشەیی عێراق، بەوەی كە كەركوك بەشێكە لە (ناوچە كێشە لەسەرەكان)، نەك (ناوچە دابڕاوەكان لە هەرێمی كوردستان)و شەڕی ساردی حزبایەتی لە شارەكە، دۆخەكەی ترشاندو بەمرۆژە رەشەی گەیاند كە جارێكی دیكە بە مەمنوونی لەگەڵ كۆنە بەعسییەكانی شاردا ئاشت ببینەوە، وەك ئەوەی نە با بووبێتو نە باران. ئاخر ئەوانەی گۆشكراوی بەعسن، مەحاڵە لە بیری شۆفێنییەتی خۆیاندا پاك ببنەوەو بە دڵێكی پاكژو بێگەردەوە مامەڵە لەگەڵ كوردو دۆزی كورددا بكەن!!

ئەوەی زۆر مایەی نیگەرانییە ئەوەیە كە ئێمە وەكو رۆشنبیرانی كورد خۆمان هاوكاریی ئەوانەبین بۆ جێبەجێكردنی ئەو پیلانەی كە لەپاڵ بە پایتەختكردنی رۆشنبیریی كەركوكەوە دەیانەوێ جارێكی دیكە بە دونیای عەرەبیو وڵاتانی دەوروبەر بڵێن: ئەوە ئەو كەركوكی عەرەبو عێراقەیە كە كورد بە خاكو زێدی خۆی دەزانێت، كەچی راستییەكەی ئەوەیە، نەك هەر عێراقییە، بەڵكو پایتەختی رۆشنبیریی عێراقیشە.



**( ٢٨ )**

## بە چ مەبەستێك
## كەركوك دەكرێتە پایتەختی رۆشنبیریی عێراق؟

خەمەكانی كەركوك هێندە زۆرن، ئەگەر دەیان گۆشەی رۆژانەیشیان لە رۆژنامەكاندا بۆ تەرخان بكرێت، هێشتا هەر خەمەكان وەكو خۆیانن. بەپێی ئەو دەنگۆیانەی لەنێو رۆشنبیرانی كەركوك بڵاوبۆتەوەو هەوڵی زۆریش لە ئارادایەو كۆبوونەوەش بۆ ئەو مەبەستە كراوە كە وەزارەتی رۆشنبیریی عێراق بۆ ساڵی ٢٠١٠ لە بەرنامەیدایە كەركوك بكاتە پایتەختی رۆشنبیریی عێراق!!

گومان لەوەدا نییە كە كردنی كەركوك بە پایتەختی رۆشنبیریی عێراق بۆ ئەمساڵ (٢٠١٠) كە ساڵی هەڵبژاردنو هەوڵی یەكلایی كردنەوەی پرسی كەركوكە لەگەڵ بەغدا، خۆی

سەیر لەوەدایە ئێمە زۆرجار بە سیاسەتمەدارانمان دەڵێین: نازانن لەگەڵ دژو دوژمنەکانی کوردستاندا مامەڵە بکەن و هەرجارەو لە شەڕێکی دیبلۆماسی و یاساییدا دەدۆڕێین، کەچی وا ئێمەی رۆشنبیرانی شاریش خۆمان بەدەستی خۆمان بەشداری ئەو دۆڕانە دەکەین و لەوانەیشە بە کارێکی باشی بزانین!.

تیامان هەیە دەڵێت: مادام سیاسییەکانمان وایان لێکردین دەنگ بۆ دەستوور بدەین و دۆخی شاریان والێکرد، دەبا ئێمەش چیدیکە خۆمان بە هەرێمی کوردستانەوە هەڵنەواسین و بۆ خۆمان پردێك لەگەڵ عێراقی عەرەبیدا دروست بکەین!!.

ئەرێ گەلۆ! ئەمە چ لۆژیکێکە، کەی هەڵە بە هەڵە چارەسەر کراوە؟، تا ئەمڕۆکە ئێمەی رۆشنبیرانی شار، تۆڵەی تەمومژاوی کردنی دۆزی کەرکوك، بە کردنی شار بە پایتەختی رۆشنبیریی عێراق لە سیاسییەکانی خۆمان بکەینەوە؟

ئەوان، رۆشنبیران و سیاسییەکانیان و گەورە بەرپرسەکانیشیان لە بەغدا ئامادەنین وشەی (فیدرالی)ش بە عێراقەکەیانەوە بلکێنن کە بەپێی ئەو دەستوورەی خۆیان دەنگیان پێداوە، لێ ئێمە بێین و خۆمان ببینە هاوکارو هاوئاهەنگیان، بۆ چیش؟ بۆ جارێکی دیکە تەعریبکردنەوەی کەرکوك.



وا گریمان هاوئاهەنگیان بووین و لە چالاکی و فیستیڤاڵەکانیشیان بەشداریمان کرد، ئەرێ کوا تیپێکی مۆسیقای کارامەو لێهاتوو و یەکگرتووی کەرکوییەکان کە گۆرانی و میوزیکی کەرکوك و گەرمیانیان پێبناسێنێت؟.. ئەی کوا تیپە شانۆییە کارامەکانی شار، بە نمایشکردنی خەمە گەورەو کۆستە لە بن نەهاتووەکانی خەڵکی شار، پێیان بڵێت: ئێوە بە تەعریبکردنی شار ئاوا ئازارتانداین و ئەنفالتان کردین و کۆستتان خستین، بۆیە وا چاکترە وازمان لێبێنن، زامەکانی خۆمان سارێژ بکەینەوە!!

* لە ژمارە (٨٣٤)ی (٢٠١٠/١/٦)ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە.

سەیرە بۆ دەبێ بەغدا بە نوێکردنەوەی کۆبۆنی سووتەمەنی بۆ کەرکوکییەکان رازی نەبێت و گرفت بێ لەبەردەم ئەم مافە سەرەتاییەدا کە ساڵانێکە خەڵکی چ کەم و چ زۆرو هەرچۆنێك بێت، توانیویانە بەرنامەی ژیانی رۆژانەی خۆیان بەو بڕە سووتەمەنییە کەمەی کە وەریاندەگرت بەڕێوە ببەن و دەقی پێوە بگرن و تا رادەیەك لەو رووەوە گرفتەکانیان کەم ببێتەوە، بەڵام بە نوێ نەکردنەوەی کۆبۆنی سووتەمەنی لە کەرکوکدا تەنگژەکە فراوانتر دەبێت.

ئەم پرسە، ئەگەر خەمێکی بە پەلەی لێنەخورێت و بەرپرسانی شار تواناکانی خۆیانی بۆ نەخەنەگەڕ، ئەوا بە دڵنیاییەوە لەکاتی دروستبوونی قەیرانی سووتەمەنیدا –کە هەر دێتەئاراوە– خەڵکی شار بێدەنگ نابن و ئەوکاتە چارەسەرکردنەکەی جۆرێك دەبێ لە مەحاڵ. دەبێ بەرپرسانی شارو لایەنە پەیوەندیدارەکانی کەرکوك چ پلان و هەنگاوێکیان بۆ ئەم پێشهاتە ترسناکە پێبێ و دەبێ چییان بۆ بکرێت؟!

خەمێکی دیکەی کەرکوکییەکان، بەتایبەتیش خەمی جووتیاران و گوندنشینانی جاران و ئاوارەی ئێستای شارو ئۆردوگاکانی هەولێرو سلێمانی، وەرنەگرتنەوەی زەوییە کشتوکاڵییەکانیانە لە وەزارەتی دارایی حکومەتی عێراق، چونکە لەسەردەمی رژێمی لەناوچووی بەعسدا هەرچی زەوی‌وزاری جووتیاران هەبوو دەستیان بەسەرداگیراو بە



( ٢٩ )

## نوێنەکردنەوەی کۆبۆنی سووتەمەنی و کێشەی زەویی جووتیاران

پێدەچێ ساڵی تازەی (٢٠١٠) بۆ کەرکووکییەکان، وەکو ساڵانی پێشوو لێوانلێو بێ لە قەیرانی ئابووری و سیاسی و پەروەردەیی و نائارامی و کایە هەستیارییەکانی دیکەی ژیانی خەڵکی پڕ بێت لە ئارێشەو تەنگژەی جۆراوجۆر، ئەم بۆچوونە هەر لەخۆڕا نەهاتۆتە ئاراوە، ئەوەتانێ بەپێی وتەیەکی پارێزگاری کەرکوك، تا ئێستا بەغدا رێگەی نەداوە کۆبۆنی سووتەمەنی بۆ کەرکوك نوێ بکرێتەوە، هەڵبەتە ئەمەش کێشەو گرفتێکی گەورە بۆ خەڵکی شار دروست دەکات و جارێکی دیکە دەرفەت بۆ گەندەڵکارو قاچاخچییەکان دەڕەخسێنێت بازرگانی بە بەشە سووتەمەنی کەرکوکییەکانەوە بکەن.

پێویستە حکومەتی هەرێم بەوپەڕی بوێرییەوە پێ لەسەر پرسی وەرگرتنەوەی زەویوزاری جووتیارانی کەرکوک و دەوروبەری دابگرێت و دوور لە گەمەی حزبحزبانێ گوندەکانیشیان ئاوەدان بکاتەوە.

* لە ژمارە (٨٣٥)ی (٢٠١٠/١/١٣)ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە.



بڕیارێکی حکومەت، درانە وەزارەتی دارایی و دواتریش رووبەرێکی زۆری ئەو زەویانە درانە ئەو عەرەبانەی کە لە ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە بە مەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافیای کەرکوک هێنرابوون. ئێستاو دوای نزیکەی (٧) ساڵ لە رووخانی ئەو رژێمە، کەرکوک هێشتا هەر (تەئمیم)ـەو یەک بست زەوی کشتوکاڵی بە فەرمی نەدراوەتەوە جووتیاران و ئەو فەرمانگە فریودەرانەیەی کە لەدوای نەمانی بەعسیش بەناوی (هيئة دعاوى الملكية العراقية) دروستکرا، وەکو لە دیمانەیەکی تایبەتدا کارمەندێکیان وتی: (بەخوای جگە لە خۆڵ لەچاوکردنی خەڵکی بەولاوە هیچیترمان بۆ ناکرێت و بەخۆڕاییش ئەم خەڵکە ماندوو دەکەین، ئەگینا ئەو زەوی و گوندانە چۆن بە بڕیارێک زەوتکران، ئەوهاش بە بڕیارێک بۆ خاوەنەکانیان دەگەڕێندرێنەوە). دوای ئەو ماوە درێژە، تازە بە تازە چەند رۆژێکە بە حیساب لایەنە پەیوەندیدارەکانی کەرکوک بەنیازن لە رێگەی لێژنەیەکی پێکهاتوو لە برادەرانی ماددەی (١٤٠)و نوێنەری نووسینگەی (یۆنامی)و چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکتر کێشەی موڵکدارێتی لە سنووری شارەکەدا چارەسەر بکەن!!

پێشینان راستیان فەرمووە: ( مانگەشەو سەر لە ئێوارە دیارە)، چەند لێژنە هاوبەشەکانی دیکەی تایبەت بە پرسی کەرکوکەوە توانییان کێشەکانی شار چارەسەر بکەن؟ ئەمانیش هەر ئەوەندەیان پێدەکرێت، ئەگەر پێیشیان بکرێت.

لە کەرکوکدا نییە. هەر لەو کۆلیژی پەروەردەی کراوەیەدا بۆ خوێی چێشتیش مامۆستایەکی کوردی لێ نییە، مرۆڤ فەرامۆشیی پێدابێتەوە!.

لەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەی کەرکوک ئەگەر لە (٥٪)ی فەرمانبەرەکانی کوردبن، ئەوە نوقلانەی دەوێت و شاگەشکە دەمانگرێ، لەکاتێکدا نزیکەی (٤٠٠) باخچەی ساوایان و قوتابخانەو خوێندنگەی کوردی لە شارەکەدا هەن. لە فەرمانگەی بڕوانامەکان کە یەکەیەکی سەربە پەروەردەی گشتیی کەرکوکە، تەنها یەك فەرمانبەری تاقانەی کوردی لێیە. لە بەشی (تجهیزات)یش تەنها سێ فەرمانبەری کورد هەن!. جگە لەوانەش هەر نووسراوێك لە وەزارەتی پەروەردەی بەغداوە ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوك بکرێت، بەرپرسەکانی پەروەردە، هەوڵی شاردنەوەو (دیزە بە دەرخۆنەکردن)ی نووسراوەکە دەدەن و لێناگەڕێن بگاتە دەستی بەشی خوێندنی کوردی، نەبادا مامۆستایانی کوردیش سوودمەندبن، وەك ئەو نووسراوەی کە لە ٢٠٠٩/١٢/١٣ لە بەغداوە ئاراستەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە کراوەو ناوەڕۆکی نووسراوەکە داوای ئەوە دەکات هەر مامۆستایەك کاتی خۆی لەلایەن رژێمەوە دەرکرابێ و لەدوای نەمانی رژێمەوە گەڕابێتەوە سەر پیشەکەی و لە دەوامی خۆی بەردەوام بێ، ئەوا ئەو ماوەی دەرکردن و دابڕانەی بە خزمەت بۆ ئەژمار دەکرێت، دەبوایە ئەو نووسراوە لە ماوەی تەنها (٥) پێنج رۆژدا وەڵام بدرابوایەتەوە،



(٣٠)

## مامۆستایانی کورد لە کەرکوك میوانن!!

کەرکوکییەکان، بەسەرجەم چین و توێژەکانییەوە، لە دڵەڕاوکێیەکی ترسناکدا دەژین، ئاسۆی ئایندەی پرسی کەرکوك نادیارەو هەر رۆژەو بەیتوبالۆرەیەك لێدەدرێت، هەردوو لایەنی عەرەبی و تورکمانی هەموو پێشنیارو کارێکی لایەنی کوردییان پێ نەشیاوەو بەهیچ شێوەیەك پێیان قەبوڵ نییە. ئەمانە لەولاوە بوەستێت و پرسی بە میوانی هێشتنەوەی مامۆستایانی کوردیش لە کەرکوك، خەمێکی سامناکیترەو هێندەی یەك کوندەئاو قسەوباس و ناڕەزایی هەڵدەگرێت.

ئەوەتا ماوەی دوو ساڵە مامۆستایانی خوێندنگا کوردییەکان لە کۆلیژی پەروەردەی کراوە (التربیة المفتوحة) وەرناگرن، گوایە سەربە بەغدا نین و هەر مامۆستایەکیش سەربە بەغدا نەبێت، ئەوا بە میوان ئەژمار دەکرێت و هیچ هەق و حیسابێکی

کەچی ئێستا (٢٠١٠/١/١٩)یەو هێشتا نووسراوەکە ئاراستەی بەشی خوێندنی کوردیو قوتابخانە کوردییەکان نەکراوە، بەمەش تێکڕای ئەو مامۆستایانەی کاتی خۆی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لەسەر کارەکانیان دوورخرابوونەوە، یان بووبوونە پێشمەرگە، لەو دەسکەوتە بێبەش دەبن. کێ لەمەیان بەرپرسیارە؟

خەمێکی دیکەی مامۆستایانو قوتابییانی کەرکوکی لەوەدایە، کورد وتەنی: (لە قەلان بووینو لە کۆتری)ش، خوێندنی سەرەتایی هەر وەکو خۆیەتیو هێشتا نەبۆتە بنەڕەتی، کەچی پرۆگرامەکانی خوێندنی قوناغی بنەڕەتی لە قوتابخانە کوردییەکاندا دەخوێندرێت کە ئەمەش کارەساتێکیترەو کەسیش مێشی میوان نییە، چونکە ئەو پرۆگرامانە تازەنو پێویستییان بەوە هەیە ئەو مامۆستایانەی بابەتەکانی بیرکاریو زانستەکان دەڵێنەوە خولیان بۆ کرابێتەوەو چۆنیەتی وتنەوەی ئەو بابەتانە فێربووبن.

خەمێکی کوشندەی دیکەش، بوونی ژمارەیەك مامۆستای نەتەوەکانی دیکەیە کە لە دوای نەمانی ڕژێمەوە دامەزرێنراونو لە زمانی کوردیدا کۆڵەوارنو لە چەندین قوتابخانەش بابەتەکانی زانستو بیرکاری دەڵێنەوە کە وتنەوەیان لەلایەن ئەو مامۆستایانەوە زیانی لە قازانجی زۆرترە، بەڵگەی ئەوەش زۆرە: وەك ئەو مامۆستا تورکمانەی وێنەی مراوی پیشانی



قوتابییەکان دابوو و پێی وتبوون: ئەوە دەبینن؟ ئەوە قازە، دەمی هەیە، ریشی هەیە..تاد. خواو راسان لەو کاتەدا سەرپەرشتیارێك چووبووە پۆلەکەوەو گوێی لەو راڤەکردنەی مامۆستاکە بووبوو!. بۆیە بە مامۆستاکەی وتبوو: بەڕێزم، ئەمە مراوییە، قاز نییە، دەنووکی هەیە دەمی نییە، پەڕی هەیە ریشی نییە!!.

* لە ژمارە (٨٣٦)ی (٢٠١٠/١/٢٠)ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە.

رووداني رووداوێك، يان گەياندني هەواڵێك پەيوەنديم پێوە دەكەن بۆ ئەوەی رای قەوارە سياسييەكاني ئەنجومەني پارێزگای كەركوك لەسەر رووداوەكە وەربگرم، دوای وەرگرتني راو سەرنجي نوێنەری ليستي برايەتي، دەڵێن: پێويست ناكات بۆچووني هەردوو قەوارەی عەرەبي و توركماني وەربگريت، كاميان لەوێن، تەنها بۆچووني لايەكيان وەربگرە، چونكە رای لايەنەكەی ديكەش كتومت بۆچووني ئەوەيترە، بۆيە پێويست ناكات خۆتيان پێوە ماندوو بكەيت!!.

ئەمە راستييەكەو هەموو كەركوكييەكان بە خودی توركمان و عەرەبەكانيشەوە دەيزانن. هەر لەسەر ئەم پرسە، برادەرێك بۆی گێڕامەوە كە جارێكيان نوێنەرێكي ليستي برايەتي دەيەوێ شۆخييەك لەگەڵ هەردوو ليستي توركماني و عەرەبيدا بكات، لەملاشەوە گرەو لەگەڵ برادەرێكي ليستەكەی خۆی دەكات، بەوەی كە ئەو شۆخييەی ئەو دەيكات و ئەو پێشنيارەی دەيخاتەڕوو، بێ سێودوو ئەوانيتر پێي رازی نابن و يەكسەر رەتيدەكەنەوە، كە دەچنە نێو كۆبوونەوە، ئەندامەكەی ليستي برايەتي هەر بۆ شۆخي پێشنيارەكەی دەخاتەڕوو، يەكسەر ئەنداماني هەردوو ليستي عەرەبي و توركماني ناڕەزايەتي خۆيان دەردەبڕن و ئەويش ناچار دەبێ بڵێ: براينە باوەڕ بكەن، ئەمەيان هەر بۆ شۆخي بوو، گرەوی خۆم بردەوە!!



( ٣١ )

## ئەوەی كورد دەيڵێ، لای عەرەب و توركمان بڤەيە!

هەر لەدوای پرۆسەی لەگۆڕناني بەعسەوە، تا ئەمڕۆ بارودۆخي كەركوك لە هەلومەرجێكي ترسناكدايە، ئەوەی كورد بە سياسي و هاووڵاتيي ئاسايي و حزبي و مووچەخۆراني دەوڵەتيشەوە دەيڵێن، هەرهەمووی لەلای زۆرێك لە توركمان و عەرەبەكاني كەركوك پەسند نييەو بەوپەڕی تواناياناەوە هەوڵي لەباربردني دەدەن، هەر پێشنيارێك ليستي برايەتيي كەركوك بيخاتەڕوو بێ ئەوەی ئەو دوو لايەنە لە ناوەڕۆكي پێشنيارەكە دڵنيابن و خورديان كردبێتەوە، هێڵێكي چەپ و راستي بەسەردا دەهێنن و هاواريان لێهەڵدەستێت، بەوەی كورد ستەميان لێدەكات و دەيەوێ شاريان لێ داگير بكات.

هاوڕێيەكي رۆژنامەنووسم لە كەركوك هەيە، پەيامنێری يەكێك لە تەلەفزيۆنەكاني عێراقە دەڵێ: گەلێجار لە كاتي

ترسناکترین دژایەتیی ئەو لیستەیش بەرامبەر پرسی کەرکوک‌و کوردستانییەتی کەرکوک، ئەو تۆمەتە ناڕاست‌و ناڕەوایانەیانە کە سەرجەم ئاوارە گەڕاوە کەرکوکییەکان لە ئۆردوگاکانی هەولێرو سلێمانییەوە بۆ سەر زێدی خۆیان، بە کوردی ئێرانی‌و تورکیایی ناوزەد دەکەن‌و لە هەموو کۆڕوکۆبوونەوەو لەبەردەم هەموو نێردەو شاندێکی بیانیدا ئەو قەوانە سواوە چەندبارە دەکەنەوەو دەیانەوێ کوردی پێ تاوانبار بکەن‌و دۆزی کەرکوکیش بە هەڵواسراوەیی بمێنێتەوەو ماددەی (١٤٠)یش جێبەجێ نەکرێت.

لەو هێزە هاوبەشەی کە لە هێزی پێشمەرگەو سوپاو پۆلیسی عێراق‌و فرەڕەگەزەکان بۆ کەرکوک‌و شوێنەکانی دیکە پێکهاتووە، هەردوولایان زۆر نیگەرانن‌و هاواریان لێهەستاوە. لایەنی تورکمانی لەم ڕۆژانەدا داوای پێکهێنانی هێزێکی (١٠) هەزار کەسی تایبەت بە تورکمانی لە هێزە فرەڕگەزەکان کردووە، بەڵام بێ سوود بووە.

لە هەر شوێنێك تەقینەوەیەك، یان ڕووداوێك ڕوویدات، ئەگەر پاسەوانانی ئەو شوێنە هیچیان کوردیش نەبن‌و تورکمان‌و عەرەبیش بن، هەر بەرپرسە پۆلیسەکانی کورد تاوانبار دەکەن، وەك ئەوەی لە تازەخورماتوو ڕوویدا، کە هەر لە پاسەوانانی بازگە سەرەکییەکەوە، تا دەگاتە بەرپرسانی پۆلیسی (تازە)ش هەر هەموویان لە خۆیان بوون، کەچی داوای لێپێچینەوەیان لە ئەفسەرە بەرپرسە کوردەکانی پۆلیسی کەرکوك دەکرد!!

لە سەرجەم فەرمانگە حکومییەکاندا ڕێژەی فەرمانبەرانی کورد لەوان زۆر کەمترە، کەچی هەر هاواریان لێهەستاوەو دەڵێن کورد کەرکوك داگیر دەکات‌و ستەممان لێدەکات. کەواتە لایەنی کوردی بۆئەوەی پرسی کەرکوك نەدۆڕێنێ‌و بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان چی بکات باشە؟

* لە ژمارە (٨٣٧)ی (٢٠١٠/١/٢٧)ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە.

لێداچۆڕاوەکان دانا. پوختەی راوبۆچوونەکان: جەختکردنەوە بوو لە پێکەوە ژیانی برایانەی کەرکوکییە رەسەنەکان.

مامۆستایانی زانکۆ خەمی ئایندەی قوتابییانی کوردی کەرکوکیان بۆ سەرۆکی حکومەت هەڵڕشت. خەمخۆرانی شانۆو هونەرو مۆسیقا، ئازارەکانی بێ جێگایی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کەرکوکیان بە سەرۆکی حکومەت راگەیاند، برایانی عەرەبو تورکمانیش قسەی خۆیان کردو رەسەنانە بۆچوونەکانی خۆیان دەربڕی.

گلەیی زۆر کراو، بەڵێنی باشیش درا، جارێکی دیکەش خەمی بەدواداچوونی ئاشکرا کردنی بکوژانی شەهید (سۆرانی مامە حەمە)و ئەوانیتر جەختیان لەسەر کرایەوە. سەنتەرە رۆشنبیرییە بەرهەمدارەکان هاوکاری دەکرێنو سەنتەرە زڕەکانیش لە بێژینگ دەدرێن. پردێ پەیمانگایەك لە ئامێز دەگرێتو دوای نزیکەی سەدەیەك لە بە ناحیەبوونی هەنگاوێك بەرەو شارستانی دەچێتەپێش. ئەو هۆڵانەی لەسەردەمی شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفالدا لە تۆبزاوە، ژنو پیاو و کچو کوڕو منداڵە ئەنفالکراوەکانی لێ هاوێرکراو دەستە دەستە بەرەو بیابانەکانی عەرعەرو نوگرەسەلمان بەڕێدەکرانو لە بیابانەکانی باشووردا زیندەبەچاڵ کران، ئەو هۆڵانە کە ئێستا لەلایەن فیرقەی دوانزەوە هەوڵی دەستبەسەرداگرتنو مەترسیی تێکدانیان هەیە، پێشنیار کرا حکومەتی هەرێم خەمیان



(۳۲)

## لە پەراوێزی سەردانەکەی رۆشنبیرانی کەرکوك بۆ لای سەرۆکی حکومەت "دەرگامان بۆتان کراوەیە! "

ژمارەیەك لە رۆشنبیرانی کەرکوك لە سەرجەم نەتەوەکانی شارەکە، بە مەبەستی گەیاندنی خەمەکانیان لە رێگەی لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە، رۆژی یەکشەممە ۲۰۱۰/۱/۳۰ لە تەلاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، سەردانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کردو بەوپەڕی رێزەوە پێشوازی کران، دکتۆر بەرهەم دوای وتەیەکی کورت، گوێی لە راوبۆچوونو رەخنەی کەرکوکییەکان گرتو پێی وتن: دەرگامان بۆتان کراوەیە.

بەشێك لە رۆشنبیرانی کەرکوك، راشکاوانە ئاماژەیان بە ژمارەیەك کەموکووڕی داو پەنجەیان لەسەر برینە خوێن

لێبخوات و وەکو شوێنەوارێکی مێژووی خوێناوی گەلەکەمان بپارێزرێت و وەکو ئەمنە سوورەکەی سلێمانی بکرێتە مۆزەخانەی پەیکەری شۆڕشگێڕو قوربانییان.

دوو بۆچوونی دژ دێتە ئاراوە، سەرۆکی حکومەت پێی وایە وێڕای کەموکوورپییەکان، کەرکوك زۆری بۆ کراوەو دەکرێ زیاتریشی بۆ بکرێت. لە بەرامبەریشدا رۆژنامەنووسێکی کەرکوکی پێی وابوو کەرکوك کەمی بۆ کراوەو داوایشی کرد با چیتر کەرکوکییەکان لەملاو لەولا دەست پان نەکەنەوە. لەبەرنامەدایە ئامێرەکانی شارەوانیی هەولێرو سلێمانی بگەنە فریای شارەوانی کەرکوك و شار لە زبڵدانەکان خاوێن بکەنەوە، بەڵام وەکو سەرۆکی حکومەت فەرمووی: پاکوخاوێنیی شار پەیوەندی بە هۆشیاریی تاکەکانەوە هەیە.

ئەمانەو چەندان وردە گلەیی و لەبەرامبەریشدا چەندان بەڵێنی باش ئەنجامی دیدارو میوانداریییەکەی سەرۆکی حکومەت بوو. ئەوەی لەژێر پەردەوەش بەدیکراو دواتر بووە مایەی توانجیش، دڕدۆنگیی هەندێ لە رۆشنبیرانی کەرکوکی بوو لە هەمبەر یەکتری، وەك ئەوەی خوومان پێوەگرتبێ و لە هۆشماندا بووبێتە نەخۆشییەکی کوشندە: دۆستی خەڵکی و دوژمنی یەکتری بین!.

ئای کە ئازارم چەشت کاتێك گوێم لە یەکێك لە ئەندامانی شاندەکە بوو بە چرپەوە پێی وتم: ئاخر پێم ناڵێن کێ فلانە کەسی بانگهێشت کردووە، ئاخر ئەوە سەوزەفرۆشە، کەی



رۆشنبیرە؟!! ئەوەی زیاتریش نیگەرانی کردم، وتەی هەمان بەڕێز بوو کە وتی: فلان و فیسار بۆ بانگکراون، خۆ ئێمە ئاگامان لە دانانیان نییە!!.

سەیرەو گەلێ سەیرە! بەڕاستی خەڵکانێك مافی خۆیانە پێمان بڵێن: کەرکوکییەکان، هەتا دووان بن باشن، کە بوونە سییان دووانیان رقیان لەویتریانە!!

* لە ژمارە (٨٣٨)ی (٢٠١٠/٢/٣)ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە.

( ٣٣ )

## کەی زبڵدان و بەربەستی کۆنکرێتی کۆڵانی بەرپرسەکان لەناودەبرێن؟!

لە وڵاتانی پێشکەوتوو، بەرپرسان خزمەتکارو هاوکارو ڕێنیشاندەری هاوشاری و هاونیشتیمانییانی خۆیانن و بایی زەڕەیەك خۆیان لە خەڵکی بە گەورەتر نازانن و وەکو زۆرێك لە بەرپرسانی خۆمان پۆزو فیز بەسەر خەڵکیدا لێنادەن و دەروازەی کۆڵانی ماڵەکانیان بە کۆنکرێت داناخەن و بەردەرکی ماڵەکانیان بە تاسەی گەورە گەورە ناشیرین و دزێو ناکەن. ئەوان بەر لە هاووڵاتییانیان خۆڵ و خاشاکی ماڵەکانیان دەبەنە شوێنی دیاریکراو و ماڵ و کۆڵان و گەڕەکەکانیان پیس و ناقۆڵا ناکەن!.

برادەرێکی زۆر ڕۆشنبیری خۆمانە بە گەشتێکی ڕۆژنامەوانی دەچێتە ئیتالیا لەوێ دەیەوێ ئەو پارچە کاغەزە دڕاوانەی



دەستی وەکو ئەوان فڕێبداتە نێو سەبەتەی خۆڵ و خاشاکەوە، کاتێك پارچە کاغەزەکان فڕێدەداتە ناو سەبەتەکەوە، کابرایەکی بەساڵاچوو لەوکاتەدا ئاگای لێ دەبێت، بۆیە هەر بە ئاماژەو بە بزەیەکەوە تێیدەگەیەنێت کە ئەو سەبەتەیەی ڕۆژنامەنووسە خۆماڵییەکەی لەمەڕ خۆمان، پارچە کاغەزەکەی فڕێداوەتە ناوییەوە، تایبەتە بە پارچە شووشە، نەك پارچە کاغەز، هەر خۆیشی یەك بە یەك پارچە کاغەزەکان دەردەهێنێتەوەو فڕێیاندەداتە نێو سەبەتەی تایبەتیی پارچە کاغەزەوە!!، ئەرێ دەبێ هاونیشتیمانیانی خۆمانیش هەمان هەڵوێست بنوێنن، کاتێك مێوانێکی بییانی هەڵەیەك بکات و بەهەمان بزەوە کاکی میوان تێبگەیەنن کە ئێمەش گەلێکی ژینگەپارێزین و ڕێز لە خاك و نیشتیمان و پیرۆزییەکانی خۆمان دەگرین؟!

لەمڕۆژانەدا لەگەڵ دووسێ هاوپیشەی خۆم لە سەردانێکدا بە مەبەستی پیرۆزبایی کردن لە کاك (کامیل ساڵەیی) قایمقامی تازەی قەزای ناوەندیی کەرکوك، بەدەم چوکلێت و نیسکافی خواردنەوە ژمارەیەك پێشنیارمان بۆ پاککردنەوەی کۆڵان و گەڕەکەکانی کەرکوك خستەبەردەمی بەڕێزیان، خوا هەڵناگرێت بەڵێنی ئەوەیدا بۆ ئەو هەنگاوە لە پێشەوە دەبێت. هەر لەوێدا هاوپیشەیەکمان وتی: لە کۆریا –کۆریاکەی ئەمریکا، نەك ئەوەیتر!– بەرپرس و فەرمانبەرو قوتابی و کاسبکارو تێکڕای گەلی ئەو وڵاتە، بەتایبەتی پیادەڕۆکانیان کە لە ماڵ دەردەچن، هەر یەکەو کیسەیەکی بچووك بە تەنیشت خۆیانەوە قایم

**دەکەن و لە ڕێگا هەر پارچە کاغەز و گەڵای هەڵوەریوی دارێك و شتی لەوجۆرەیان بەرچاو بکەوێت، هەر بەڕێوە هەڵیدەگرنەوەو دەیخەنە ناو کیسەکەی لاتەنگەیان، تا دەگەنە سەبەتە، یان بەرمیلی تایبەت بە خۆڵ و خاشاك و فڕێیدەدەنە ناوییەوە، بەمجۆرە بەبێ ئەوەی پێویستییان بە پاککەرەوە هەبێت، نیشتیمانەکەی خۆیان وەکو ماڵەکانیان خاوێن رادەگرن. ئەرێ تۆ بڵێی ڕۆژگارێك بێت، هاوشاری و هاونیشتیمانیانی ئێمەش وەکو کۆرییەکان ماڵەکانی خۆیان و کوچەو کۆڵان و گەڕەکی شارەکانیان خاوێن رابگرن و ئێمەش پێویستیمان بە کارگوزارو پاککەرەوە نەبێت؟!**

**جێگای خەم و داخ و نیگەرانییە کاتێك پارێزەرێك، بەرپرسێکی گەورەی حزبی، یان حکومی، مامۆستایەك، ئەندازیارێك، بازرگانێك، ئەفسەرو پۆلیس و باخەوانێك، گەنجێکی ئاشق و پیرێکی بەساڵاچوو، پەرلەمانتارو وەزیرو بەڕێوەبەرێکی گشتی دەبینین کە پاشماوەی جگەرەکەی دەستی بەوپەڕی گوێ پێنەدانەوە تووڕ دەداتە بەردەرکی فەرمانگەکەی، یان شوێنە گشتییەکان و هەر مێشیشی مێوان نییە، خۆ ئەگەر بوێریت و پرسیاری ئەو هەڵە گەورەیەی لێبکەیت، دەمودەست و بە ڕوویەکی گرژەوە پێت دەڵێت: جا چی بووە، ئەوە نییە بەردەست و کارگوزارو پاککەرەوەکانی شار هەن؟، ئەی حکومەت بۆچی مووچەیان پێ دەدات، خۆ دابەستەنین؟!.**



**گەلی خۆشك و براینە! بڕواتان هەبێ، پاکژی لە ڕۆحی مرۆڤە پاکوخاوێنەکاندایەو بەشێکە لە پەروەردەی خێزانی و کۆمەڵایەتییان، مەردی خوابن، با شارو نیشتیمانی خۆمان خۆش بوێت و خۆمانیش وەکو داگیرکەران پیسی نەکەین!، با هەموومان پاکوخاوێنی بکەینە بەشێك لە پەروەردەی ڕۆژانە.**

*** لە ژمارە (٨٣٩)ی (٢٠١٠/٢/١٠)ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە.**

لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، بەر لە کاتی بانگەشەی هەڵبـژاردن سێ کۆبوونەوەی یەك لەدوای یەکی لەگەڵ بەرپرسی لیستو حزبەکانو دەزگا راگەیاندنەکانی کەرکوکدا کردو تکای لێکردن:

١. زمانی تەشهیرو زبر لە پێشو کاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا بەهیچ جۆرێك پەیرەو نەکرێت.

٢. پەیماننامەیەك هەبێت بۆ گرتنە ئەستۆی بەرپرسیارێتییەکان لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا، بۆ ئەم مەبەستەیش هەماهەنگیی تەواو لە دەزگاکانی جێبەجێ کردنی حکومەتدا بکرێت.

٣. بەردەوام رێنمایی و ئامۆژگاری ئاراستەی تەواوی دەزگاو ناوەندەکان بکرێت بۆ راگرتنو پاراستنی ئارامی شارەکە.

٤. یەکڕیزی کورد لە شاری کەرکوك بپارێزرێت.

٥. پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن سەردەمیانەو مەدەنیانە بێت.

٦. سەرپێچیکار لەلایەن خودی لیستو لایەنەکان دەربکرێت، ئەگەر ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بوو، ئەندامێتی لێوەربگیرێتەوە.

یەکدوو رۆژێکیش بەر لە دەستپێکردنی پرۆسەی بانگەشەی هەڵبـژاردن، ئەنجومـەنی سـەندیکای رۆژنامەنووسـان لـە بەیاننامەیەکی تایبەتدا، داوای لە سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان کرد زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ پرۆسەکەدا بکەنو بەهیچ شێوەیەك سنووری بەڵێننامەی شەرەفی



( ٣٤ )

## ئەگەر لە کوردستانیش جیاوازین، با لە بەغدا هاودەنگو یەکهەڵوێست بین

چەند رۆژێکە پرۆسەی بانگەشەی هەڵبـژاردن بۆ پەرلەمانی عێراق دەستی پێکردووە، سەرەتای بانگەشەکە گەرموگوڕییەکی زۆری پێوەدیارەو جێگای خۆشحاڵیی هەموو لایەکە.

پرسی کەرکوكو بەشداری کردنی کەرکوکییەکانیش لە پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا، پرسێکی چارەنووسسازەو خەمی هەمووانە، پێویستیشە هەروا بمێنێتەوەو خاڵی یەکگرتنەوەی جیاوازیی نێوان کاراکتەرەکانی ئەو خەمە بێت.

بالاكانى گەلى كوردستاندا رۆژ بە شەوو شەويش بە رۆژەوە گرێ بدەن‌و بەرژەوەندييە تايبەتى‌و حزبييەكان وەلابنێن‌و لە خەمى گەڕاندنەوەى كەركوك بن بۆ سەر سنوورى جوگرافياى باشوورى كوردستان، وەكو چۆن دەبينين لايەنە شيعى‌و سوننييەكان، تا ئەوپەڕى ناكۆكى لەنێوان خۆياندا ناكۆك‌و دڕدۆنگن، كەچى كاتێك دێنە سەر پرسى عروبەو هێشتنەوەى عێراق بە بەشێكى جيانەكراوە لە نيشتيمانى عەرەبى، چۆن دەبنە يەك دەنگ‌و لە هەمبەر راوبۆچوونى خەڵكانى ديكەدا سەنگەر دەگرن؟!

چۆن پاراستنى ئارامى‌و ئاسوودەيى كەركوك سەنگى مەحەكە، ئەوهاو بگرە زياتريش بەغدا دەبێتە سەنگەرى يەكلايى كردنەوەى پرسى كەركوك‌و باشوورى كوردستان بە گشتى.

گەيشتنى زۆرترين پاڵێوراوى ليستە كوردستانييەكان بە پەرلەمانى عێراق، ئاواتى كەركوكييە خاك داگيرو زەوتكراوەكانە‌و يەك هەڵوێستى‌و هەماهەنگيشيان سەنگى مەحەكى سەركەوتنەكانى ئايندەيە.

* لە ژمارە (٨٤٠)ى (٢٠١٠/٢/١٧)ى "ئالاى ئازادى"دا بلاوكراوەتەوە.



رۆژنامەنووسى نەبەزێن‌و وەكو رۆژنامەنووس‌و راگەياندنكارێك رێز لە پيشەكەى خۆيان بگرن.

بارودۆخى ئالۆزى كەركوك – كە بۆتە پرسێكى نێونەتەوەيى‌و يوئێن‌و خەڵكانى ديكەش دەستيان تێخستووە – وا لە سەرجەم لايەنەكان دەخوازێت كەركوك بكەنە خاڵى مەبەست‌و لەوێوەو هەر لە پێناو بەرژەوەندى ئەوێش بانگەشەيەكى ديموكراسييانەو شارستانييانە بۆ پاڵێوراوەكانى خۆيان بكەن‌و تا ئەوپەڕى پێداهەڵگوتن بە پاڵێوراو و حزب‌و لايەنەكەى خۆياندا هەڵبڵێن، لێ بە وشەيەكيش دژايەتى پاڵێوراو و لايەنێكى ديكە نەكەن، چونكە ئەوە بەزاندنى هێڵى سوورەو باجى لەسەرە.

پرۆسەى بانگەشەى هەڵبژاردن دەستى پێكرد، وا پێدەچێ لاى هەمووان كەركوك خاڵى مەبەست بێت‌و كەس بوێرى ئەوە نەكات زامە ساڕێژنەكراوەكانى جەستەى زەوتكراوى كەركوك بكولێنێتەوە، كە ئەمە بۆ هەمووان مايەى خۆشحاڵييەو ئايندەش سەنگى مەحەكى دڵسۆزى‌و خەمخۆريى سەرجەم لايەنەكانە.

لەوەش گرنگتر، هاودەنگى‌و هەماهەنگى‌و يەكگرتوويى پاڵێوراوە براوەكانى ليستە كوردستانييەكانە لە بەغدا، بەجۆرێك كە لە بەر رۆشنايى بەرنامەيەكى واقعييانەو كوردستانييانە، ببنە يەكەيەكى كارو لە پێناو بەرژەوەندييە

هەر بە پێی قسەی خۆیان دەڵێن: دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان تەنها بۆ دەنگدانو هەر چوار ساڵ جارێك ئێمەیان بە بیر دێتەوەو ئەویش تەنها بۆ چەند رۆژێکی کەم، ئیدی وەك ئاوارەیەکی کەرکوکی، نە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاوڕمان لێدەداتەوەو نە وەکو کەرکوکییەکی ئاوارەش حکومەتی بەغدا خەمێك لە پرسی ئاوارەیەتیمان دەخوات.

ئەوان دەڵێن: ئێمەی ئاوارەی کەرکوکی هەر جارێك بۆ دەنگدان روومان لە کەرکوكو شارۆچکە داگیرکراوەکانی دیکەی سەر بە کەرکوك کردبێت، تەنها بۆ دەنگەکانمان بووەو دوای ئەوە تەنها پەرلەمانتارێکیش رۆژێك نەهاتووە دەست بەسەر منداڵێکماندا بهێنێتو خەمێکمان لێ سووك بکات!، جگە لەوەش هەتا خودی حزبەکانیش تەنها بۆ دەنگدان ئێمەیان دەوێ، ئەگەرنا وەك ئەوەی ئێمە هەر بوونمان نەبێ واین!.

ئاوارەیەکی کەرکوکی دانیشتوو (میوان)ی بنەسڵاوە بە ناوی (ح.م.ع)، زۆر راشکاوانە دەڵێ: من نازانم ئەو بەڕێزانەی بەناوی کەرکوکەوە خۆیان کاندید کردووەو دەیانەوێ ئێمەی ئاوارەی کەرکوکی دەنگیان پێ بدەین، بە چ روویەکەوە ئەو داوایەمان لێ دەکەنو چ گرەنتییەکمان دەدەنێ کە دوای هەڵبژاردنیان بۆ پەرلەمانی عێراق وەکو زۆربەی ئەوانەی دیکە، خۆیان لێمان نەناس ناکەن؟!.



( ٣٥ )

## چۆن ئاوارە کەرکوکییەکانی ئۆردوگاکان ئاشت دەکەنەوە؟

ئاوارە کەرکوکییەکانی ئۆردووگاکان، ئەو ئاوارانەن کە لە سەردەمی بەعس لەلایەن رژێمەوە لە گوندو شارۆچکەکانی خۆیانەوە بۆ ژمارەیەکی دیاریکراوی ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی سنووری هەولێرو سلێمانی راگواسترانو تا ئێستاش لە ئەنجامی کەمتەرخەمیی دەسەڵاتی سیاسیی کوردستانو نەبوونی پرۆژەیەکی ستراتیژیانەی نەتەوەیی لە باشووری کوردستان، بەشێکی زۆریان وەکو جاری جاران لەو ئۆردوگایانەدا ماونەتەوەو وەکو خۆیان دەڵێن: نامەنەوێ جارێکیتر خۆمان ئاوارە بکەینەوە!!.

بچمەوەو دەنگیش بدەم، بەشکم ئەمە خوایە کەرکوک رزگاری ببێت‌و ئەوکاتە بتوانین بۆی بگەڕێینەوە.

دڵنیام ئەمانەی سەرەوە رای زۆرینەی ئەو ئاوارە کەرکوکییە دڵسۆزانەن کە هەر یەکەو بایی خۆی‌و بەزیادەوەش قوربانییان داوەو ئێستاش هەریەکەو بارێك گلەیی‌و گازاندەی دیکەیان لە حکومەتی هەرێم‌و حزبەکان هەیە. گرنگ ئەوەیە چۆن دەتوانرێت دڵی ئەو خەڵکە رەنجاوە ئاشت بکرێتەوەو لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا دەنگبدەنەوە؟!

* لە ژمارە (٨٤١)ی (٢٠١٠/٢/٢٤)ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە.



(ش.ك.ر) کە خەڵکی یەکێك لە ئاواییە ئاوەدان نەکراوەکانی سنووری پارێزگای کەرکوکەو تا ئێستا لە ئۆردوگای دارەتوو ماوەتەوەو خۆی بە هاووڵاتی ژمارە دووی هەرێمی کوردستان دەزانێت، چونکە لە گوندەکەیاندا حزب تەنها چەند خانوویەکی تایبەتی بۆ چەند کەسێکی سەربەخۆی دروستکردووەو ئەوانیش هیچیان بۆ نەکراوە، زۆر راشکاوانە دەڵێ: کاکە وا وتمان ئەمجارەش ملی خۆمان (......)و بە خەراپەی حزب‌و مەسئولین ناکەین‌و دەڕۆین دەنگیان بۆ دەدەین، چ بەڵێنێکمان پێ دەدەن کە وەکو جارەکانی دیکە لە کەرکوک‌و پردێ‌و دووبزو داقوق‌و خورماتوو و شوێنەکانی دیکە دوای دەنگدانمان بەرەڵڵامان ناکەن‌و بە دڵی شکاوەوە وازمان لێناهێنن؟!.

دایکی شەهیدێکی سەنگەر کە ئەویش لە ئۆردوگای بنەسڵاوە دادەنیشێت‌و خەڵکی یەکێك لە گوندەکانی ناوچەی خورماتووەو خۆی وتەنی لە ئاواییە نیمچە ئاوەدانکراوەکەیاندا خانوویەکیان بۆی دروست کردووە، بە هەڵکێشانی ئاهێکی قووڵەوە وتی: کوڕم ئێمە بەوە خەفەتبارین کە حکومەتی خۆمان هیچمان بۆ ناکات، من کوڕێکم شەهیدی سەنگەرەو یەکێکی دیکەشم لە براکوژی بە کوشت دریا، توانای چوونەوەی دێیەکەی خۆمانم نییە، لەبەرئەوەی دێیەکەمان نە مەکتەبی هەیەو نە کارەبا، بەس شەرت بێ لە رقی حزبەکان دەبێ

گلەیی لەو رەفتارو هەڵسوکەوتە نا لۆژیکیانەیەی دەسەڵاتی خۆی لە هەمبەر ئەم پرسە چارەنووسسازەدا بکاتو بە چاو و دیویکیتر تێیبڕوانێتو لێی وردبێتەوەو مامەڵەی لەگەڵدا بکات!!.

ئاخر ئێمەی کوردو کەرکوکی گلەیی لە حکومەتی بەغدا دەکەین، بەوەی لە زۆر لایەندا جیاوازی لەنێوان کەرکوكو پارێزگاکانی دیکەدا دەکات، کەچی بەهەر هۆیەکەوە بێت دەمانەوێ کەموکوڕییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر پرسی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆزی کەرکوکدا، بخەینە ژێر لێوەوەو پاساوی نابەجێیان بۆ بهێنینەوە!

هەر بۆ نموونە کاتێك دەسەڵاتدارانی تورکیا لە روانگەی شۆڤێنیستییانەی خۆیانەوە، لە دەرەوەی ئەم سنوورە دەسکردە نێونەتەوەییەوە باس لە پرسی کەرکوك دەکەن، بێدەنگییەك لەلایەن بەرپرسانی هەرێمەوە بەرگوێو بەرچاو دەکەوێت، لێ کاتێك سیاسەتمەدارێکی کورد باس لە کەرکوكو مافی خوراو و زەوتکراوی کەرکوکییەکان دەکات، هەر خودی دەزگا راگەیاندنەکانی خۆمان، بە چەندان تیروتوانج تیربارانی دەکەن!!.

هەموو کوردێکی باشووری کوردستان بۆی هەیە لە شارەکانی سنووری هەرێمی کوردستان، کارە یاساییەکانی رایی بکات، تەنها بۆ کوردە کەرکوکییەکان نییە ببنە خاوەنی یەك مەتری



( ٣٦ )

## کەرکوك لەنێوان بەرداشی حکومەتی بەغداو حکومەتی هەرێمدا

کەرکوك، ئەو شارەی بە بەرچاوی هەمووانەوە بۆتە هەستیارترین ناوچەو شاری عێراقو باشووری کوردستان، هەر لایەنەو لە روانگەی بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیەوە تێیدەڕوانێتو مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. بە دڵنیاییەوە سەرنجی تێکڕای لایەنەکان لەم هەلومەرجە ناسکەی عێراقی دوای دیکتاتۆرییەت لە هەمبەر پرسی هەستیاری کەرکوك –بەلایەنە دەرەکییەکانیشەوە– بۆ ئێمەی کورد، دەبێ بە وریاییەوە شرۆڤە بکرێنو هەزاران (سینو جیم)یان بۆ بکرێت. هەرچەندە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان لەم بەشە نیمچە رزگارکراوەیدا، ئەگەر جارێك گلەیی لە دەرودراوسێو پرۆژە نێودەوڵەتییەکان بۆ پرسی کەرکوك بکات، ئەوا دەبێ دەیانجار

دووجا لە شارەکانی دیکە، مەگەر بەناوی خەڵکانی دیکەوە تۆماری بکەن!!، تەنانەت بۆ کەرکوکییەکان نییە بە ئۆتۆمبیلی ژمارە کەرکوکو بە ئارەزووی خۆیان هاموشۆی پایتەختی هەرێمەکەیان بکەن، مەگەر دوای دابینکردنی باجی تایبەت بۆ ئۆتۆمبیلەکانیان! — ماڵی برادەرانی ئاسایشی کەرکوک ئاوابێ کە بەوپەڕی رێزەوە ئەو باجە تایبەتە بۆ کەرکوکییەکان دەکەن.

بە حیساب لادێو ئاواییە چۆڵو وێرانەکانی سەردەمی بەعس ئاوەدان دەکەنەوە، کەچی ئەویش بە پێی میزاجو بەرژەوەندیی حزبیو لە زۆر لادێشدا لە جیاتی ئاوەدانکردنەوە دێیەکەیان دابەشی سەر دووان کردووەو لە گوندێکەوە کردوویانەتە دوو گوندو دوو بەرەی حزبی!!.

تا ئێستا قوتابییە کەرکوکییە دەرچووەکانی کەرکوک لە کۆلیژو زانکۆکانی هەرێمی کوردستان وەرناگیرێن، کەچی مامۆستاو پرۆگرامەکانی خوێندنی بەشی کوردی لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانەوە دابینکراون!، وەک ئەوەی کەرکوکییەکان خەڵکی وڵاتێکی دیکەبنو کوردو خەڵکی ئەم باشووری کوردستانە نەبن!!.

جێگای داخە دوای نزیکەی حەوت ساڵ لە نەمانی دیکتاتۆرو بە حیساب بوونی دەسەڵاتێکی نیمچە دیموکراتی لە عێراق، کەچی تا ئێستا زۆربەی هەرە زۆری گوندە راگواستراو و کاولکراوەکانی سنووری کەرکوکو ناوچەکانی دیکەش،



سادەترین دەستی هاوکاریو یارمەتییان بۆ درێژ نەکراوەو قەرەبووی زیانەکانیان نەکراوەتەوەو هەتا ئەو زەویوزارە کشتوکاڵییانەی بەعس زەوتو داگیریشی کرد، بە فەرمی بۆیان نەگەڕێنراونەتەوە!.

ئەگەر حکومەتی بەغدا بە ئەنقەستو بە مەبەستێکی رەگەزپەرستانەوە لە کەرکوکو کەرکوکییەکان دەڕوانن، ئەی ئەم مامەڵە کردنە پڕ لە جیاوازییەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر کەرکوکییەکان ناوبنێین چی؟!

* لە ژمارە (٨٤٢)ی (٢٠١٠/٣/٣)ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە.

ئەو برادەرە وەك ئەوەی هەنگوینی لە داردا دۆزیبێتەوە، هێندە بە پەرۆشەوە باسی ئەو پرسی بە پایتەخت کردنەی کەرکوکی دەکرد. بێئاگا لەوەی ئەوە چ رەهەندێکی سیاسیی قێزەون و خەتەرناکی لە پشتەوەیەو گەمەکە، گەمەی عەرەباندنەوەی کەرکوکە، نەك بە پایتەخت کردنی ئەم شارە وێران و لە خۆڵ و خاشاکا خنکاوە!!

لە هەنگاوێکیشدا کە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك بە نیازە بیهاوێژێ و شار لە خۆڵ و خاشاك پاك بکاتەوەو ژینگەی کەرکوك لە پیس بوون بپارێزێت، بڕیاری داوە بڕی (١٢) ملیار دینار بۆ پاك کردنەوەی کەرکوك لە خۆڵ و خاشاك تەرخان بکات!! (١٢) ملیار دینار!! وا بزانم بڕە پارەیەکی کەم نییە. ئەنجومەن دەستیان خۆش بێت بۆ پاك کردنەوەی شارو پاراستنی ژینگەی شار لە پیسی و خۆڵ و خاشاك، بەڵام ئایا ئەم بڕە پارەیە توانای پاراستنی چەند ساڵی ژینگەی کەرکوکی لە پیسبوون هەیە؟!، جگە لەوەش کێن ئەوانەی ژینگەی شار پیس دەکەن و خۆڵ و خاشاکی ماڵ و پاشماوەی رووخاندنی خانووەکانیان و بوتڵی شەرابی شەو داوەتیان لە دەوروبەرو دەروازەی شاردا توور دەدەن و زەرەیەك هەست بە بەرپرسیاری ناکەن؟، تۆ بڵێی ئەو بڕە پارەیە لە خولی هوشیارکردنەوەی ئەو کەسانەدا خەرج بکرێت، تاکو هەست بە بەرپرسیارێتیی پاراستنی ژینگە بکەن و چیدیکە شارو دەروازەو دەوروبەری نەکەنەوە زبڵخانە، باشتر نەبێ؟



(٣٧)

## (١٢ ملیار دینار) بۆ پاككردنەوەو (٣٠٠) ملیۆنیش بۆ بە پایتەختکردنی کەرکوك!

ئەم شاری کەرکوکەی لەمەڕخۆمان، هێندە خۆشەویست و ئازیز بووە، هەموو لایەك لیکی تەماحکارییان بۆ دێتەخوارێ و کەسیشیان لەبەر خاك و خەڵکەکەیان نییە، بەڵکو هەر یەکەو مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە.

وەزارەتی رۆشنبیریی بەغدا بڕیاری داوە، ئەمساڵ (٢٠١٠) کەرکوك بکاتە پایتەختی رۆشنبیریی عێراق، بۆ ئەم پرۆژە گەورەیەش بڕیاری خەرجکردنی تەنها بڕی (٣٠٠) ملیۆن دینار دراوە، بەڵێ بە (٣٠٠) ملیۆن دینار کەرکوك دەکەنە پایتەختی رۆشنبیریی عێراق!! برادەرێکی موسەققەفی عەیار (٢٤)یش بە شانازییەوە وتی: ئێمە پێویستە هەموومان پێشوازی لەو هەنگاوە گرانبەهاو پیرۆزەی وەزارەتی رۆشنبیریی عێراق بکەین، ئاخر ئەوە دەستی کێ کەوتووە؟، بەڕاستی دەسکەوتەو گەمەی پێناکرێت، بەڵام گەمەیەو بە ئێمەی کوردی دەکەن!.

دیسانەوە دەستخۆشی لە ئەنجومەنی پارێزگا بۆ ئەو هەنگاوەی، بەڵام کێ گرەنتی دووبارە پیس نەکردنەوەی شار دەدات؟، ئاخر ناکرێت ساڵانە بڕە پارەیەکی لەو شێوەیە بە هەدەر بچێتو ئەو پرۆسەی بە هەدەردانەش دووبارە ببێتەوە. تا ئێستا چەندین جارو چەندین بڕە پارەی قەبە لە پاك کردنەوەی ژینگەی شاردا خەرج کراوە، کەچی دیمەنو ژینگەی کەرکوك هەر نا دروستو نا ئاساییەو دڵسۆزان دڵیان بۆی گڕ دەگرێت.

هەمدیسان بەزمەکە کەرتی تایبەتەو بەدواداچوونو لێپێچینەوەکانیش لە ئەنجامدانی کارەکان، ئەگەر بکرێت ئەوە (موعجیزە)یەکی گەورەیە!!، جگە لەوەش ئەو خۆڵو خاشاکو هەموو زبڵخانەیەی شار لە کوێ فڕێدەدەنو لە چ ناوچەو عەردێك دەیکەنە ژێر خاکەوەو سەری دادەپۆشن؟، یان لەناو شارو دەروازەو دەوروبەری شار هەڵیدەگرنو تۆزێك ئەولاتری شار فڕێیدەدەنەوە؟!، تۆ بڵێی پاك کردنەوەی ژینگەی شار نەهێشتنی بەخێوکردنی مەڕوماڵاتو بزنو مانگاو گامێشەکانی ناو شاریش بگرێتەوەو بڕیاری قەدەغەکردنی بەخێوکردنیان بدرێت؟، یان تۆ بڵێی ئەو هەڵمەتی پاککردنەوەیە شارۆچکەو شارەدێیەکانیش بگرێتەوە؟.

ئەمانە کۆمەڵە پرسیارێکنو هەر یەکەیان پێویستییان بە وەڵامدانەوەو جەخت لەسەر کردنەوە هەیە.

* لە ژمارە (٨٤٣)ی (٢٠١٠/٣/١٠)ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە.



( ٣٨ )

# ئەی ئەمجارە خەتای کێ بوو؟!

هەر لەم گۆشە تایبەتەی (خەمەکانی کەرکوك)ەوە، چەندان جاری دیکە مەترسی ئەو پەرشوبڵاویو پەرتەوازەییەی کوردانمان لە کەرکوك خستەڕوو، تکای ئەوەمان کرد کە کەرکوك زۆر لەو رقو قینە کاتیو لووتخوارییەی نێوان براکانی دوێنێ بەرزو پیرۆزترەو بەرگەی گورزی رقی نێوان براکان ناگرێت، کەچی هەر سوودی نەبوو.

لاپەڕەکانی مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان دەیان نموونەی شەقی گورچکبڕی نێوان براکانی لەخۆ گرتووە، هەر لە راپەڕینەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە، تا دەگاتە هەنووکە، بەشێك لە حزبو سەرکردە سیاسییەکانی کورد بوونەتە ماشەو داردەستی داگیرکەرانو کۆشكو تەلاری خۆماڵییانەی کوردیان کردۆتە قوربانی ئافەرینێکی بێگانەو داگیرکەران.

کەرکوک، ئەو تەلیسمەی کە بۆتە گرێ کوێرەیەکی گەورەو هەر لایەنەو گرەوی لەسەر دەکات‌و دەرئەنجامیش هەر کورد دۆڕاوی گرەوەکانەو ناحەزانیش براوەو سوودمەندن. ئەگەر جاران ئاستی هۆشیاری تاکی کوردی‌و سەرکردایەتی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان لەو ئاستەدا نەبووە – وەک هەندێک وای بە جەماوەر دەفرۆشنەوە کە کوردو بزووتنەوە سیاسییەکانی لە قۆزاخەی دەرەبەگایەتی‌و خێڵایەتیدا نغرۆ بووبوون، بۆیە تووشی ئەو نسکۆو گلانە یەک لەدوای یەکانە هاتوون– ئەی ئێستا خۆ ئەوانەی بانگەشەی پێشەنگی‌و داکۆکی کردن لە جەماوەری بەشمەینەتی باشووری کوردستان دەکەن، خۆ بە حیساب‌و بە کیتاب ئەو قۆزاخەیەیان دڕیوەو لە ئاستێکی هۆشیاریی بەرزدان، چ ئەوانەی خۆیان بە عیلمانی عەیار (٢٤)و چ ئەوانەی خۆیان بە ئیسلامی سیاسیی لە عەیار (٢٤)یش ئەولاتر دەزانن، دێن‌و لەم گێژاوی داگیرکاری‌و مۆلەقەیەی پرسی کەرکوکدا، رێگای سەرکێشییەکی ترسناک دەگرنەبەرو کەرکوک، دەکەنە دەسکەلاو مێوژەخۆشەی سەرزاریان‌و خۆیان پێدەگەیەننە ئەو پلەوپایەیەی مەبەستیانە.

لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی عێراقدا، هەموو لایەنەکان رێکوتەباو برابوون – وێڕای دوژمنکاریی نێوانیشیان– کەچی کوردان کەرکوکیان کردە یاریگای یەکلایی کردنەوەی رقوقینی نێوان خۆیان‌و دەرئەنجامیش پێشبینییەکان وا دەردەخەن کە دۆڕانی کوردان لە کەرکوک



خەریکە دەبێتە ئەمری واقیع. دڵنیام ئێستا زۆرێک لەوانەی ئەو هەڵوێستی دوژمنکارانەیەی بەرامبەر کەرکوک گرتوویانەتەبەرو تا ئێستاش پەیڕەو و پیادەی دەکەن‌و دەیانەوێت لەسەر حیسابی کەرکوکییەکان خۆیان‌و حزبەکانیان‌و بزووتنەوەکانیان دەوڵەمەند بکەن، بە جۆرەها وەڵامی فریودەرانەو بێسەروبەرانە دەکەونە قسەو هەندێکیشیان رێک دەڵێن: مادام بۆ من نەبێ با بۆ (العراقیەو علاوی بێ)!!

ئەرێ گەلۆ!! ئەمە چ لۆژیکێکی بیرکردنەوەو چ گۆشەنیگایەکی سەقەتە بەرنامەی کاری خۆیانی لەسەر دادەڕێژن‌و دەشیانەوێ بە هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە بە کەرکوکییەکانی بفرۆشنەوە؟!، بەوەندەش سوکناییان نایەت‌و دێن‌و دەیان سکالاَ لەسەر یەکتری تۆمار دەکەن، بۆ ئەوەی دەنگی کوردان لە گەڕەکە کوردییەکاندا بسووتێت‌و کەمتر ببێتەوەو دەرهەق بە حەویجەو ئەو شوێنانەی کە رێژەی دەنگدان تیایاندا نزیکەی لە ١٠٠٪ و بگرە زیاتریش بووە، نووزەیەکیشیان لێوەنەیەت؟!، لایەنێک گوایە پیاوەتی دەکات‌و لەبەر دڵسۆزیی بۆ پرسی هەستیاری کەرکوک، سکالاَکانی خۆی دەکێشێتەوە، نەبادا کورد لە کەرکوکدا بدۆڕێت، ئەی کە وایە، بۆچی ئەو گەمەی لیست‌و لیستکارییەتان ئەنجامدا، بۆ نەتاندەزانی جەماوەرتان چەندەو چەند دەنگ دێنن؟!

( ٣٩ )

## چیتر کەرکوک گەمەی حزبایەتی ناکات!!

هەڵبژاردنی (٢٠١٠/٣/٧) بۆ سەرجەم لایەنە کوردستانییەکانی دەرخست کە ئیتر کەرکوک و کەرکوکییەکان چیتر گەمەی حزبایەتی ناکەن و هەر کەس و لایەنێکیش سەرەڕۆیی و سەرکێشیی مێژوویانەی لەوجۆرە بکات، ئەوا دەکەوێتە بەر نەفرەتی مێژووی نەوەکانی ئێستاو داهاتووی گەلی کوردستان.

لە هەمان گۆشەو لە ژمارەی پێشوودا ئاماژەمان بەوە کرد کە ئەگەر ئەمجارە کوردستانییەکان لە کەرکوکدا دۆڕان، خەتای کێ بگرین؟!

ڕەپوڕاست تاوانی هەرە گەورەو ڕاستەخۆمان خستە ئەستۆی ئەو کەس و لایەن و حزبانەی کە ماڵی کوردستانییەکانی کەرکوکیان لەو شارەدا بەش بەش کردو بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان سڵیان لە دۆڕاندنی پرسی هەستیاری کەرکوکدا نەکردەوە، بەڵام ئەمەیان دیوێکی گەمەکەیەو دیوەکەی دیکەی سەرجەم حزب و لایەنە کوردستانییەکان بە کوردو تورکمان و



بۆیە بە دڵنیاییەوە ئەگەر لەم هەڵبژاردنەدا کورد دۆڕاندی، ئەوا هەقوایە بێ سێودوو کردن، تێکڕای کەرکوکییەکان حزب و هێزە سیاسییەکان – کوردییەکان – شاربەدەر بکەن. تێکڕای خاوەن لیستەکانیش پێویستە بەخۆیاندا بچنەوەو جارێکی دیکە سەرکێشیی وا نەکەن و کەرکوک نەکەنە قوربانی خۆیان.

* لە ژمارە (٨٤٤)ی (٢٠١٠/٣/١٧)ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە.

عەرەبــەوە دەگرێتــەوە –ئەوانــەی کــەرکوکین و خۆیــان بــە کوردستانی دەزانن و هیچ ختووکەیەکیان بە کوردستانییەتی کەرکوك و گەڕانەوەی بۆ سەر سنووری باشووری کوردستان نایەت–.

پەیڕەو و پیادەکردنی سیاسەتێکی چەوتی حزبییانەی رووت و چەوت و ناڕەوا لەدوای پرۆسەی رووخاندنی رووکەشیانەی رژێمی دیکتاتۆریی بەعس لە کەرکوك لەلایەن حزبە کوردستانییەکانەوە، زۆر بەتایبەتیش لەلایەن هەردوو حزبی دەسەڵاتدارو حکومڕانی باشووری کوردستان (یەکێتی و پارتی). بەڵگەو دیکۆمێنتەکانی گەمەی حزبایەتی بەرپرسانی هەردوو حزب لە شارەکەو دەوروبەریدا هێندە زۆرو زل و زەبەللاحن، شەرم لە کەس ناکەن و لاپەڕەکانی فەرمانڕەوایەتیی ئەم چەند ساڵەی دوای رووخانی دەسەڵاتی بەعس، نەك هزرو رەفتاری بەعس، لە شارەکەدا قامکی بوێری و راستگۆیی و مێژووییانە بەچاوی هەر کەس و لایەنێکدا دەکەن کە مل بۆ ئەم راستییانە ناخەوێنێ و هەوڵی بە ناڕاست دەرخستنیان دەدات.

ئەوا گریمان دۆڕاندنی ئەمجارەی کوردستانییەکان لە کەرکوك – کە لە ناخەوە دەمانەوێ روونەدات– بەشێکی لە ئەستۆی (یەکگرتوو و کۆمەڵ و گۆڕان)دایە، بەوەی بە لیستی جیاواز هاتنە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنەوەو دەنگێکی زۆری کوردستانییەکانی کەرکوکیان بە هەدەردا، ئەی تاوانی نەهاتن و



دەنگ نەدانی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە کەرکوکییەکانی ئۆردووگاکانی هەولێرو سلێمانی و شوێنەکانی دیکەو هەتا خودی ناو شاری کەرکوکیش لە ئەستۆی کێدایە؟!، ئەی دەنگدانی بڕێك لە کوردستانیانی کەرکوك لەناو خودی شارەکەدا بە (لیستی ئەلعراقیە) کە شۆفێنیترین شۆفێنیستانی کەرکوك و شوێنەکانی دیکە لەخۆ دەگرێت، لە ئەستۆی کێدایەو کێ وایلێکردوون ئەم هەڵوێستە نانەتەوەیی و دژە کوردستانیانەیان هەبێت؟!. ئەرێ ئەوە دەرئەنجام و بەرهەمی پەیڕەو و پیادەکردنی سیاسەتێکی تا سەر مۆخ حزبییانەی حزبەکان نەبووە لە شارەکەدا؟!. زۆر بەداخەوە هەردوو حزبی دەسەڵاتدارو هەتا ئەو حزبانەی کە بە حزبە بچووکەکانیش ناسراون، ستایلی کارکردن و سیاسەتکردنیان لە هەرێمی کوردستاندا گواستەوە بۆ فەرمانڕەوایەتی و دەسەڵاتداریێتی لەشاری کەرکوکدا، حزبە دەسەڵاتدارەکان بە کۆنترۆڵ کردن و دەستەبەسەرداگرتنی سەرجەم کایەکانی ژیان و ژیاری شارەکەو حزبە بچووکەکانیش بە رازی بوون و ملکەچ کردنیان بۆ ئەو سیاسەتە چەوت و نا لۆژیکیانەیە، تا زامی هەڵەکان قووڵ بوون و (کێماوی بوون)و کورد وتەنیش سارێژکردنەوەی زامی (کێماوی) چارەسەرکردنی زۆر ئەستەم دەبێت.

بەڵێ، راستە ئەوانەی بە لیستی جیاواز لە شاری کەرکوکدا گەمەیەکی دۆڕاویان دەست پێکردو دەرئەنجامیش وەکو (خود) دۆڕاندیان، چونکە گەمەکە لە بنچینەدا بۆ بەدەستهێنانی

## (٤٠)

# رۆشنبیران و حکومەتی هەرێمیش بەشداری لە تەعریبکردنەوەی کەرکوك دەکەنەوە!!

ماوەیەکە وەزارەتی رۆشنبیریی عێراق بڕیاری ئەوەی داوە کە لە ساڵی ٢٠١٠دا کەرکوك بکاتە پایتەختی رۆشنبیریی عێراق. گومان لەوەدا نییە کە لە هەر گۆشەنیگایەکەوە سەرنج لەم گەمەیە بدەیت، دەگەیتە ئەو دەرئەنجامەی ئەمە هەوڵێکی بەرنامە بۆ دارێژراوی پێشینەی بە عەرەبکردنەوەی شاری کەرکوکە، کە ساڵانێکە شۆفێنیستان و داگیرکەران هەوڵی بۆ دەدەن و تا ڕادەیەکیش بەری ئەو ماندووبوونەیان چنیوەتەوەو خەڵکانێکی زۆریان لەدەوری ئەو بەرنامە ترسناکەی خۆیان کۆکردۆتەوە کە بە داخەوە زۆرێك لەوانەش رۆشنبیرانی شارەکەو هەندێکیشیان کوردی عەیار بیست و چوارن و ئێستا خودی هەندێك لەوانە شانبەشانی ئەوانیتر بە پەرۆشەوە لە هەڵپەی سەرخستنی ئەو سیاسەتی تەعریبکردنەوەیەی کەرکوکن، ئەمە لە کاتێکدایە کە هێشتا خەم و ناسۆری لەدەستدانی چەند کورسییەکی پەرلەمان لە کەرکوکدا، لە



کورسی پەرلەمانی بوو، نەك بۆ دڵسۆزی و خەمخۆریی بۆ خەمەکانی شارەکە.

بۆیە لێرەوە زۆر بە راشکاوانەوە دەڵێم: بۆ زیاتر نەدۆڕاندن و ریسوا نەبوون لە شارەکەدا پێویستە سەرجەم حزب و لایەنەکان، بەتایبەتیش هەردوو حزبی دەسەڵاتدار لە (ئەلف)ەوە تاکو (ی) بە سەرتابەری سیاسەتە حزبییانە چەوتەکانی خۆیاندا بچنەوەو واز لە گەمەی دەسەڵاتدارێتی حزب بهێنن و کەرکوکییە کوردستانییەکان بە تەواوی ئاشت بکەنەوە.

* لە ژمارە (٨٤٥)ی (٢٠١٠/٣/٣١)ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە.

حەیفێ!!.. تۆ بڵێی ئەو بەڕێزانەی ئەو بڕە پارەیەیان بۆ ئەو بەزمە لە خەزێنەی کوردستانەوە خەرج کردووە، وەکو ئێمەومانانی کەرکوکی ئاگاداری گەمەکانی پشتەوەی ئەو بڕیارەبن؟!

ئاخر ناکرێ خەڵکی شارو وڵاتێك شەڕ لەسەر گەڕاندنەوەی شارێکی پیرۆزی نیشتیمانەکەیان بکەن، کەچی لەولاوە خودی بەرپرسانی ئەو نیشتیمانە دەسباری ئەوانە بدەن کە دژی جێبەجێ کردنی مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراقینو چاویان بە کوردستانییەتی کەرکوكو بوونی کوردان لە شارەکەدا هەڵنایەت!!

ئای ئێمەی کوردی کەرکوکی چەند گوناه و خۆشباوەڕو دڵسافین، هەمیشە لە گەمەکاندا پاشقوڵی خۆمان دەدەینو لە زۆرانبازییەکاندا دەبینە ماشەی دەستی خەڵکانیتر!!

ئەرێ ئەوانەی بە پەرۆشەوە بەشداری ئەو تەعریبکردنەوەیە دەکەن، پێم ناڵێن لە ئایندەیەکی نزیکدا چۆن وەڵامی ئازاری ویژدانی خۆتان دەدەنەوەو لە چ گۆشەنیگایەکەوە پاساو بۆ ئەم کارەتان دەهێننەوەو چۆن قەناعەت بە نەوەکانی داهاتوو دێنن کە ئێوە خەمخۆرو داکۆکیکاری کوردستانی بوونی کەرکوكو گەڕاندنەوەی بوون بۆ سەر هەرێمی کوردستان، یان هەروەکو ئێستا کەرکوك بە ناوچە کێشە لەسەرەکان ناوزەد دەکەنو مێشیشتان مێوان نییە؟!



ئەنجامی دڕدۆنگیو لەخۆبایی بوونی خۆمان ساڕێژ نەبۆتەوە، کەچی دێینو بە خواستی خۆمانو بە دەستی خۆمان کەرکوك، ئەو کەرکوکەی کە دڵو قودسو نازانم چیو چی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانە، دەخەینە نێو بازنەیەکی ترسناکی دیکەی عەرەباندنەوە، ئەویش لە پەنای گەمەی بە پایتەخت کردنی رۆشنبیرییانەی شارەکەو جەختکردنەوە لەسەر پابەندبوونی رەهای شارەکەو خەڵكو خوای شارەکە بە بەغدای عروبەوە!!

ئەمانە هەمووی خەمی گەورەی دڵسۆزانی شارە، بڕیار بوو زۆرێك لە رۆشنبیرانو سەندیکاو یەکێتییە پیشەییەکانی کەرکوك بایکۆتی ئەم بڕیارە بکەنو لە هەمبەر ئەنجامدانیشیدا بەیاننامە دەربکەن، کەچی ئێستا هەندێك لەوانە بە کەماڵی ئیسراحەت شانبەشانی ئەوانی دیکە کە هەندێکیان لە رۆشنبیرانی سەردەمی بەعسنو ئەگەر بارودۆخەکە بەمجۆرە نەبوایە، هەرگیز ئامادە نەبوون بە چرپەیەکیش ئاوڕ لە کوردانی کەرکوك بدەنەوە.

لەوەش خەماویو ناسۆرتر، ئەوەیە رۆژی یەکشەممە رێکەوتی ٢٠١٠/٤/٤ دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بڕی (١٥٠) ملیۆن دیناری بۆ ئەنجامدانو سەرخستنی بە پایتەخت کردنی رۆشنبیریی عێراقیانەی کەرکوك تەرخان کردووە!!.

دڵنیام ڕۆژانی دادێ سەنگی مەحەکی ئەم قسانەی منو هەڵوێستی بەشداربوونی ئێوە دەبێ لە پرسی هەستیارو ناسکی کەرکوکدا. بۆیە ناچارم بڵێم: ئاخ بۆ کەرکوکێك کە خودی خۆمان تەعریبی دەکەینەوەو ئامادەنین بیکەینە پایتەختی ڕۆشنبیری کوردستان، لێ بە شانازییەوە ئارەق بۆ چەسپاندنو مانەوەی بە داپڕاوی دەڕێژین!!

* لە ژمارە (٨٤٦)ی (٢٠١٠/٤/٧)ی ئاڵای ئازادیدا بڵاوکراوەتەوە



( ٤١ )

## کەرکوك و هەفتەی تەندروستیو تیرۆریستیو
## بە پایتەختکردنی ڕۆشنبیری عێراق

خوا نەکا کەرکوك بەبیری خەڵکانی دەرەوەدا بێتو بەردێك لەسەر لادیواری رووخاوی ئەم شارە داگیرو داپڕاوەی باشووری کوردستان دابنرێت، ئیدی لە هەموو لایەکەوە، مێشکە رەقهەڵاتوو و ژەنگ گرتووەکان، شۆفێنیستە دوژمن بە کوردو کەرکووکییەکان، تەعریبچییە شیعەو سوونەکان، بڕیار بەدەستانی وڵاتانی هەرێمایەتیو دەوروبەر، وردەکارییەکانی ئەجێندای سیاسەتی کاولکارییانەی خۆیان سەبارەت بە کەرکوك دەخەنە ڕۆژەڤەوە.

رێکخراوی تەندروستی جیهانی لە هەنگاوێکی گرانبەهایدا، لە نێو هەزار پارێزگای جیهان، کەرکوکی وەکو پارێزگایەك خستە ژێر چاودێریی تەندروستییەوە، کە جێگای خۆشحاڵیی کەرکوکییە دڵسۆزەکانەو رۆژی ٢٠١٠/٤/١١ یەکەمین رۆژی ئەو هەفتەی تەندروستییەی کەرکوك بوو. هەر لە هەمان رۆژدا

هێزەکانی پۆلیسی کەرکوك و دەوروبەری چەندان تیرۆریستیان لە شارەکەو دەرەوەیدا دەستگیر کرد کە بە نیاز بوون لەم هەفتەی تەندروستی کەرکوکەدا، جەستەی دەیان کەرکوکیی بێ تاوانی دیکە لەتوپەت بکەن و جەرگی دەیان دایکی جگەرسووتاویش هەڵقرچێنن. هەر لەم رۆژەدا لە کەرکوك دوو تیرۆریست لەکاتی ئامادەکردنی تەقەمەنی و ئەنجامدانی کاری خۆکوژی لەناو ئاپۆرای بەشداربووانی هەفتەی تەندروستیدا، بۆمبەکە بەخۆیاندا دەتەقێتەوەو یەکێکیان لەتوپەت و ئەوی دیکەیشیان بریندار دەکات. هاوکات لەگەڵ ئەنجامدانی چالاکییەکانی رۆژی یەکەمی هەفتەی تەندروستیدا چەند چەکدارێك لە یەکێك لە گەڕەکەکانی کەرکوك تەقە لە کارمەندێکی ئاسایش دەکەن و تا دەگەیەنرێتە نەخۆشخانە گیان لەدەست دەدات.

سەبارەت بە هەفتەی تەندروستییەکە هیوادارین هەروا بەڕێ نەکرێت و کاری سەرپێیی نەبێت، بەڵکو لایەنە پەیوەندیدارەکان بەپێی بەرنامەیەکی زانستیانەو واقعیانەو تۆکمە ئەم هەفتەی تەندروستییەیان بەرنامەڕێژ کردبێت و سەرجەم چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی کەرکوك و گەڕەکە هەژارنشینەکانیش بگرێتەوەو زیاتر بایەخ بە هۆشیاریی تەندروستی هاووڵاتییان بدرێت، بە تایبەتیش دایکان و باوکان، هەر لە چۆنییەتی پاراستنی ژینگەو بەکارهێنانی ئاوی پاك بۆ خواردنەوەو گەڕان و پشکنینی کۆگاو بازاڕەکان و کۆکردنەوەو سووتاندنی



ئەو خۆراك و شیرنەمەنییە بەسەرچووانەی کە لە وڵاتەکانی ئێران و تورکیاوە هێنراونەتە ناو شارەوە، زۆر بە تایبەتیش ئەو هەموو جۆرە گۆشتە سەیرو سەمەرەیەی کە بازاڕەکانی پڕ کردووەو کەسیش نازانێت گۆشتی چ جۆرە ئاژەڵێکە!!

هەروەها ئەو هەفتەی تەندروستییەی کەرکوکە شارۆچکەو شارەدێیەکانیش بگرێتەوەو هەفتەی تەندروستییەکە بە هەق بۆ تەندروست کردنی جەستەو مێشك و هزری تاکی کەرکوکی بێت، نەك تەنها وەکو هەڵمەتێکی راگەیاندن بەکاربێت، وەکو زۆربەی پرۆژەکانی دیکە، کە بە سەدان ملیۆن دینارو هەزاران دۆلاری تێچووەو جێگای خۆیان نەگرتووە.

هەر لەم هەفتەیەدا بڕیارە یەکەمین هەنگاوی بە عەرەبکردنەوەی شاری کەرکوك لە رۆژی پێنج شەممە ٢٠١٠/٤/١٥، مەبەست یەکەم رۆژی کردنەوەی ئاهەنگی بە پایتەخت کردنی رۆشنبیریی عێراقیانەی کەرکوك دەست پێبکات!!. سەیرە! دەبێ بەرپرسە کوردەکانی کەرکوك چۆن زاخی ئەوە بکەن، لە کردنەوەی ئەو ئاهەنگەدا بەشداری بکەن و دەبێ چۆن و بە چ شێوەیەك لە پشت مایکەکان و لەبەردەم کامێراکان و ئازاری ویژدانی خۆیاندا بێنەگۆو چی بڵێن؟!، چۆن و لە چ گۆشەنیگایەکەوە لەو گەمەیە بروانن؟

ئەم هەفتەیە بۆ کەرکوك و کەرکوکییە دڵسۆزەکان، هەفتەی هەنگاوی بوێرانەو بەشداریی کاریگەرانە دەبێت لەو هەڵمەتە

گرانبەهایەی هەفتە چاودێرییە تەندروستییەی کەرکوک و خۆڕاگری لەبەردەم پەلامارە تیرۆریستییەکانی باندە تیرۆریستییەکاندا کە تا ئێستا لە کەرکوک و باشووری ڕۆژئاوای کەرکوکدا گەراو بنکەیان هەیەو جێگای مەترسین و هەڵوێستی کوردانەو شۆڕشگێڕانەش لە بایکۆت کردنی بڕیاری بەناو بە پایتەختکردنی ڕۆشنبیریی عێراقیانەی کەرکوک!.

* لە ژمارە (٨٤٧)ی (٢٠١٠/٤/١٤)ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە.



## ( ٤٢ )

## ( دڵ و قودس )ەکە دەبێتە ( ملتقى الشمال والجنوب!؟ )

یەکێك لەو خۆشباوەڕی و شەرمنییەی ئێمەی کوردی کەرکوکی: لە زۆربەی چالاکی و ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکاندا خەڵکانی دیکە لەجیاتی ئێمە دەبنە ریش سپی شارو هەر لەجیاتی ئێمەش بڕیار دەدەن و دەبنە سەرچۆپیگێڕی زەماوەندەکان، لێ لە کوێرەوەری و نەهامەتی و تاڵانوبڕۆکاندا خودی کوردانی کەرکوکی باجەکەی دەدەن!!

یەکێك لەو بەرهەمە بە بڕشت و گرانبەهایانەی کە زادەی بیری شۆفێنیستەکان و تەعریبکردنەوەو گەمەی بە پایتەختکردنی ڕۆشنبیریانەی کەرکوکە، بڕیاری دروستکردنی مۆنۆمێنت (نصب)ێکە بەناوی (ملتقى الشمال والجنوب!!!).

خوێنەری بەڕێز! سەرنج بدە (ملتقى الشمال والجنوب!!!)، ئەوان تا ئێستاش ئامادەنین کوردستانی لکێنراو بە عێراقی عەرەبییەوە بەناوی ڕاستەقینەی خۆیەوە ناوزەد بکەن، دێن و لە هەزری شۆفێنیستانەی خۆیانەوە، بە کەرکوکەوە ناوەستن،

هەرێمی کوردستانیش بە (الشمال) ناودەبەن!!. ئەم ناوهێنانەی باشووری کوردستان بە (الشمال)، پیرۆزی ئەو رۆشنبیرو هونەرمەندە کوردانە بێت کە بەشداری سەرخستنی ئەو بەزمە دەکەن‌و شانبەشانی ئەوانیتر دەیچەسپێنن کە بەڵێ نەك هەر کەرکوك، بەڵکو هەرسێ پارێزگاکەی دیکەیش (الشمال الحبیب)ن!!

ئێ باشە خۆ بەعسییەکانیش هەروایان دەوت!، لەوەش زیاتر زۆرجار بە کوردستانیش ناوزەدیان دەکرد، کەچی ئێستا لە گەرمەی دەسەڵاتی حزبی‌و حکومی‌و لە سایەی پارێزگاری کوردی‌و ئەنجومەنی کوردی‌و زۆرشتی دیکەی کوردی، جنێوبارانی مێژووییانەو نەتەوەییانەی شار دەکرێت‌و کەسیش درکی پێناکات‌و نووزەی لێوە نایەت!!. ئامادەبوویەکی رۆژی کردنەوەی (کەرنەڤاڵ)ی بەزمی بە پایتەختکردنەکە گێڕایەوەو وتی: لەو هەموو قوتابی‌و بەشداربووەی رێڕۆیشتنەکە، تەنها قوتابییانی قوتابخانەکانی سەربە بەغدا بانگهێشت کرابوون‌و قوتابخانە کوردییەکانیش هەر ئاگایان لەو (کەرنەڤاڵ)ە نەبوو!!، هۆکارەکەیشی وەکو ئەو ئامادەبووە گێڕایەوە، بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی کەرکوکە کە سەربە بەرەی تورکمانییەو تا ئێستا ختووکەی بە بەشی خوێندنی کوردی دێت، ئەندامی لێژنەی باڵای ئەو بە پایتەختکردنەیە!!، ئامادەبوویەکی حزبییش گێڕایەوە بەرپرسی هەندێ لە حزبە کوردستانییەکانیش کە بانگهێشتی بەشداریکردنی ئەو



(کەرنەڤاڵە!!) کرابوون، بەو دیمەنانە سەرودڵیان گیراوەو هەر زوو ئەوێیان جێهێشتووەو دواتریش داوای گۆڕینی لێژنەکەیان کردووە.

بڕیاریش وایە رۆژی سێشەممە (٢٠/٤/٢٠١٠) کۆبوونەوەیەکی دیکە بکرێت بۆ پێکهێنانی لێژنەیەکی سەرپەرشتیی دیکە، بەڵام بە پێی هەندێ زانیاریی سەرەتایی هەندێك لەو رۆشنبیرو نووسەرە کوردانەی کە بەشداربوون، دوای ئەوەی دەرهاویشتەکانی پشتەوەی ئەو بڕیارەیان بۆ دەرکەوتووە، دەیانەوێ پاشەکشە بکەن‌و لە رووی مێژوویی‌و نەتەوایەتییەوە خۆیان تاوانباری مێژووی نەتەوەو شارەکەیان نەکەن، کە ئەمەیان جێگای دەستخۆشی‌و هەڵوەستە لەسەرکردنە.

لە هەموویشی سەیرتر وەکو چاودێرێك گێڕایەوە کە ئەوجۆرە هەڵپەرکێ عەرەبییەی لە رۆژی یەکەمدا پێشکەش کراو لای ئامادەبووان وا خرایەڕوو کە گوایە ئەوە فۆلکلۆری عەرەبیی رەسەنی ناوچەکەیە، کەچی -وەکو ئەو چاودێرە وتی- ئەوجۆرە شایییە مەگەر تەنها لە باشووری عێراق‌و لە شارەکانی بەسرەو ناسریە هەبێت.

دەمێنێتەوە ئەوەی بڵێین: ئەرێ رۆشنبیرو هونەرمەندانی کوردی بەشداربووی شارەکە لەو بە پایتەختکردنەی کەرکوکەدا، دەبێ ئێوە چ بەرهەمێکی کوردانەی کەرکوکییانەتان

لە شیعرو هونەری موزیكو گۆرانی و هەڵپەڕكێ ئامادە كردبێ، تاكو لەو ڕۆژانی بە پایتەختكردنەدا پێشكەشی مێوانەكانتانی بكەن؟!

ئەرێ تۆ بڵێی ئێمەی كوردی كەركوكی تووشی شێرپەنجەی زاكیرە نەهاتبین و زۆر بەدرەنگەوە لە شتەكان حاڵی نەبین؟

* لە ژمارە (٨٤٨)ی (٢٠١٠/٤/٢١)ی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوكراوەتەوە.



( ٤٣ )

## ڕۆژنامەنووسانی كەركوك و دۆخیكی دژوار

لەبەراییدا بەبۆنەی (١١٢) هەمین ساڵیادی ڕۆژنامەگەریی كوردییەوە جوانترین چەپكە گوڵی باخچە هەڵپڕووكاو و سەركزو خەماوییەكانی شارە تەعریبكراوەكەی كەركوك، پێشكەش بە گیانی پڕ لە وەفاداری بەدرخانییەكان و سەرجەم ڕۆژنامەنووسە شەهیدەكانی شارەكەمان، هەر لە شێخ مارف بەرزنجی و جەبار جەبارییەوە، تاكو (سۆرانی مامە حەمەو ئەوانیتر)و ڕۆژنامەنووسە زیندووەكانی شارەكەمان و سەرانسەری نیشتیمانی دایك.

ڕۆژنامەنووسانی كەركوك، دوای زیاتر لە حەوت ساڵی ڕووخانی دێوەزمەی بەعس، هێشتا لە بارودۆخێكی زۆر دژوارو سەختدا، هەڵوەدای بەدەستهێنانی زانیاری و وردەكاریی ڕووداوەكان و هەواڵەكانی شارن، باجی ئەو گەڕان و هەڵوەدابوونەش، ملسویین بووە لە چەقۆ و هەنگاونان بووە بەنێو كێڵگەی مینی هاتونەهاتی ژیاندا. ڕۆژنامەنووسان و

چەندسەرە بن، لەلایەك ڕاستییەكان وەكو خۆیان چۆنن ئەوها بیانخاتەڕوو، بۆ ئەوەی سنووری ئیتیكی ڕۆژنامەگەری نەبەزێنێت و لەلایەكیتریشەوە تووشی لێپێچینەوەی یاسایی نەبێت، لەلایەكی دیكەشەوە كارێك نەكات دڵی پێكهاتە ئیتنیكییەكانی شار گەرد بگرێت، لەولاشەوە گلەیی دەسەڵات بەهەموو جۆرەكانییەوە: دەسەڵاتی بەغدا، خۆماڵی، پۆلیس، ئاساییش، بەرپرسە گەورەكانی شارو بە چاوی گومانەوە سەرنجدان لە ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنكاران و لە هەموویشیان دژوارتر، پیادەكردنی یاسای سزادانی عێراقی و گوێنەدان و نەخوێندنەوەو داننەنان بە یاسای كاری ڕۆژنامەگەریی لە كوردستان و چەندان لێكدانەوەی وردی دیكە.

بۆیە ئەگەر كاری ڕۆژنامەگەریی لە هەر شوێنێكی دیكە پیشەی سەرئێشە بێ، ئەوا لە كەركوك بۆتە پیشەیەكی زۆر ترسناك و سەرئێشەییەكەیشی سەربار. ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنكارانی كەركوكی بەرگەی تێكڕای ئەو مەترسییانەیان گرتووە، كەچی نە وەكو ڕۆژنامەنووسانی سەربە حكومەتی عێراق مامەڵەیان لەگەڵ دەكرێت و نە وەكو ڕۆژنامەنووسانی پارێزگاكانی هەرێمی كوردستانیش، چونكە ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیاندكارانی كەركوك، بەتایبەتی ئەوانەیان كە سەربە لقی كەركوكی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستانن بەسەرجەم پێكهاتەكانییەوە (كورد، عەرەب، توركمان، كلدۆئاشوور)، ئەوانە لەبەرئەوەی سەربە سەندیكایەكی حكومەتی هەرێمن و



ڕاگەیاندنكارانی كەركوك هەر لەلایەكەوە نەكەوتوونەتە ژێر فشارو هەڕەشەو مەترسی مەرگەوە، لە كەركوك تێكڕای ئاراستەكان دژی كاری ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندنكارین.

لێرە لەم شارەدا: نووسین باجی تایبەتی خۆی هەیەو كاری ڕۆژنامەنووسیش ترسناكترین كارێكە مرۆڤ ئەنجامی بدات. كەم نین ئەو ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنكارانەی لە ئەنجامی گەڕان بەدوای زانیارییەك، گرتەیەكی زیندووی نەهامەتییەكانی شار، دەربڕینی بۆچوونێكی دروست، هەڵڕشتنی خەم و ناسۆرێك، دەرخستنی گەندەڵی و بەدڕەوشتیی بەرپرسێك، گیانی خۆیان نەكردبێتە قوربانی ئەم پیشەی سەرئێشەو پڕ مەترسییەوە، دڵنیاشم كاروانەكەی شەهیدانی ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنكارانی كەركوكی، هەردەم ئاوەدان و پڕ لە ڕێبوار دەبێ.

ئەگەر كاری ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندنكاری لە سەرانسەری جیهان و باشووری كوردستان و ئەم عێراقە نوێیەدا، جۆرێك بێ لە گەڕان بەدوای دەرخستنی ڕاستییەكاندا، ئەوا لەم شاری كەركوكەی ئێمەدا، گەڕانە بەدوای مەرگدا، -ئەمە هیچ زێدەڕۆییەكی تێدا نییەو بەڵگەكانیش گەواهیدەری ئەم ڕاستییەن-. ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنكاری ئەم شارە، كاتێك دەیەوێ كارێكی ڕۆژنامەنووسی ئەنجام بدات، سەرەڕای مەترسی كوشتن و تیرۆرو ڕفاندن، دەبێ لێكدانەوەكانی

سەربە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراقی نین، بەوجۆرە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت‌و وەك دەڵێن (لە هەردوولا بوونە!!).

بۆیە نەك هەقوایە، بەڵکو پێویستەو دەبێ لقی کەرکوکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، سەرەڕای ئەو هەوڵ‌و هەنگاوە بەردەوامانەی کە بۆ ناساندن‌و دانپێدانانی ڕۆژنامەنووسانی سەربە هەرێمی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتی بەغداوە، داویەتی‌و ناویەتی، پێویستە بەدوای میکانیزمی دیکەدا بگەڕێت، بۆ ئەوەی چیدیکە ڕۆژنامەنووسان‌و ڕاگەیاندنکارانی کەرکوك (لە قەلان‌و لە کێشکانیش نەبن).
گرنگترین خاڵیش داننان‌و کارپێکردنی یاسای کاری ڕۆژنامەگەریی کوردستانە لە دادگاکانی کەرکوك.

* لە ژمارە (٨٤٩)ی (٢٨/٤/٢٠١٠) ی "ئاڵای ئازادی"دا بلاوکراوەتەوە.



( ٤٤ )

## خەمەکانی کەرکوك، ماڵئاوا لە ئاڵای ئازادی

هەروەکو چۆن یەکەم بابەتی ئەم گۆشەیەی (خەمەکانی کەرکوك) بەناونیشانی (دەسپێکی خەمەکان)بوو، دەبوایە ناونیشانی ئەم ژمارەیەش کە (٤٤)ەمینەو دوا بابەتی گۆشەکەیە (کۆتایی خەمەکان) بوایە، بەڵام هێشتا کەرکوك لە کوێ‌و کۆتایی خەمەکانی لە کوێ؟.

هەروەکو لە یەکەم بابەتی ئەم گۆشەیەوەش ئەو ڕاستییەم ڕاگەیاند کە گۆشەی خەمەکانی کەرکوك لەسەر داوای هێژا سەرنووسەری ئاڵای ئازادی بوو، وا لێرەشەوە ئەو ڕاستییەش دەڵێم: کە کۆتایی پێهێنانی گۆشەکەش هەر لەسەر داوای خودی ئەو هێژایەیە. من وەکو ڕابەر ڕەشید، ئەوپەڕی ڕێزم بۆ هەردوو داواکەی هەیە، کردنەوەی گۆشەکەو داخستنیشی، چونکە ئەو خۆی سەرنووسەری ئاڵای ئازادییەو وەکو ڕۆژنامەنووسێك خۆی فۆرم‌و ناوەڕۆك‌و ئاراستەی ڕۆژنامەکەی دیاری دەکات‌و بڕیاریش لەدەستی خۆیدایە، تەنها ئەوەندە

نەبێ کە هیوادارم ئەو ماوەیە گۆشەکە میوانێکی ڕەزاقورس نەبووبێ و توانیبێتم هەرجارەو لە میانی ئەو (٤٠٠) وشەیەی گۆشەکەوە کە گەلێجار بیست سی وشەیەکی زیادیشی دەهاتەسەر، ڕاستگۆیانەو بوێرانە خەمێکی شارەکەم گەیاندبێتە تێکڕای خوێنەرانی ئالآی ئازادی کە من هەمیشە بە ڕۆژنامەی خۆمم زانیوە، چونکە سەرەتای گڕوگاڵی ڕۆژنامەنووسییانەی قەڵەمەکەم لەسەر رووپەڕی ژمارە سەرەتاییەکانی سەردەمی شاخی ئالآی ئازادیو گۆڤاری (پێشکەوتن)ی ئەو سەردەمەی شاخ بووە، بۆیە دوای داخستنی گۆشەکەش بەپێی ڕەخسانی دەرفەت لە گەیاندنی خەمو ناسۆرەکانی ئەم شارە داگیرکراوە دریغی ناکەم. بەڵام ڕاستییەکیش هەیەو پێویستە بگوترێت کە هێشتا کەرکوك لە خەمو نەهامەتیو دەردەسەریدا دەناڵێنێتو پێویستی بە دەیان گۆشەی باشترو بە پێزتر لە گۆشەکەی من هەیەو هیوادارم سەرنووسەری ئالآی ئازادی خەمەکانی ئەمشارە بەهەند وەربگرێتو قەڵەمێکی بە بڕشتتر لەوەی من ئەو خەمانەی بۆ بگەیەننە ڕۆژنامەکەی، چونکە بڕوای سەد دەر سەدم بەو ڕاستییە هەیە کە هەر ڕۆژنامەو گۆڤارو رادیۆ و تەلەفزیۆنێك، ئەگەر سیاسی بن، یاخود بایەخ بە سیاسەت بدەن، بەبێ بەسەرکردنەوەی خەمەکانی کەرکوك، پانتاییەکی گرانبەهاو فراوانی هەواڵی ڕووداو و پێشهاتەکانی نەتەوەکەی لەدەستدەداتو لەڕووی مێژوویی و نەتەوایەتییەوە خۆی دووچاری لێپێچینەوە دەکات، ئەمە نەك لەبەرئەوەی کەرکوکیم، بۆیە ئەو بۆچوونە دەخەمەڕوو، بەڵکو ئەوە ڕاستییەکەو کەس ناتوانێت خۆی لێ هەڵەتە بکات، چونکە کەرکوك چەقی کێشەکانی ئەمڕۆو ئاییندەی کوردەو جێبایەخی تێکڕای کوردستانیانی بەشە داگیرکراوەکانی دیکەی کوردستانیشە.

ویڕای تێکڕای ئەوانەی سەرەوە، هیوادارم داخستنی گۆشەکە لە بڕوای تەواوی سەرنووسەرەوە بێت، بەوەی گۆشەکە ئامانجی خۆی ناپێکێو لە خۆڕایی پانتاییەك لە هەفتەنامەکە داگیر دەکاتو خوێنەرێکی ئەوتۆی نییە، یان کاتی نووسینی گۆشەی لەوجۆرە نەماوەو.....تاد، چونکە من ترسی ئەوەم هەیە کە هۆی داخستنەکە فشارێکی دەرەکی بێت، واتە دەرەوەی خودی سەرنووسەر، ئەگەرنا داخستنەکەی زۆر ئاساییەو بارێکیش لەسەر من وەکو ڕۆژنامەنووسێك سووکتر دەکات، بەهۆی سەرقاڵیم بە کۆمەڵێك کاری ڕۆژنامەنووسییانەی دیکەوە.

**تێبینی:** ئەمەی لێرەدا بڵاوکراوەتەوە دەقی بابەتی گۆشەکەیە بەبێ دەسکاری، بەڵام ئەوەی لە ئالآی ئازادیدا بڵاوکراوەتەوە بە دەسکارییەوەیە. (ڕابەر)

* لە ژمارە (٨٥٠)ی (٢٠١٠/٥/٥)ی "ئالآی ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە

## کەرکوک مەکەنە پایتەختی رۆشنبیریی عێراق، ئاوارە کەرکوکییەکان بگەڕێننەوە بۆ کەرکوک

هەر لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی بە پایتەختکردنی رۆشنبیرییانەی کەرکوک و بەبەرداکردنەوەی عەباو عەگالی عێراقییانە، تەنگەتاو بووم و لە چەند دەروازەیەکەوە دەنگی ناڕەزایی و بێزاریم بەرزکردەوە. لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٠ بابەتێکی رەخنەئامێزم بەناونیشانی (گەلۆ هوشیاربن کەرکوک دەکرێتە پایتەختی رۆشنبیریی عێراق) لە زۆربەی سایتە کوردییە ناسراوەکان بڵاوکردەوەو رووبەڕووش لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری رۆشنبیران و رۆژنامەنووسانی کەرکوکی هەوڵی لەقاودانی ئەو کارەمدا، بەڵام جگە لە یەک دوو دەنگی بوێر، کەسیتر هاوخەم و هاودەنگم نەبوون. لە دوو گۆشەی یەک لەدوای یەکی (خەمەکانی کەرکوک)یش کە لە هەفتەنامەی ئالای ئازادیدا بڵاودەبێتەوە لە (٢٠١٠/٤/٧)و (٢٠١٠/٤/١٤)دا باسی مەترسییەکانی ئەو پیلانەم کردووەو داوام لە سەرجەم کەرکوکییەکان و خەمخۆرانی ئەم نیشتیمانە دابەش و



داگیرکراوە کردووە بایکۆتی ئەو تەعریبکردنەوەیەی کەرکوکە بکەن و رێگە نەدەن ئەو پیلانە سەربگرێت، کەچی رۆژی پێنجشەممە (٢٠١٠/٤/١٥) بە بەرچاوی کەناڵەکانی راگەیاندنەوەو بەوپەڕی شانازییەوە نوێنەری وەزارەتی رۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دەنگێکی بڵند تەرخانکردنی (١٥٠) ملیۆن دینار لە خوێنی خاک و زێدی سووتاوی کەرکوکییەکان بۆ تەعریبکردنەوەی شارەکەی شێخ مارف بەرزنجی و جەبار جەباری تەرخان دەکات و شانازیشی پێوە دەکات و بەوەندەشەوە ناوەستێت و ئامادەیی خۆی بۆ سەرخستن و سازدانی چالاکیی لەوجۆرە رادەگەیەنێت!!، کێش ئەو بەڵێنانە دەدات؟ (پ.م)ێکی دێرینی میللەت!!.

ئەرێ گەلۆ! ئەمە چ بێئاگایی و نەخوێندنەوەیەکی زانستییانەو واقعییانەی پرسی کەرکوک و دۆزی رەوای گەلەکەمانە لە باشووری کوردستاندا؟ دەسا ئێوە سەرنج بدەن: ساڵێک دوانزە مانگە، کەچی زڕە رۆشنبیرەکانی کەرکوک دێن و رێک لە (١٥/نیسانی/٢٠١٠) واتە تەنها رۆژێک دوای رۆژی ئەنفالی کوردان لەم باشووری کوردستانەو لەژێر ئالای عێراقی عروبەدا لەناو جەرگەی کەرکوک شایلۆغانی تەعریبکردنەوەی کەرکوک دەکەنەوەو گەورە بەرپرسانی کوردیی حزبی و حکومی شاریش بە جۆش و خرۆشەوە گوێ لە مۆزیکی هەڵپەڕکێ و شانهەڵتەکاندنی لاوانی عروبە دەگرن!!. ئاخر هێشتا خۆڵی سەر گۆڕی دووبارە ناشتنەوەی (١٠٤) منداڵی شیرەخۆرەی

هەقێك بڕی (١٥٠) ملیۆن دینار لە خوێنو خەمی ئەم میللەتە شاباشی تەعریبکردنەوەی ئەو (دڵو قودس)ی کوردستانە دەکەنەوە؟!. ئەریٚ ئێوە لەکاتی بڕیاردانی خەرجکردنی ئەو بڕە پارەیە پرسی کەرکوكو شەڕی کەرکوکییەکانو ئایینەدەی مادەی (١٤٠)ەکەی دەستوورتان لەبیربوو؟. ئەریٚ ئێوە (قودسو دڵەکەی کوردستان)تان لە بیربوو، یان شاباشی شایلۆغانی بەهەدەردانی سەروەتو سامانی نەتەوەیەکەو سەرپشکن لە بە فیڕۆدانی؟!. ئەریٚ بەڕاست ئەم شاباشی (١٥٠) ملیۆن دینارە ناچێتە ناو چوارچێوەی هەڕەشەکردن لە ئاساییشی نەتەوەییمانو سووکایەتی کردن نییە بەو پرسە نەتەوەییەوە؟، ئەو بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەییەی کە ڕۆژنامەنووسانی پێ پەلکێشی دادگاکان دەکرێتو هەر بەو ناوەوەش سزایان دەدەن؟! ئێوە مەیەن! کەرکوك مەکەنەوە پایتەختی ڕۆشنبیریی عێراق، وەرن بەڵێ وەرن ئاوارە کەرکوکییەکان بگەڕێننەوە کەرکوكو گوندە کاولکراوەکانیان دوور لە بەرژەوەندیی حزبایەتیی تەسكو قێزەون ئاوەدانیان بکەنەوەو کارێك بکەن منداڵو نەوەکانیان خۆیان بە کەرکوکی بزاننەوەو کەسێتیی کەرکوکیانەیان بۆ بگەڕێننەوە. ئاخر سەیرە لە سایەی دەسەڵاتی حزبی لەم شارەدا، هەتا ئاوارە کەرکوکییە گەڕاوەکانیش خۆیان بە ئاوارەو مێوان بزاننو دەسەڵاتیش تەنها لە هەمبەر دەنگەکەکانیانو چوار ساڵ جارێك دەرگای پیرەژنێکی ئاوارەی گەڕاوەی کەرکوکی تاریك بکەن!! مەزرعەو



چەمچەماڵو گەرمیان وشك نەبۆتەوە، کەچی دەسەڵاتدارانی عێراق لەناوجەرگەی شارەکەی خۆماندا پێمان دەڵێنەوە: وەرن هەڵپەڕن، ئێوە چیتان داوە لە گۆڕی بە کۆمەڵو منداڵی شیرەخۆرەی ئەنفالکراو!.

سەیرە!.. بەڕاستیش سەیرەو مایەی سەرسووڕمانیشە کە حکومەتێکی کوردی بەشداری لە تەعریبکردنەوەو بە عێراقی کردنەوەی کەرکوکێك بکات کە دەیان ساڵ بەر لە ئەمڕۆ بارزانی نەمر بە (دڵی کوردستان)و مام جەلالیش بە (قودسی کوردستان)ی چواندووە.

ئەریٚ ڕێکخەرانو سەرپەرشتیکارانی -خۆتان وتەنی- کەرنەڤاڵی بە پایتەختکردنی ڕۆشنبیریی عێراقییانەی کەرکوك، پێمان نالێن بۆ ڕۆژی (١٥/نیسان)تان بۆ ئەو (کەرنەڤاڵ)ە هەڵبژارد؟!، تۆ خوێنی شەهیدان پێمان بڵێن: ئێوەی (سرك)!!- ئەگەر سرکایەتی لە کەرکوکدا مابێت- چۆن لەگەڵ ئەو برا عەرەبە چاوڕەشە دەهەزارییانەدا زاخی ئەنجامدانی ئەو بەزمەتان کرد؟ کەیو چ ڕۆژێکیش، ڕۆژێك دوای ساڵوەگەڕی ساڵیادی تاوانەکانی ئەنفالو لە گەرمەی هەنسكو گریانی کەرکوکییەکان بۆ لەدەستدانی کەسوکارە ئەنفالکراوەکانیان.

بۆیە لێرەوە ڕاشکاوانە دەپرسم: ئەریٚ بڕیار بەدەستانی حکومەتی هەرێم لە باشووری کوردستانی بەزۆر لێکنراو بە عێراقی پینەوپەڕۆکراودا، پێمان نالێن ئێوە بۆچیو چۆنو بە چ

پرۆژەی خۆدەوڵەمەندکردن و ڤێللای بەرپرسان ئەمبەرو ئەوبەری شەقامە گشتییەکان داگیر بکات و گوندنشینەکانی گەرمیان و شوان و ساڵەیی و ناوچەکانی دیکەش لە کۆنە کەلاوەی (ئیستیتان)ە عەرەبە داگیرکەرەکان نیشتەجێ بکرێن و لەو گوندانەش ئەوەی کوڕی گوێڕایەڵی حزب نەبێت، بە چاوی بێگانەوە تەماشا بکرێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت!!

ئەرێ بە کوڕو کچانی ئەم میللەتە هەشبەسەرەی ژێردەسەڵاتی خۆتان ناڵێن ئێوە بە تەمای چین و دەتانەوێ چی لەم نیشتیمانە داگیرودابەشکراوە بکەن؟ من لێرەوە وەکو رۆژنامەنووسێك ئەم گلەییە ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکومەت و پەرلەمان دەکەم کە بەرئەنجامی خوێنی شەهیدانی میللەتەکەمان و خودی ئێمەومانانیش تەمەنی گەنجیمان خەڵاتی ئەم دۆزو پرسە پیرۆزە کرد.

تێبینی: چاوەڕوانی ئەوەبووم رێکخراوەکانی (کوردۆسایدو ئەنفالەکانی کوردستان و سەنتەری ئەنفال و رێکخراوە پەیوندیدارەکانی دیکەی تایبەت بە ئەنفال) ناڕەزایی دژی ئەنجامدانی ئەم بەزمە لەم رۆژەدا دەرببڕن و داواش بکەن کوردانی کەرکوکی بایکۆتی ئەو تەعریبکردنەوەیە بکەن، بەلام بەداخەوە لەوانیش هیچمان نەبینی!!

٢٠١٠/٤/١٦

*لە ماڵپەڕی "دەنگی سەربەخۆ"و "کوردستانپۆست" بلاوکراوەتەوە.



## پرسی کەرکوك،
## پرسی نەتەوەیەکە، نەك خەڵکی شارێك

کەرکوك، ئەو شارە کوردستانییەی کە بۆتە چەقی پرسە هەستیارو چارەنووسسازەکانی باشووری کوردستان و عێراق و هەتا زۆرێك لە ولاتە هەرێمایەتی و عەرەبییەکان و لە هەموو لایەکیشەوە دەستی دەرەکی بە ئەمریکاو یوئێنیشەوە لە گوورینی کەولی ئەمشارەدان، هەڵبەتە لە بەرژەوەندیی نەیارانی کوردو دژی دۆزە رەواکەی کوردستانیان.

زۆر سەمەرەو شوورەییشە بۆ هەندێك، پرسی کەرکوك تەنها بە باشووری کوردستان –کوردستانی بەزۆر لکێنراو بە عێراقی عەرەبییەوە– گرێ دەدەن و ئەگەر سیاسەتوانێکی باکوور، یان رۆژهەلات، یاخود باشووری رۆژئاوا لەسەر کەرکوك هەڵبداتێ، ئەوا رەپوڕاست بە سنوور بەزێنی دادەنێن و دەڵێن: جا ئەو بەڕێزە هەقی چییە، خۆی لە کێشەی ئەم نیشتیمانە هەڵدەقورتێنێت!، هەڵبەتە ئەمەش هەست نەکردنە بە

دەبێ درك بەو دزیو تالآنییە نەکات کە لە سەروو و ژێر خاکی کەرکوکدا بە تالآن دەبرێتو کەسیش نقەقەی لێوەنایەت؟

لە هەمبەر ئەم پرسەشدا کوردستانییانی بەشە داگیرکراوەکانی دیکە – بە بۆچوونی هەندێك– بۆیان نییەو نابێ، رەخنە بگرنو رای خۆیان دەربڕن!. ئەمە دەبێ چ لەیەك تێنەگەیشتنێکی نەتەوەیی بێت؟!!

کەرکوك، بەپێی دەستووری ئێستای عێراق، یەکێکە لە پارێزگا کێشە لەسەرەکان، کەچی لە راستیدا پارێزگایەکی داگیرکراو و دابڕاوی باشووری کوردستانە، ئەمە بە پێی دیکۆمێنتە مێژوویی و جیۆگرافییەکانیش، لێ زۆرێك لە سیاسەتمەدارانی خۆمان زمانیان نایەتە گۆ بەوەی بە دابڕاو و داگیرکراوی ناوزەد بکەن، بەڵکو وەکو بەعسییەکی شۆفێنیی عەیار ٢٤ بە شاری کێشە لەسەر ناوزەدی دەکەن!!.

پرسی کەرکوك، تا دێت ئالۆزتر دەبێتو شلوخاوییەك باڵ بەسەر دۆزەکەدا دەکێشێت، کەرکوکییەکان بە تێکڕای پێکهاتە رەسەنەکانیانەوە خەون بە ئایندەیەکی گەشو پێکەوە ژیانێکی ئابڕوومەندەوە دەبینن، تەنها ئەوانە نەبێت کە کرێگرتەو گوێ لەمستی ولآتانی دەوروبەرنو بە هاتنەدیی خەونی کەرکوکییەکان، بازاڕی جاشایەتیو کرێگرتەییان کزو پووچ دەبێت.



پێویستیی بوونی هێزو دیدی یەکێتیی نەتەوەیی کە زۆر پێویستە لە هێزی هەر تاکێکی کورددا بچێندرێتو کاریگەرانە بوونی هەبێت.

چۆن کوردێکی ئەم باشووری کوردستانە لەگەڵ وەشاندنی هەر کێبڵی پۆلیسو جەندرمەیەکی تورکی بۆ سەر گۆناو سینەو سەری بەرزی کوڕو کچە کوردێکی ئامەد، یان وان، یاخود هەر شارو گوندێکی باکووری کوردستان، بڵێسە لە ناخییەوە بەرز دەبێتەوە، بەدڵنیاییەوە کوردێکی بەشە داگیرکراوەکانی دیکەش بەهەمان شێوە لە خەمی هاتنەدیی خەونەکانی کەرکوکدان، وەکو بەشێك لە نیشتیمانە داگیرو دابەشکراوەکەیان.

کەرکوك، ئەو شارە کوردستانییەی کە لە ئێستادا داهاتی رۆژانەی هەناردەی کێڵگە نەوتییەکانی بۆ بەندەری جیهانی تورکی، دەگاتە (٣٤) ملیۆن دۆلار لە رۆژێکداو چاوەڕوانی بڕی داهاتی زیاتریشی لێدەکرێت، کەچی تا ئێستا نە حکومەتی عێراقیو نە هیچ لایەنێکی پەیوەندیداریتر باسی ئەو داهاتەو خەرج کردنی بڕی (یەك دۆلار)ەکە بەرامبەر هەر بەرمیلە نەوتێکی هەناردەی هەر پارێزگایەك لەگەڵ کەرکوکییەکاندا نەکردووە.

ئەرێ ئەوەی تۆزێك خوێندنەوەی بۆ پێشهاتو رووداوەکان هەبێتو لۆژیکیانە خاڵ لەسەر پیتە خاڵ پەڕیوەکان دابنێت،

خەمو خەونی کەرکوکییەکان زۆرن، پێداویستییە هەنووکەییەکان لە ئاسوودەییو ئاسایيشو داهاتێکی شایستەی تاکی کەرکوکیو پەرەپێدانێکی راستەقینیانەی پێکەوە ژیانی پێکهاتەکانیو بایەخدان بە پاکوخاوێنیو تەندروستیو بواری پەروەردەو فێکردنێکی مۆدێرنو زانستییانەی شایستەی سەردەمو ئەوانیتر، بەشێکن لە خەرواری ئەو خەمو خەونانە.

* لە هەفتەنامەی "چەتر"ی ژمارە (٦)ی لە رێکەوتی ٢٠١٠/٥/١٠ بڵاوکراوەتەوە.



## کەرکوكو حزبو جەماوەر!

کەرکوك دایکی کێشە چارەنووسسازەکانی باشووری کوردستانو گرێکوێرەی کێشەکانی عێراقو وڵاتانی دەوروبەر. ساڵانێکە لەیەکتر تێنەگەیشتنێکی ترسناك باڵی بەسەر رەوشی ژیانی رۆژانەی خەڵکەکەیو دەسەڵاتدارانی شارەکەدا گرتووە، لەلایەك خەڵکی هەقێکی رەوای خۆیەتی داوای مافە سەرەتاییەکانی ژیانی خۆی بکاتو لەولاوەش حزب، لە منداڵدانی پڕ لە ڤایرۆسی نەخۆشییە کۆمەڵایەتیو سیاسییە فرە ئەجینداکانییەوە دەسەڵاتێك بەرهەم دەهێنێت، کە لە قوللەی قافەوە لە خوارەوەی خۆیان دەڕوانن و هیچ سەنگو پارسەنگێك بۆ خەڵكو جەماوەری گەل دانانێت!!.

ئەمە زادەی فەلسەفەو ئایدیۆلۆژیای بەعسیزم بوو، بە درێژایی زیاتر لە ٤٠ ساڵ بە هزرو ناخی خەڵکی ئەم دەوڵەتی عێراقی بەزۆر پێکەوە پینەوپەڕۆکراوەدا رۆنراوەتە خوارێو لەگەڵ کەسێتیی تاکەکانی کۆمەڵگادا چەکەرەو گەشەی

کردووەو بۆتە بەشێك لە پێکهاتە رەوشتیو کەسێتییەکانی دیکەی مرۆڤەکان.

دوای رووخاندنی دەسەڵاتی بەعسیزم لە عێراق، نەك نەهێشتنی رەفتارو هەڵوێستەکانی ئەو دەسەڵاتە خوێنڕێژو دیکتاتۆرە قڕو قەڵاچۆ نەکرا، بەڵکو بەجۆرێکی دیکەو لەژێر ناوی جۆراوجۆری دیکەوە درێژەی پێدرایەوەو رەنگی ئاڵاو واڵای بەبەرکرایەوەو کەرکوکیش یەکێکە لەو شارە داگیرو دابڕکراوانەی باشووری کوردستان کە تاکو ئێستا بەدەستی ئەو رەفتارو سیاسەتە هاوشێوە رەفتارەی دەسەڵاتی بەعسەوە دەتلێتەوەو نوقمی زەلکاوێك بووە، تیایدا گوێبیستی هەموو جۆرە دەنگێکی ناشازو ناساز دەبیت، تەنها نووزەیەك –ئەگەر بێتە بیستن– دەنگی کەسانێکی زۆر کەمو دەگمەنی خاوەن هزرو قەڵەم بەدەستانی شارن کە دەڵێن: نا بۆ درێژەدان بە سیاسەتی بەعسیزمییانە لەنێو کایەو جومگە زیندووەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵکی شار، وەکو کایەی پەروەردەو تێکڕای کایە خزمەتگوزارییەکانی دیکە، کە تەژین لە هەڵگرانی بیرو هەڵوێستی بەعسیزم، بەڵام لەژێر ناوێکی خواستراوی دیکەدا کە خەریکە لە بەعس قێزەونتر دێتە بەردیدی خەڵکی شار!!.

هەموو شتێك لە میانی چاویلکە رەشەکەی حزبەوە دەخوێندرێتەوەو شرۆڤەو شیکارییەکی سەقەتی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی حزبییانەیشی بۆ دەکرێتو بەدەر لەوە هەموو



جوانییەکان، ناشیرینو هەموو راستییەکان، ناڕاستو پێچەوانەی خواستو ویستی خوای حزبن!!

ئەرێ کێ هەیە لەمشارەدا، ئەگەر کەسێکی حزبی نەناسێت، بە ئاسانی کارەکانی بۆ مەیسەر بکرێو لەگەڵ وەرگرتنەوەی (ئەوراق)ەکانیدا نیوەی کراسەکەی لەنێو پانتۆڵەکەی دەرنەهاتبێو چاکەتەکەی بەری دەیان شوختی لادیواری پاڵپاڵۆکێی نۆرە سەقەتو ناڕێکەکانی فەرمانگەو هەتا بارەگا حزبییەکانیش نەیگەچراندبن؟!

کام مامۆستای خاوەن بڕوانامەی راستەقینەو ئەزموونێکی دوورودرێژیی نێو بوارەکەی خۆی هەیە لەم شارەدا حزبێك، یان خزمێکی بەرپرسی حزبێك دەستی نەنابێتە بنباڵیو کرابێتە سەرپەرشتیاری پەروەردەییو بەڕێوەبەرو یاریدەدەرو ئەوانیتر؟!

بەڕێوەبەری کام فەرمانگەی میری، مەدەنی، یان سەربازیو پۆلیسو ئەوانیتر هەیە حزب تەزکییەی نەکردبێو توانیبێتی بەو ئاستەی خۆیەوە لە فەرمانگەکەی درێژەی بە کارەکەی دابێت؟!

کەرکوكو کەرکوکییەکان بەدەست مرومۆچیو دڕندۆگیو کۆنەڕقی نێوان حزبەکانەوە، هێندەی نەماوە بە گەورەو بچووکەوە پیرۆزییەکانی شار، ئەگەر حزب پیرۆزییانی تێدا

هێشتبێتەوە، شارو پیرۆزییەکانی شار بەکۆڵدادەن و بەرەو جیهانێکی ون سەری خۆیان و شارەکەیان هەڵبگرن!

ئێستا کەرکوک و کەرکوکییەکان لە خۆیەکلایی کردنەوەدان لەگەڵ حزب، ئەگەر حزب، بەتایبەت حزبە باڵادەستەکان لە روانگەی بەرژەوەندی و چاویلکە رەشەکەی خۆیەوە، هاوکێشەی لاسەنگی شار، لا سەنگتر بکات، ئەوا پووشپسان و تەڵاقدانی حزب زۆر نزیکەو هاکا، نەفرەتی جەماوەر دباری!!.

* لە هەفتەنامەی "چەتر"ی ژمارە (٧) ی ڕێکەوتی ٢٠١٠/٥/١٧ بڵاوکراوەتەوە.



## گەمەی مادەی ( ١٤٠ )و لیژنەیەکی ( ٣٨ ) کەسی و زەویی داگیرکراوی جووتیاران!!

بە قسەی میدیاکان بێت، ڕۆژی پێنج شەممە (٢٠١١/٨/١١)، پەرلەمانی عێراق بە زۆرینەی دەنگ، سەرلەنوێ بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەکی (٣٨) کەسی بۆ چاودێریکردنی بەندەکانی مادەی ١٤٠ دەرکردووە، لە کۆی ئەو (٣٨) ئەندامەی لیژنەی ناوبراو، تەنها (٧)یان کوردن و ئەوانەی دیکە سەر بە قەوارە سیاسییەکانی دیکەی ناو پەرلەمانی عێراقن و لەوانەیشە لە ئاییندەدا ژمارەی لیژنەکە زیاتر بکرێت.

دیارە پێویست بەوە ناکات پێناسەی مادەی ١٤٠ بۆ خوێنەران بکەین، چونکە مادەیەکی دەستووریی ئەوتۆیە کە تیایدا کڵاوێکی گوڵگوڵینی جوان لەسەر دۆزی کورد نراوەو فێڵێکی یاساییش وەکو کەلەپچە کراوەتە مەچەکی سیاسەتمەدارانی گەلەکەمان لە باشووری کوردستان، بە جۆرێك کە بە دانپێدانانی خۆمان و گەواهی ئەوانەی دەنگیان بۆ دەستوورە شڕۆڵەکەی عێراقی عەرەبی داوە —کە خۆم نەمداوە—

خودی بڕیار بەدەستانی کورد دانیان بەوەدا ناوە کە بەڵێ ناوچە داگیرکراوەکانی باشووری کوردستان، ناوچەی گومانـاوی و کێشە لەسەرن و مەرج نییە بەشێك بن لە جوگرافیای کوردستان، کەواتە بۆ کورد چۆنە بۆ خەڵکانی غەیرە کوردیش بەهەمان شێوەیەو هیچ جیاوازییەك نییە، بەم پێودانگ و لۆژیکەش بێت، برایەکی عەرەبی چاوڕەشی داگیرکەرم کە رژێمی بەعس کاتی خۆی لە درێژەی پرۆسەی تەعریبکردنی باشووری کوردستاندا هێنای‌و پارچە زەوییەکی بەراو و بەپیتی بە گرێبەست پێبەخشی، ئێستا هەقی خۆیەتی ئەو گرێبەستە هەڵنەوەشێنێتەوەو ئامادەش نەبێت زێدی کوردان جێبهێڵێت کە لە راستیدا ئەو بە موڵکی خۆی دەزانێت، نەك موڵکی کورد.

بەپێی ئەو زانیارییە سەرەتاییانەی لەبەردەستدان، تەنها لە ناوچەی خانەقی و ناحیەی جەبارە تا ئێستا رووبەری (٤١٧و٦٧) شەست و حەوت هەزارو چوارسەدو حەڤدە دۆنم زەویی جووتیارانی کورد لەلایەن عەرەبە داگیرکەرەکانەوە بە داگیرکراوی ماونەتەوەو بە فیتی پاشماوەی بەعسییەکان و باندە تیرۆریستییەکان ئامادەنین گرێبەستەکانیان لە بەرامبەر بڕە پارەیەك هەڵبوەشێننەوە، بەمەش جووتیارانی کورد کە خاوەنی راستەقینەی ئەو زەوییانەن، تا هەنووکە نەیانتوانیوە زەوییە زەوتکراوەکانیان وەربگرنەوەو بەپێی یاساو دەستوورو مادەی ١٤٠ یش بێت، ئەوا ئەوانیش هەمان ماف بەکارهێنانی



ئەو زەوییانەیان هەیەو بگرە زیاتریش، چونکە ئەوان بە گرێبەست لە حکومەتیان وەرگرتووەو کوردیش خاوەنی بستێك لەو زەوییانە نییە!!. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە ساڵی (٢٠٠٧)ەوە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو گرێبەستانە دراوەو تا ئێستا لەسایەی لیژنە جۆراوجۆرەکانی مادەکەوە، تەنانەت گرێبەستێکیش هەڵنەوەشێنراوەتەوە، خۆ ئەگەر بڕیاربەدەستانی باشووری کوردستان لە هەرێمی کوردستان و لە بەغدای پایتەختی عروبە ئەمە هەڵوێستیان بێت، ئەوا وەکو نوێنەرێکی یوئێن وتبووی هەتا نزیکەی (٥٠) ساڵی دیکەش کێشەی زەویی جووتیارانی کورد، لەو ناوچانە چارەسەر ناکرێت.

پێکهێنانی ئەم لیژنە تازەیەش بۆ چاودێریکردنی جێبەجێکردنی کارەکانی مادەی ١٤٠ کە لەوانەیە ژمارەیان زیاتریش بکرێت، ئەوا جگە لە سیاسەتی (شەڕی کات) لەلایەن بەغداوە دژی باشووری کوردستان و دیزەبەدەرخۆنەکردنی مافە زەوتکراوەکانی کورد، هیچ شتێکی دیکە ناگەیەنێت، ئەوەی زۆر مایەی نیگەرانیشە، تا ئێستا پەرلەمانتارانی کورد لە پەرلەمانی عێراق بە هەموو فراکسیۆنەکانەوە، بۆ ساتێکیش بێت، هەڵوێستی کوردپەروەرانەی خۆیان لە دژی ئەو شەڕی کاتەی بەغدا دەرنەبڕیوەو بەیاننامەیەکیان رانەگەیاندووەو بایکۆتی کۆبوونەوەیەکیشیان نەکردووە، بەڵکو بوونەتە داردەستێکی نەرموشلی دەستی داگیرکەران لە بەغدا، ئەگەرنا

ئاییندەی ئەو ناوچانە لە رووی نەتەوایەتی و وەرگرتنەوەی لە داگیرکەران ئاسۆیەکی تەمومژاوی و لێڵەو مەگەر فریادڕەسێك بێت و کورد لەم قەیرانە رزگار بکات و چیدیکە رێگە بە بڕیاربەدەستە شەرمنەکانی باشووری کوردستان نەدات، یاری بە چارەنووسی نەتەوەیەکی خاك و زێد داگیرکراوەوە بکەن و تەنها مەبەستیان بەرژەوەندیی تایبەتی و حزبایەتیی خۆیان بێت.

* لە هەفتەنامەی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە.



چۆن تا ئێستا کەسێکیان هەستی بەو شەڕی کاتە نەدەکردو هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانەو کوردپەروەرانەی نەدەنواندو شەقی لە کورسییە درۆزنەکەی پەرلەمان هەڵنەدەداو لە هەمبەر ئەو هەموو زوڵم و ستەمەی لە کوردانی ناوچە داگیرکراوەکانی باشووری کوردستان دەکرێت، ریزی حزبەکانی خۆیشیان جێنەدەهێشت، کە بە داخەوە حزبەکان لەم باشووری کوردستانەدا بە گەورەو بچووکیانەوە بوونەتە شێرپەنجەیەکی بێچارەسەرو لە پێناوی بەرژەوەندیی حزبایەتیی خۆیاندا ئامادەن سازش لەگەڵ دوژمنیشدا بکەن، چونکە بێدەنگ بوون لە ئاست درێژەکێشانی ئەم دۆخە دژوارەی ناوچە داگیرکراوەکانی باشووری کوردستان، تاوانێکەو لاپەڕەکانی مێژوو رەش تۆماری دەکات. لەدەستدان و دۆڕاندنی ئەو گرەوەی کە لەدوای پرۆسەی لە گۆڕنانی دەسەڵاتی بەعسەوە بڕیاربەدەستانی کورد دایان و ستراتیژییانە کڵاویان لەسەرنرا، ئەگەر پەلە لە قەرەبووکردنەوەی نەکرێت، ئەوا گومان لەوەدا نییە کە هەرەسێکی گەورەی نەتەوایەتی یەخەی بەشێکی فراوانی خاکی باشووری کوردستان دەگرێت.

(شەڕی کات)ی داگیرکەران و شەرمنی بڕیاربەدەستانی کورد، بەم درێژەکێشانەی نەوەیەکی نابەرپرس و خەمنەخۆری دۆزی نەتەوایەتی دێنێتە بەرهەم و لە هەر رووبەڕووبوونەوەیەکی ئاییندەدا وەکو نەمامی ساوای بەر رەشەبا بەچۆکدادێن و توانای خۆڕاگری و بەرخودانیان نابێت، بەمەش ئاسۆی

## ئەوانەی ناڕەزایی دەردەبڕن و
## داوای مافە سەرەتاییەکانی خۆیان دەکەن، ئاژاوەچی نین

بە ئاڵۆزبوونی ڕەوشی کەرکوک لە خەراپەوە بۆ خەراپتر، ماوەیەکە جەماوەری شاری کەرکوک، زۆر بەتایبەتیش خەڵکی گەڕەکەکانی شۆڕیجەو ڕەحیماوەو فەیلەق و چەند شوێنێکی دیکەی شارو قەزای چەمچەماڵ و شارۆچکەی پردێ لە ئەنجامی بەدەنگەوە نەهاتنی بەرپرسان بۆ دابینکردنی مافە سەرەتاییەکانی وەکو کارەباو ئاو و...تاد، خەڵکی ئەو گەڕەکانە پەنایان بردەبەر خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین. بەداخەوە خۆپیشاندانەکان جۆرە شەپرزەیی و بێ بەرنامەیی و پەرشوبڵاویی پێوەدیارەو هەندێجاریش بە هاتنەناوەوەی هەندێ کەس دۆخی خۆپیشاندانەکان کەشێکی نا ئاسایی و نا یاسایی وەردەگرێت و بەرگێکی ناشیرینی گێرەشێوێنی بە بەر ناڕەزایی و خۆپیشاندانەکانی خەڵکدا دەکات، کە ئەمەیان پێویستە بۆ لەمەودوا ڕێگەی لێبگیرێت و ئەو لێژنانەی سەرپەرشتی خۆپیشاندانەکان دەکەن، لێنەگەڕێن جڵەوی



ناڕەزاییەکانیان لە دەست دەربچێت و بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانەکان مۆرکێکی ناحەزانەی پێوەدیاربێت و پاساو بداتە دەستی دەسەڵات، بەوەی کە ئەوانەی ناڕەزایی دەردەبڕن و خۆپیشاندان دەکەن، گوایە تێکدەرو ئاژاوەچی و دەستی دەرەکین!!. ئەوانەی لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو لە کەرکوکدا ڕژانە سەر شەقامەکان و ڕاشکاوانە داوای سەرەتاییترین مافە خزمەتگوزارییەکانیان کرد کە ئەویش کەمی کارەباو ئاوە، خیانەت و تاوانێکی گەورەیە ئەوانە بە ئاژاوەچی و تێکدەرو دەستی دەرەکی و کۆمەڵێك تۆمەتی دیکە تاوانبار بکرێن، چونکە ئەو بارودۆخەی کە هەر لە دوای نەمانی بەعسەوە شاری کەرکوك و شوێنەکانی دیکەی پێدا تێدەپەڕێت، بارودۆخێکە هەرگیز بەرگەی دواخستن و چارەسەر نەکردن ناگرێت، کورد وتەنی: (جام پڕ بوو لێی دەڕژێت).

هۆکاری سەرەکی ئەو خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییانەش، گەندەڵی و کەمتەرخەمی و بەدەنگەوە نەهاتنی بەرپرسانی شارە بۆ دابینکردنی کەموکوڕی و پێداویستییە سەرەتاییەکانی خەڵك. ئێستا لە کەرکوکدا پرسیاری کەموکوڕی و کەمتەرخەمی بەرپرسانی شار لە هەر تاکێکی کەرکوکی بکەیت، نەك تەنها کورد، بەڵکو سەرجەم نەتەوەو پێکهاتەکانی دیکەی شارەکە زۆر ڕاشکاوانە دەنگ هەڵدەبڕێت و باسی گەندەڵی و مشەخۆری و پاشاگەردانی دۆخی شارو بەدەنگەوە نەهاتنی

بەرپرسانی شار دەکات. لێرەدا پرسیارێك خۆی دەسەپێنێت، ئەویش ئەوەیە:

بۆچی تەنها کوردەکانی کەرکوك نارەزایی دەردەبڕن و پێکهاتەو نەتەوەکانی دیکە تێکەڵی ئەو نارەزاییی و خۆپیشاندانانە نابن؟، ئایا ئەوانیش هەمان کێشەیان نییە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە رەوتی رووداوەکان و بە هەڵواسراوەیی پرسی کەرکوك کە لە ئێستادا زیاتر خۆی لە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ دەبینێتەوە، کوردانی کەرکوکی، بەتایبەتیش ئەو ئاوارانەی بە گەڕانەوەیان بۆ شارەکە، جارێکیتر خۆیان ئاوارە کردەوە، بەو ئومێدەی لە کەشێکی ئارام و ژیانێکی ئاسوودەدا بژین، هەر هەموو ئەمانە ئەو خەڵکەی تووشی نا ئارامییەکی دەروونیی و دڵەڕاوکێیەکی بەردەوام کردووەو هیچ ئاسۆیەکی روونیش بۆ رزگاربوون لەو دۆخە ترسناکە بەدیناکرێت. ئەمە لایەکی رەوشەکەیە، لایەکەی دیکە: کەمتەرخەمی و خۆ دەوڵەمەندکردنی زۆربەی هەرەزۆری بەرپرسانی شارو دوورەپەرێزیی و بێ ئاگاییان لە بارو گوزەرانی خەڵکی شار، چونکە هەر بەرپرسەو ئەگەر هێڵی کارەبای فوولی نەبێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە (مۆلیدە)یەکی گەورەی کارەبا لە بەردەمی ماڵەکەی، یان لەناو پارچە زەوییە چۆڵەکەی تەنیشتی ماڵەکەیدا هەیەو هەر کە کارەبا بڕا، ئیدی ئەو بێ کارەبا نییەو گرەگری دەنگی مۆلیدەکەیشی لەولاوە بوەستێت، جا ئەم دیمەنانەو



چەندان دیمەنی گەندەڵیی دیکەی زۆربەی بەرپرسانی شار وایان لە خەڵکی کردووە بڕژێنە سەر شەقامەکان و داوای مافە سەرەتاییەکانی خۆیان بکەن و پەنا بۆ هەندێك کاری نەشیاوی وەکو پەلاماردانی پەرژینی باخچەو تابلۆی پرۆژەو وێنەو پەیکەری شەهیدان بدەن و بەو پەلامارانە رق و تووڕەیی خۆیانی پێ بەتاڵ بکەنەوە. دیاردەی تایە سووتاندن و هاتنەکایەی رەوشێك کە لە ئاژاوە بچێت، بە دڵنیاییەوە وەکو پێشتر ئاماژەم پێیدا لە لاوازیی و کەم ئەزموونی ئەو لێژنانەوەیە کە سەرپەرشتی خۆپیشاندانەکان دەکەن.

جارێکی دیکەش جێگەی داخە دەسەڵات بە چاوی تێکدەرو گێرەشێوێنی لە نارەزاییی و خۆپیشاندانی خەڵك بڕوانێت و لە خوێندنەوەی خۆپیشاندانەکاندا درك بە رەوایەتیی ناوەڕۆکی نارەزایەتییەکان نەکات و قامکی تۆمەت و ئاژاوەگێڕی بۆ خەڵکی نارازی رابدێرێت، یان پەلاماری رۆژنامەنووسان و راگەیاندنکاران بدات و کامیراو پێداویستییەکانی دیکەی کارەکەیان وردوخاش و زەوت بکات. بۆیە پێویستەو دەبێ بەرپرسان و دەسەڵاتی شار وردترو دوور لە خۆبەستنەوە بە کورسیی دەسەڵاتەکانیانەوە لەو نارەزایەتییانەی جەماوەر بڕوانن و بە دەنگیانەوەش بچن و قەتوقەتیش بە چاوی گێرەشێوینی لێیان نەڕوانرێت، چونکە داواکانیان رەوایەو مافیش هەر دەسەنرێت، ئەگەرنا دیکتاتۆرێکی وەکو سەدام چۆن دوای زیاتر لە ٣٥ ساڵی حکومڕانی، وەکو شێرەبەفرینە

توایەوەو کرایە پەندی مێژوو و فڕێدرایە قێزەونترین زبڵدانی مێژووەوە.

کەرکوک و دەوروبەری پێویستییان بە بەرپرسانی دڵسۆزو خەمخۆرو بوێرە، بێدەنگی و خۆ دوورەپەرێزگرتن و خۆبەستنەوە بە کورسیی دەسەڵاتەوە سەری کورسی و خاوەن کورسییەکەش دەخوات.

* لەماڵپەڕی کوردستانپۆست ٢٠١٠/٨/١٦ بڵاوە کراوەتەوە.



## کێ لە پاشەکشەی

## ڕەوشی ڕۆشنبیری لە کەرکوک بەرپرسیارە؟!

لە ئەنجامی پیادەکردنی سیاسەتی تەعریب لەلایەن حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق لە کەرکوکدا، سەرجەم کایە ڕۆشنبیری و مەعریفییەکان بە شێوەیەکی ناتەواوی بەڕێوەچووە، هەر بۆیەش بە دەگمەن نەبێ، ئەگینا دەزگایەکی گەورەی ڕاگەیاندن و تیپێکی ناسراوی شانۆیی، یاخود مۆسیقاو گۆرانی و بوارەکانی دیکەی هونەری و ڕۆشنبیری لە شارەکەدا بوونیان نەبووە، لە دوای (٢٠٠٣)وە ڕەوشی ڕۆشنبیری لە شارەکەدا گۆڕانکارییەکی خێرای بەخۆیەوە بینی و بۆ ئەوانەی دڵسۆزانە لە خەمی کەرکوکدا بوون گەشبینییەکی ئەفراندبوو، چونکە جگە لە دەرکردنی دەیان ڕۆژنامەو گۆڤار، ژمارەیەک کەناڵی تەلەفزیۆن و ڕادیۆی لۆکاڵی (ناوخۆیی) و نووسینگەی هەندێ لە کەناڵە ئاسمانییەکانیشی تێدا کرایەوە، ئەمە جگە لە دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆری سەنتەرو بنکەو ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری و کۆمەڵایەتی و

بوونی ژمارەیەک لە پەیامنێرانی دەزگا ڕاگەیاندنە عێراقیی و بیانییەکان کە بەهەر هەموویان تەکانێکی باشیان بە ڕەوشی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری لە شارەکەدا دابوو و هەڵکشانێکی ڕۆشنبیریی بەرچاویشی بەخۆوەبینی بوو، بە جۆرێک کە ژمارەی ئەندامەکانی لقی کەرکوکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بگاتە (٧٠٣) ئەندام، ئەمە جگە لەو ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنکارانەی کە ناویان لە لقەکەدا تۆمار نەکراوە، هەروەها دامەزراندنی ژمارەیەک دەزگای ڕۆشنبیری و یەکێتی هونەرمەندان و جۆرەها تیپی هونەری و شانۆیی و...تاد. ئەوەی جێگای باس و هەڵوەستە لەسەر کردنە لە ئێستادا ڕەوشی ڕۆشنبیری لە شارەکەدا لە داکشانێکی ترسناکدایەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەزگا ڕۆشنبیرییەکان و گۆڤارو ڕۆژنامەنکان و تەلەفزیۆنەکان دادەخرێن و کارمەندە ڕاگەیاندنکارو ڕۆژنامەنووسەکانیش پەراگەندەو بێکار دەبن. هەر بۆ نموونە جگە لە داخستنی تەلەفزیۆنی زەحمەتکێشانی کوردستان، ئەم ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوانەش لە دەرچوون وەستێندراون.

لە ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکان:

(کەرکوکی ئەمڕۆ، گەڕانەوە، باسەڕە، ئاوەسپی، کاکەیی، ئارۆ، خۆرنەوەزان، گەرمیانی ئەمڕۆ، شێخ لەنگەر، پردێی برایەتی، هاوژین، سەربەست، ئاسۆی دیموکراسی، ئەمڕۆی دووبز،



ڕۆخانە، داڵەهۆ، کەرکوکی نوێ، کەرکوک الجدیدە، ڕووناکی کەرکوک، ڕۆژی وڵات، ڕاز) هەروەها گۆڤاری (شەفەق، ئەنفال، کەرکوک، مناڵانی باوەگوڕگوڕ، کانیاو). ئەمە جگە لە داخستنی چەندین گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی دیکە کە لە ئێستادا لەبەردەست نین کە بە دڵنیاییەوە ژمارەیان زۆر لەمەی تۆمارکراون زیاترن. لە هەمبەر ئەو شلوخاوی و کەمتەرخەمی و داکشان و پاشەکشەیەی ڕەوشی ڕۆشنبیری -کوردی- لە شاری کەرکوک، هەست بە بزاوتێکی بەرەو ئاراستەی بەغدا لە ئارادایە، هیچ دوور نییە ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیاندنکارانی کەرکوک لەکاتی بە دەنگەوە نەهاتنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و هونەرمەندانی هەرێمی کوردستان و ئەوانیتر بۆ داواکانیان ڕوو لە سەندیکاکانی بەغدا بکەن و ئەندامێتی خۆیان لە سەندیکا کوردستانییەکان هەڵپەسێرن، چونکە تا ئێستا ڕۆژنامەنووسان و نووسەران و ڕۆشنبیرانی کەرکوک، کورد وتەنی: (لە قەلان بوون و لە کێشکانیش)، چونکە هیچ ئیمتیازاتێکی هەرێمی کوردستان نایانگرێتەوە. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: کێ لەم داکشان و پاشەکشەیەی ڕەوشی ڕۆژنامەگەری و ڕۆشنبیرییەی کەرکوک بەرپرسیارە؟ خودی ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیاندنکاران و ڕۆشنبیران، یان جارێکی دیکەش جورئەت بکەینەوەو بڵێین حزبەکان؟

بە دڵنیاییەوە خودی حزبەکان لەم کەشوهەوا تەمومژاوییەی کەرکوک‌و شێواندنی باری دەروونی ئەوانەی خەم لە ئاییندەی کەرکوک دەخۆن‌و سەرو سینگیان لە سەنگەری رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستاندایە بەرپرسیاری یەکەمەو ئینجا هەندێک لە رۆشنبیران‌و رۆژنامەنووسان، چونکە هەر حزبەکان بوون لەگەڵ هاتنیان بۆ کەرکوک، هەر یەکەو کۆمەڵێک نووسەرو رۆژنامەنووس‌و هونەرمەندو خەڵکی رۆشنبیریان خستە پاڵ خۆیان‌و لەگەڵ هەر هەڵکشان‌و داکشانێکیش ژمارەیان بەرەو کەمبوونەوە دەچێت!!، زۆربەی پاساوەکانیش هەژاربوونی حزبەکانە لە رووی داراییەوە، بەڵام راستییەکی خۆبەدەستەوەدانی زۆربەی هەرە زۆری نووسەران‌و رۆژنامەنووسان‌و رۆشنبیرانی شارەکەو نەبوونە دەروێشییانە بۆ حزبەکان‌و کەم هیوابوونی حزبەکانیشە لە پرسی کەرکوک!!

ئەم بارودۆخی داکشان‌و پاشەکشەیەی رەوشی رۆشنبیری لە کەرکوک‌و دەوروبەری بۆتە هۆی بێکاربوونی زۆربەی ئەوانەی لەو دەزگا رۆشنبیری‌و راگەیاندنانەدا کاریان دەکرد کە زۆر بەداخەوەش لەبەر پەیڕەو نەکردنی یاسای کاری رۆژنامەوانی لە کوردستان‌و شوێنەکانی دیکەو نەبوونی یاسای گرێبەستی کارکردن لەنێوان دەزگاکانی راگەیاندن‌و ئەو رۆژنامەنووس‌و راگەیاندنکارانەی کە کاریان تێدا دەکەن، یەکجاری دۆخەکەی ئاڵۆزتر کردووە.



بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم وەکو ئەرکێکی نەتەوەیی‌و نیشتیمانی‌و ئەخلاقی روو لە رۆژنامەنووسان‌و راگەیاندنکاران‌و رۆشنبیرانی شارەکەم بکەم کە دەنگی ناڕەزایی بەرز بکەنەوەو چیتر خۆیان نەکەنە قوربانی ئەو سیاسەتە چەوتە حزبایەتییەی کە لە کەرکوکدا پەیڕەو و پیادە دەکرێت‌و بۆتە هۆکارێکی کاریگەر بۆ لاوازتر کردنی گیانی نەتەوایەتی‌و بەرپرسیارێتی نیشتیمانیی کوردستانی‌و داکۆکیکردنی زیاتر لە پرسی تەمومژاوی‌و نا ئارام‌و نا ئاسایی کەرکوک.

*لە ماڵپەڕی کوردستاپۆستی ٢٠١٠/٨/١٨ی بڵاوکراوەتەوە.

بچووکترین راوبۆچوونی جەماوەری گەل وەربگرن، بەهەڵەداوان بەرەو بەغدای پایتەخت کێلبوونەوە، کێلبوونەوەیەکی وا کە برا برای خۆی نەناسێت، گرنگ دڵڕازیکردنی برای عەرەبی چاوڕەش بوو بە شیعەو سوونەوە، تا حاڵ گەیشتە ئەوەی رووبەرێکی فراوانی باشووری کوردستان کە لە راپەڕینی بەهاری ١٩٩١دا نەتوانرا بپارێزرێت و تا رووخانی بەعس بە داگیرکراوی مابۆوە، لە چوارچێوەی مادەیەکی دەڵەمەیی بەناوی مادەی (٥٨) لەلایەن بڕیاربەدەستانی باشوورەوە کرایە دەسکەگوڵێکی خوێناوی و خۆشباوەڕانە پێشکەش بە خۆشەویستە دڵرەش و کینە لەدڵەکانی بەغدای عروبە کرا، دواتریش گوایە ئەو پرسە چارەنووسسازە بە یاسایی کراوەو خراوەتە نێو ئەو دەستوورە شڕوشەپڕێوەی کە هەموو رۆژێك برا چاوڕەشەکانمان هەڕەشەی دەسکاریکردنی دەکەن و هەر بە زیرەکیی یاساناس و پیاوە تەکنۆکراتەکانی حزب ناوی لێنرا (ناوچە کێشە لەسەرەکان)و لە مادەیەکدا ناوکیان بڕی و ناویان نا مادەی (١٤٠)، بە واتایەکی دیکە خودی بڕیاربەدەستان بە بەرامبەرەکانمانیان وت: بەڵێ ئەو ناوچە داگیرکراوانە (کێشە لەسەرن)و بۆ ئێمەی کورد چۆنە بۆ ئێوەش بەهەمان شێوەیە، کەواتە پیاوە تەکنۆکرات و بەناو یاساناسەکانی حزب خەڵکی دیکەیان کردە خاوەنی ئەو ناوچە داگیرکراوانەو وەکو دەشبینین تا ئێستا بەغدا، جگە لە دەستی دەستی پێکردن، بەولاوە هیچیتری بە کورد پیشان نەداوەو ئەوەی تۆزێك



## بڕیاربەدەستانی باشووری کوردستان و پەتای عێراقچێتی!!

لەهەر گۆشەنیگایەکەوە شرۆڤەی ئەو هەڵپەو پەلەپڕووزێیەی بڕیاربەدەستانی باشووری کوردستان بەرەو بەغدا بکەیت، یەکسەر دەگەیتە ئەو دەرئەنجامەی کە (ئەم ماستە موویەکی تێدایە!!)و بێ هۆ نییە. بەر لە رووخانی رژێمی ئەنفال و جینۆساید، بەرپرسێکی عەرەب وتبووی: زۆرم پێ سەیرە کورد خاوەنی سەربەخۆییە، کەچی داوای حوکمی زاتی لە سەدام دەکات!!. دیارە مەبەست لە کورد، ئەو دەسەڵاتە حزبییە بالادەستەیە کە ئەمڕۆکە جڵەوی دەسەڵاتی باشووری کوردستانی لەدەستدایەو هەرچۆنێك دەیخوێنیتەوەو سەرنجی لێدەدەی ترووسکاییەکی لێبەدی ناکەیت کە دڵخۆشکەر بێت، چونکە هەر لەگەڵ رووخانی سەدام و لادانی دارودەستەکەی، نەك گۆڕینی ریشەیی سیستەمی دەسەڵات، جارێکی دیکە بڕیاربەدەستان، خۆشباوەڕانە بێئەوەی راپرسییەك، یان

خوێندنەوەی بۆ ڕووداوەکانیش هەبێت باش لەو ڕاستییە گەیشتووە کە بەغدا هەرگیز ئامادە نییە ئەو مادەیە جێبەجێ بکات، بۆیە دواجاریش مالیکی وتوویەتی گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێم، خەونە.

لێرەدا پرسیارێکی لۆژیکی خۆی دەسەپێنێت: بۆچی بڕیاربەدەستانی کورد هێندە هەڵپەی گەڕانەوەو ڕاکردنیانە بۆ بەغدا، وەك ئەوەی هەنگوینیان لەدار دۆزیبێتەوە؟ بە بۆچوونی من ئەوان هێشتا لەو پەتاو درمە کیماوی بووەی کە ناوی (عێراقچێتی)یە، نەك هەر (غوسڵ)ی خۆیان دەرنەکردووە، بەڵکو هێشتا دەستنوێژی خۆپاککردنەوەشیان لەو پەتایە هەڵنەگرتووەو پێناچێت ئامادەش بن هەنگاوی بۆ بنێن، چونکە ئەو پەتایە وەکو نیکۆتینی جگەرەکێشێکی لەمێژینە لە موولوولە وردیلە خوێنبەرەکانی ناخیاندا جێگیرو چەسپاوەو شێرپەنجە ئاسا تەنها بە بڕین لەنێو دەچێت.

بارودۆخەکەش بەجۆرێك مەترسیدارە کە مرۆڤی بەئاگا دەتۆقێنێت و زارەترەکی دەکات، چونکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بڕیاربەدەستانی باشووری کوردستان لەجیاتی ئەوەی قەیرانی پرسە چارەنووسسازەکان بکەنە خاڵی مەبەست و گرەو لەسەر نەهێشتن و چارەسەرکردنیان بکەن، کەچی بە پێچەوانەوە هەر ڕۆژەو یەکێکمان لێ دەبێتە ئەندازیاری ئاشتکردنەوەی سەرانی حزب و قەوارە سیاسییەکانی عێراق و بانگهێشتی هەولێرو



سلێمانی دەکرێن. تەنها چارەسەریش بۆ تێکڕای پرسە چارەنووسسازەکان، بانگکردنەوەی پەرلەمانتارانی کوردەو پێدانی (کاتێکی دیاریکراو)ە بە بەغدا بۆ ڕازیبوون بە مافەکانی کوردو دەستهەڵگرتن لە داگیرکارییی خاکی کورد، ئەگەرنا هەڕەشەی سەربەخۆیی کوردستان و دەوڵەتی کوردییە لە باشووری کوردستان بە کەرکوك‌و خانەقینیشەوە، ئەمە نە مەحاڵەو نە وڕێنەشە، وەك دەڵێن: تاقیکردنەوەش باشترین بەڵگەیە.

شۆفێنیزمی بەولاوەو بوونەوە دارشەقەی بنباڵی ئەوانەی لە بەغدا خەریکە لەبەر کێشەی ناوخۆو دەستی دەرەکی بەلادا دەکەون، هیچیتر نییە، کەچی بڕیار بەدەستانی کورد دەبنەوە فریادڕەس و بوژاندنەوەی هزرێك کە لەوەتای ئەم دەڤەرەی داگیرکردووەو تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ، هەمیشە لە خەمی ئەنفالکردنی خاك و زێدو مرۆڤ و کەلتوورو زمان و هەتا ئاو و هەوای کوردیشدان، لێ بە داخەوە بەدەستی خۆمان فەرموویەکی دیکەیان لێدەکەینەوە، بۆ ئەوەی بەهێزببنەوەو یەکتربگرنەوەو ببنەوە جەلادەکەی جاران. من تێناگەم چ حیکمەتێك لەم بێ حیکمەتییەدا هەیە؟!

ئەمە لە جیاتی ئەوەی بڕیاربەدەستانی کورد لە باشووری کوردستان، بەوپەڕی دڵسۆزی و خێراییەوە کار لەسەر سازدان و ئامادەکردنی تاکی کوردی بکەن بۆ هەر گۆڕانکاری و وەرچەرخانێك کە لەم ئێراقە پینەوپەڕۆکراوەدا رووبدات، کە بە دڵنیاییەوە، روودەدات و تازە هیچ هێزێك ناتوانێت ئەو جەستە پینەوپەڕۆکراوەی ئێراقی عەرەبی، ئەوەی بڕیاربەدەستانی کورد ناویان ناوە (ئێراقی فیدرالی) بە دروستی بەیەکترییەوە ببەستێتەوەو تەنها درێژکردنەوەی تەمەنی وڵاتێکی پینەوپەڕۆکراوە، کە تاکە زەرەرمەندیش لەم نێوەندەدا هەر خودی کورد دەبێت، نەك خەڵکانی دیکە. ئەمە بۆ مێژوو دەڵێم و ئاییندەش سەنگی مەحەکە.



## مەبنەوە دارشەقەی بنباڵی هەستانەوەی دەسەڵاتی ناوەند

ماوەیەکە دەنگۆی بەستنی کۆنگرەیەکی نیشتیمانی لە بەغدا، یەکێکە لە هەواڵە هەرە گەرمەکان لە ئێستادا، ئەوەی تێبینیش دەکرێت، ئەوەیە بڕیاربەدەستانی کورد، رۆڵێکی ئەرێنی لە سازدان و سەرکەوتنی ئەم کۆنگرەی نیشتیمانییەدا دەبینن، کە راستییەکەی کۆنگرەی بەهێزکردنەوەی شیعەو سوننەیەو دەرئەنجام بەهێزکردنی دەسەڵاتی ئەو ئاوەزە بە دۆگمابووەی پان عەرەبیزمی ئیسلامییە (بە شیعەو سوننەوە)، چونکە ئەوان ئەگەر لەگەڵ یەکتریشدا دژو دوژمنیش بن، بەڵام ئەگەر دەستیان داری گرتەوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە بە دەیان پاساوی حازربەدەستی لە قوتووکراویان هەیەو دەکەونەوە هێرش و پەلاماردانی کوردانی باشووری کوردستان و هەوڵی لەدەستدانی ئەو دەسکەوتانەش دەدەن کە ساڵانێکە کورد لەم پارچەیەی بەدەستی هێناوە. ئەوەی تۆزێك لە سیاسەت بزانێت، دڵنیایە لەوەی کە ئەم هەوڵە چڕوپڕەی کە بڕیاربەدەستانی کورد بۆ سەرکەوتنی ئەو کۆنگرە بەناو نیشتیمانییە دەیدەن و خۆیان لە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان دەدزنەوە، جگە لە وزەخستنەوەبەر، جەستەی شەکەت و کەنەفتی پان عەرەبیزمی

## با بە هەموومان (ئەستۆپاکی)ی دادگایی بۆ شەهید (شێخ مەعروف بەرزنجی و هاوڕێکانی) بگەڕێنینەوە

زۆر دەمێك بوو لە خەمی ئەوەدابووم دەرفەتێکم بۆ بڕەخسێت، بابەتێکی گرنگو مێژوویی و پڕ بایەخ لەسەر پۆلێك شەهیدی کەرکوکی بۆ رای گشتی و بەرپرسانی دڵسۆزی نەتەوەکەم بورووژێنم، بەو هیوایەی لێی بێینەدەنگو چیدیکە مێژووی ئەو پۆلە شەهیدەی دژی چەوساندنەوەو زوڵمو ستەمی ستەمکاران، بەوجۆرە نەمێنێتەوەو ئەوان کە لە پێناوی مافە رەواکانی مرۆڤە چەوساوەکانی ئەم میللەتە سەربەرزانە چوونە بەرپەتی سێدارەو گیانی خۆیان کردە قوربانی دۆزی رەوای چینایەتی و نیشتیمانی گەلەکەیان، پێویستە بەوپەڕی پشوودرێژییەوە بەدوای وەرگرتنەوەی (رد الاعتبار)ی ئەو پۆلە شەهیدەدا بچینو بە بڕیاری دادگای باڵاو (مەرسومی) کۆماری، تۆمەتی خائینو نۆکەری بێگانەو ئاژاوەچی و کۆمەڵێك ناو و دەستەواژەی ناشایستە بەو پۆلە شەهیدە لە مێژووی دادگای عێراقدا



بسڕینەوەو ئەستۆپاکی ئەو شەهیدانە بۆ مێژوو تۆمار بکەینەوەو نەوەکانی ئێستاو داهاتووش بزانن کە ئەو پۆلە شەهیدە، خائینو ئاژاوەچی و گێرەشێوێنو نۆکەری ئیستیعمار نەبوون، وەك ئەوەی دادگای ئەو کاتەی بەعسییەکان لە ساڵی ١٩٦٣دا بەو دەستەواژانە تاوانباری کردنو لە (١٩٦٣/٦/٢٣)دا لە سێدارەیدان. هەر لێرەوەش داوا لە شێخ سامانی کوڕی شەهیدی چەوساوەکان شێخ مارف بەرزنجی دەکەم کە هەوڵو بەدواداچوون بۆ ئەم پرسە گرینگە بکاتو -چونکە دڵنیام پێی دەکرێت- دوای زیاتر لە (٤٧) ساڵ لە شەهیدبوونو لە سێدارەدانی شێخ مارف بەرزنجی و (٢٧،یان ٢٨) هاوڕێکەی دیکەی بتوانرێت لە رێگەی دادگاوە (ئەستۆپاکی-رد الاعتبار)یان بۆ بگەڕێنینەوەو ئەو پۆلە شەهیدە وەکو شەهیدانی سەربەرزی گەل بێنە تۆمارکردنو ناساندنو لە رۆژی شەهیدبوونیشیاندا بە شێوەیەکی شایستە یادیان بکرێتەوەو رێز لە خەباتو قوربانیدانیان بگیرێت. هەرچەندە لە دیداری شەهیدی رۆژنامەنووس شێخ مارف بەرزنجی کە لەلایەن لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانو هاوکاریی بنەماڵەی شەهید شێخ مەعروف بەرزنجییەوە لە رۆژی (٢٠٠٩/٤/٢٥) سازدراو تیایدا کۆمەڵێك توێژینەوە لەسەر بەرهەمە رۆژنامەنووسی و ئەدەبییەکانی شێخ مارف پێشکەش کران، هەر لەوێ هێژا (مامۆستا عەلی زەنگنە) راشکاوانە ئەوەی راگەیاند کە خودی خۆی داوای لە سەرۆکی کۆماری عێراق،

سەرۆک مام جەلال کردووە کە هەوڵی وەرگرتنەوەی (رد الاعتبار)ی ئەو پۆلە شەهیدە سەربەرزەی گەلەکەمان بدرێت‌و لە لاپەڕە فەرمییەکانی مێژووی عێراقدا ناویان تۆمار بکرێت‌و ڕێزی شایستە بەخۆیانیان بۆ بگەڕێنرێتەوە.

ئەوەش دووپات دەکەمەوە کە ئەم داواکارییە شیوەن نییە بۆ مردووەکان، بەڵکو دڵسۆزییەکە بۆ ئەو مرۆڤە بە هەق مرۆڤانەی کە وەکو شێخ مارف لە وەسییەتنامەکەیدا شەوی پێش لە سێدارەدانی نووسیویەتی‌و لە بەشێکیدا دەفەرموێ: "بە ناهەق لە سێدارەدرام، لێ بە شەرافەتمەندانە ژیام‌و بە شەرافەتمەندانەش دەمرم".

تکام وایە دڵسۆزانی گەلەکەمان، ئەوانەی خەمخۆری دۆزی ڕەوای نەتەوەکەمان‌و تۆمارکردنی مێژووە پڕ لە شکۆدارییەکەیین، با ئەم داوایە بەهەند وەربگرن‌و بە هەموومان بتوانین دوای زیاتر لە (٤٧) ساڵ لە ئیدانەکردنی ئەو پۆلە شەهیدە سەربڵندە لەلایەن دادگای عێراقیی ئەو سەردەمەوە، نازناوی شەهیدانی گەل، شەهیدانی ماف مرۆڤە چەوساوەکان، شەهیدانی دژ بە زوڵم‌و ستەمی داگیرکەران، شەهیدانی شکۆمەندی کوردستانیان بۆ بگەڕێنینەوە، تاکو بۆ زیندووەکان ببنە مێداڵی خۆڕاگری‌و دڵسۆزی‌و ئەمەکداری.

*لە ماڵپەڕەکانی: کوردستان نێت، دەنگی سەربەخۆ، دێرینەکان، کوردستانپۆستدا لە ٢٠١٠/١١/١٥ بڵاوکراوەتەوە.



## خەمی کەرکوک، گۆڕینی دەموچاوەکانی حزبە، یان چاکسازی‌و هەنگاوی دڵسۆزانەیە؟

دوای نزیکەی (٨) ساڵ لە تێپەڕبوون بەسەر رووخانی دەسەڵاتی بەعس‌و دانانی کۆمەڵێک بەرپرسی حزبیی حزبە باڵادەستەکانی باشووری کوردستان‌و هەندێ لە حزبە هاوپەیمانەکانیان‌و لە ئەنجامی ئەو باهۆزی گۆڕانکارییەی لە ناوچەکەدا دەستی پێکردووەو خەریکە باشووری کوردستانیش دەگرێتەوە، تازە بە تازە دەسەڵاتی حزبی کەوتوونەتەخۆ بۆ گۆڕینی ئەو بەرپرسانەی کە ساڵانێکە جگە لە پەیڕەو و پیادەکردنی سیستەمێکی سەقەتی سیاسەتکردن لە کوردستان بە گشتی‌و لە کەرکوکیش بە تایبەتی هاتوون‌و بە قسەی خۆیان دەیانەوێ گۆڕانکاری بکەن!!، هەرچەندە زۆرینەی خەڵکی سڤیل‌و کەسانی وەکو ئێمەومانانیش دڵنیایە لەوەی کە مادام گۆڕانکارییەکان حزب دەیانکات‌و کۆرپەی منداڵدانی هەمان سیستەمی حکومڕانیی فەلسەفەو ئایدیای حزبایەتین، ئەوا گۆڕینی هەندێ لە بەرپرسەکان، جگە لە گۆڕینی دەموچاوەکانی ئەندامە باڵادەستەکانی حزب بەولاوە هیچیتر نییەو خۆڵ لەچاوکردنی جەماوەرو درێژەدانە بەلاڕێدابردنی چارەنووسی کەرکوک‌و هێشتنەوەی زێدو مرۆڤەکانییەتی بە داگیرکراوی.

دڵنیاین لەوەی کە بەرپرسێکی حزبی هەرچەندە دڵسۆزی گەل و نەتەوەکەی بێت، تا ئەو شوێنە لەگەڵ کاروانی ئەو دڵسۆزییەدا رێدەکات کە حزبەکەی رێگەی پێدەدات و دوای ئەوە دەبێ، یان دەسبەرداری حزبایەتی و گیرفان پڕکردن بێت، یاخود ببێتەوە دەستەمۆی حزبەکەی!!. ئەمەی لێرەدا ئاماژەی پێدەکەم، خودی ئەو جۆرە بەرپرسانەش لە من و خەڵکانی دیکەش باشتر درکی پێدەکەن، لێ لە ترسی حزبەکانیان دەیان و سەدان پاساوی بێ پاساویان بۆ دەهێننەوە: وەك ئەوەی پێش رووخانی سەدام: مەترسی سەدامان لەسەر بوو، دوای ئەویش مەترسی وڵاتە هەرێمایەتییە داگیرکەرەکانی دەوروبەرو هەتا مەترسیی بەغداشمان لەسەرە!!. ئەرێ پێمان ناڵێن کەی ئەو مەترسیانە کۆتاییان دێت، یان دڵنیان کۆتایی هاتنی ئەو مەترسییانە، کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی خودی خۆتانە؟

به کوردی و به کورتی: ئەگەر ئەو شکستەی کورد لە کەرکوك بەدەستی هەردوو حزبی دەسەڵاتدارو حزبە پاشکۆکانی دیکەیەوە خواردی و دۆخەکە بەمڕۆژە تاریکە گەیشت، کە پێویست ناکات بچینە ناو وردەکارییەکانییەوە، چونکە منداڵێکیش دەزانێت کە لە درێژەی ئەم هەشت ساڵەدا لە کەرکوك چی کراوەو چۆن کراوەو بۆ کراوە؟!!

بۆیە ئەگەر گۆڕینی بەرپرسە حزبییەکانی ناو حکومەت لە کەرکوکدا، گۆڕینی ئەوانەیە کە حزب پێی وایە، ئەوان



باروودۆخی کەرکوك و کەرکوکییەکانیان بەم دۆخە گەیاندووەو دەبێ کەسانێکی دیکەی حزبی و گوێڕایەڵی حزب لەو شوێنە هەستیارانە دابنرێن، ئەوا هەڵەیەکی کوشندەی دیکە دەکەن، چونکە ئەو جۆرە بەرپرسە حزبییانە، ئەگەر دارەکەی مووساشیان بدەیتە دەست، بەبێ بڕیارو فەرمانی حزب، ناتوانن هەنگاوێك هەڵبێنن. پێموایەو دڵنیاشم کە گۆڕینی بەرپرسە حزبییەکانی ناو هەندێ لە جومگەو کایە گرنگەکانی حکومڕانێتی لە کەرکوك لە ئێستادا، جگە لە گۆڕینی دەموچاوە حزبییەکان کە حزبیش گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی هەندێك لەوانە لای جەماوەر ناشیرین بوون، کە دیسانەوە دەیڵێمەوە ئەوانە ئەگەر ناشیرینیش بووبن، هەر خودی حزب ناشیرینی کردن، بەولاوە هیچیتر نییە. بە دڵنیاییەوە تاکە چارەسەر بۆ پرسی کەرکوك و ئایندەی کەرکوکییەکان، گۆڕینی ریشەیی ئەو سیستەمی فەرمانڕەوایەتییەیە کە لە هەرێمی کوردستان و بەغداش پەیڕەو دەکرێت، دەڵێم سیستەم، نەموتووە، حزب و کەسەکان، چونکە ئەگەر هەر هەمان سیستەمی فەرمانڕەوایەتی پەیڕەو و پیادە بکرێت، با حزبی (ئەلیف) نەبێت، (ی) بێت، ئەوا هیچ لە مەسەلەکان ناگۆڕێت و تەنها هەولی خۆڵ لەچاوکردنی جەماوەرە کە مەحاڵە هەتا دونیا دونیایە ئەوها ملکەچ و بێدەنگ دابنیشێت و نووزەی لێوە نەیەت!!

* لە ماڵپەڕی کوردستانپۆستی ٢٠١١/٢/٢٤ بڵاوکراوەتەوە.

## کەرکوك و (ئحم)ی بەرپرسان و
## دووبارە تەعریبکردنەوەی کەرکوك!!

لە سەرجەم وڵاتە ئازادو پێشکەوتووەکاندا، هەر شارو پارێزگاو ناوچەکەیەك، لە داهاتی ناوچەکەی خۆی پشکی شێری بەردەکەوێت و ئینجا لەو داهاتەی کە هەیەتی بۆ ناوچەکانی دیکەی وڵاتەکە دەچێت. لێرە لای خۆمان پرسەکە بە پێچەوانەوەیە، ئەوەتانێ کەرکوك خۆی بەرهەمهێنەری وزەیەکی زۆری کارەبایە، کەچی خودی شارەکەو خەڵکەکەی لێی بێبەشن!!،

لە هەفتەی رابردوودا دەسەڵاتدارانی کەرکوك، بۆ یەکەمجار لە مێژووی دوای نەمانی بەعس لە شارەکەیاندا، بوێرانە هاتنە دەنگ و راشکاوانە بە حکومەتی عێراقییان راگەیاند: کە یان بەشە کارەبای کەرکوك زیاد دەکرێت، یان ئەوەتا هەڵوێستمان دەبێت و چی دیکە بێدەنگ نابین. ئەمە ئەگەر خوێندنەوەیەکی وردو واقعییانەی بۆ بکرێت و دوور لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی و



حزبی و بەرژەوەندییەکانیتر شرۆڤە بکرێت و تەنها لایەنە مرۆییەکەی لەبەرچاو بگیرێت، هەنگاوێکی ئەرێنیی گرانبەهایەو دەبوایە دەمێك بوو، دەسەڵاتدارانی کەرکوك بیریان لە هەنگاوی لەمجۆرە بکردبوایەتەوەو لە ئاست داوا رەواکانی خەڵکی کەرکوك بێدەنگ نەبوونایە.

ئەم هەنگاوە دەکرێت بۆ وەڵامدانەوەی خۆ گنخاندنی حکومەتی عێراقی لە هەمبەر جێبەجێ نەکردنی ماددەی (١٤٠)یش بگیرێتەبەرو زیاتر چڕوپڕتر بکرێتەوەو لەگەڵ هەر پەرچەکردارێکی لەم جۆرەدا جەماوەری کەرکوك بێتەدەنگ و وەکو کارتی فشار بەکاربهێنرێت. هەروەها دەکرێ لە بەرامبەر بە تاڵان بردنی سامانی ژێر زەویی کەرکوك لە نەوت و غازو بەروبوومەکانیتر، ئەم هەنگاوە چەندبارە بکرێتەوە، بە دڵنیاییەوە بەرهەم و دەسکەوتی دەبێت و جەماوەریش لەسەر داواکردنی مافە سەرەتایی و رەواکانی خۆی رادەهێنرێت و دەبێتە خاوەنی ئیرادەی خۆی.

هەرچەندە ئەم هەنگاوە دەبوایە لەلایەن رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنییەوە دەستپێشخەری بۆ بکرابوایە، بەڵام زۆرینەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی وابەستەی حزب و دەسەڵاتن و بە بێ هەڵکردنی گڵۆپی سەوز لەلایەن ئەوانەوە جورئەتی دەستپێشخەریی لەوجۆرە ناکەن.

ئەمانە هەموو هەنگاوی ئەرێنین و دەستخۆشانەیان دەوێ. لێ لە لایەکی دیکەوە تۆ بڵێی دەسەڵاتدارانی کەرکوک ئاگاداری ئەو هەڵمەتی تەعریبکردنەوەیەی کەرکوک نەبن، کە ماوەیەکە بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو برا عەرەبە چاوڕەشەکانی کەرکوک لە ناوجەرگەی شارەکەدا پەیڕەو و پیادەی دەکەن؟!

بەڵێ، ماوەیەکە زۆرێك لەو برا عەرەبانەی کە بڕی (٢٠) ملیۆن دینارەکەیان وەرگرت و بۆ ماوەیەك خۆیان ون کرد، یان هەر لە شاری کەرکوکدا مانەوەو نەگەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان، وا جارێکیتر بە شێوەیەکی بەربڵاو دەستیان داوەتە کڕینی خانووبەرەو بە پێی وتەی هاووڵاتییەکی کوردی کەرکوکی بەتایبەتی لە گەڕەکەکانی قادسیەو مەمدوودەو گەڕەکە تەعریبکراوەکانی دیکەی کەرکوک خانوو دەکڕن و زۆریش گوێ بە گرانی و هەرزانی نرخی خانووەکە نادەن، وەك ئەوەی دەستێکی بەهێز لە پشت ئەوانەوە بێت کە بەوکارە هەڵدەستن!، کەچی لە لایەکی دیکەوە، زۆرێك لە کوردانی ئاوارەو گەڕاوە بۆ ناو کەرکوك، خەریکن دووچاری بێهیوایییەکی تواناپرووکێن دەبن و لە هەر ساتەوەختێکدا بۆیان بڕەخسێت، لەوانەیە شار جێبهێڵن و بگەڕێنەوە ئەو ئۆردوگاو کۆمەڵگایانەی لێیەوە گەڕابوونەوە. ئەم دوو ئاراستەیەی کە ئێستا لە کەرکوکدا بەدیدەکرێت، هەنگاوێکی ترسناکەو پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد هەیە. لەلایەك عەرەب دووبارە دێتەوە کەرکوك و خەریکی کڕینی خانوبەرەن، لەلایەکیترەوە کوردانی



کەرکوك –گەڕاوەکان– تووشی بێهیوایی دەبن و دڵیان لە شارو دەسەڵاتدارانی شارو حزبی شار گەرد دەگرێت و ئاییندەی خۆیان دەدەنە دەستی قەدەرێکی نادیارەوە!!

پێویستە ئەم دوو ئاراستەیە شرۆڤە بکرێن و لە هەمبەر هەر یەکێکیانیشدا وەڵامی گونجاو بدرێتەوە!، بەڵام کێن، ئەوانەی شرۆڤەی ئەو دوو دژەئاراستەیە دەکەن و لەسەری دێنە دەنگ؟!!

* لە هەفتەنامەی "چەتر"ی ژمارە (٨)ی ٢٠١٠/٥/٢٤ بڵاوکراوەتەوە.

مەبەستیش لە دڵو قودسەکە، هەردوو دروشمە دیارو بەرچاوەکەی هەردوو حزبی دەسەڵاتداری باشووری کوردستانە کە بەداخەوە، نە وەکو دڵ مامەڵەی لەگەڵدا دەکەنو نە پیرۆزییەکانیشی، هێندەی باڵەخانەیەکی قودس لەلای خودی ئەوان موقەدەسە!!. بڕیار وابوو، بڕی (١٢) ملیار دینار لە خاوێنکردنەوەی کوچەو کۆڵانەکانی کەرکوکدا خەرج بکرێت، کەچی وا ئەم مانگی تەمموزە گەرمەش تێپەڕی، هێشتا کەرکوك لەنێو پیسیو خۆڵو خاشاکدا نقوم بووەو هەروەکو لە ژمارە (٥٢٣٠)ی رۆژی (٢٠١٠/٧/١٥)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێدا هاتووە: (کۆلێرا هەڕەشە لە کەرکوك دەکات)، مەبەست نەخۆشی کۆلێرایە، هۆی دواکەوتنی ئەو هەڵمەتی پاککردنەوەیەش، هەروەکو قایمقامی قەزای ناوەندی کەرکوك (کامیل ساڵەیی) لە هەمان ژمارەی کوردستانی نوێدا لە چاوپێکەوتنەکەیدا هۆکارەکەی خستۆتە (ئەستۆی ئەو لێژنانەی کە تەندەر بۆ ئەو پرۆژەیە دەکەن کە لە ئێستادا ماوەی (٣) مانگی تێپەڕاندووە، بەڵام پرۆژەکە نەدراوە بە کۆمپانیا، ئێستا جارێکی تر راگەیاندن بۆ پرۆژەکە دەکرێتەوە کە ئەمەش چەند مانگێکی تر دەخایەنێت).

سەرباری خەمانیش، کەمیو نەبوونی کارەباو ئاو لە زۆربەی گەڕەکەکانی شار کە لە سادەترینو ئاساییترین مافەکانی هاووڵاتییانە، ئەمە جگە لەو نا ئارامیو دڵەڕاوکێیەی کە کوردانی کەرکوك، هەر رۆژەو بە بیانوویەکەوە، وەکو



## بانگەوازێك بۆ دڵسۆزان: فریای پایتەختە درۆزنانەکەی عێراقو دڵو قودسەکە بکەون!!

مەبەست لە پایتەختە درۆزنانەکە، بڕیارە فریودەرانەکەی وەزارەتی رۆشنبیریی عێراقە بە کردنی کەرکوك بە پایتەختی رۆشنبیریی عێراق بۆ ساڵی ٢٠١٠، لێ هێشتا جگە لە ئاهەنگێکی سەرپێیی کە لە گاڵتەجاڕی دەچوو، هیچیتر لە چوارچێوەی ئەو بڕیاری بە پایتەختکردنە ئەنجام نەدراوە، بەندە لە چەندان ماڵپەڕدا ئەم بڕیارەم لەقاوداوەو بە تەعریبکردنەوەی کەرکوکم ناوزەد کرد، هەرواش دەرچوو، ئەگینا وا مانگی حەوتیشمان لە ساڵی ٢٠١٠ تێپەڕاند، ئەرێ بە پایتەختکردنی شارێك وا دەبێت؟!!. ئەرێ ئەمە سووکایەتی پێکردنو بانگەشەیەکی راشکاوانەی عەرەباندنەوەو لکاندنەوەی کەرکوكو کەرکوکییەکانو هەوڵێکی نەزۆکانەی دیکەی داگیرکەران نییە بە بەغداو ئەولاتریش بە ئوممەی عەرەبییەوە؟!.

گیسکەکەی هەیاسیان لێکردوون. ئەمە وێڕای هەڵلووشینی سامانە ژێر زەوییەکانی کەرکوکو ناردنە دەرەوەی زۆرترین بڕە نەوت لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک، کە بڕیار وابوو بۆ هەر بەرمیلە نەوتێکی خاو بڕی (١) دۆلار بۆ شاری کەرکوک تەرخانو پاشەکەوت بکرێت، لێ تا ئێستا هیچی دیار نییەو هەر قسەی سەر کاغەزی سیاسییەکانە!!. باشە ئەوا گریمان حکومەتی بەغدا لە رووی خزمەتگوزاریو هاوکاریی داراییەوە هەر بە جارێ پشتی لە کەرکوک کرد، ئەی لەو کاتەدا دەبێ هەڵوێستی حکومەتی هەرێم چی بێ؟! دواخستنی پێکهاتنی لایەنە براوەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لەسەر دامەزراندنی حکومەتو کۆتایی هێنان بەو پاشاگەردانییەی کە چەند مانگێکە گەلانی عێراق بە دەستیەوە دەناڵێننو لە هەموویشیان زیاتر کەرکوکییەکان، چونکە چارەنووسی مادەی (١٤٠)، تا ئێستا بە نادیاریو ئاڵۆزی ماوەتەوەو ئەو ئاوارانەی گەڕاونەتەوە کەرکوکیش هەست بە نا ئارامییەکی زۆر دەکەن، لەبەرئەوەی چارەنووسی ئەوانیش هەر نادیارەو بە ئاشکرا هەست بە ساردو سڕییەك لە خەمخۆریی حکومەتی هەرێم بۆ کەرکوک بەدیدەکرێتو ناشاردرێتەوەو هەر خودی کەرکوکییەکانیش مەترسیی ئەوەیان هەیە کەرکوک بکرێتە دەسکەگوڵی رێککەوتنی نێوان لایەنەکانو بە دیاری پێشکەش بکرێت!!.



هەر لێرەشەوە بانگەوازی سەرجەم لایەنە خەمخۆرو دڵسۆزەکانی کەرکوکو کەرکوکییەکان دەکەم کە هەرچی زووترە فریای شارەکەیان بکەونو چیتر لە ئاست ئەو کەمتەرخەمییانەی کە دەرهەق بە کەرکوک دەکرێت بێدەنگ نەبن، کەرکوک چاوەڕێی هاتنەدەنگی خەمخۆرانو دڵسۆزانییەتی، دەسا هیممەتێك!.

* لە ماڵپەڕی کوردستانپۆستی ٢٠١٠/٧/٢٧ دا بڵاوکراوەتەوە.

پیاوماقووڵ و ڕۆژنامەنووسی شارۆچکەکە بانگهێشت کرابوون و لەوێش زۆر بە ڕاشکاوییەوە پەنجەیان لەسەر کێماسییەکان دانا و ڕووبەڕوو و ڕاستەوخۆ بەرپرسانی ئەو فەرمانگە حکومییانەیان بە بەرپرسی یەکەم زانی لە بوونی ئەو کێماسییانە کە کادیری حزبن و لەنێویشیاندا خودی ئەو بەرپرسانەی کە کادیری یەکێتی نیشتیمانین.

پردێ بەهۆی ئەو بێ ئەزموونی و کەفوکوڵ و هەڵپە حزبییەی کە لە گەرمەی پرۆسەی ڕووخانی دەسەڵاتی بەعسدا هاتەئاراوە، وەرچەرخانێکی پرشنگداری ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینی کە جێگای متمانەو بڕوای کەسانی وەکو ئێمەومانان بێت کە ساڵانێکی تەمەنمان لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەماندا بردبووە سەر، چونکە نەك هەر جێگەی کەسانی بە ئەزموون و ڕابردوو پاك لە شوێن و پێگە هەستیارەکاندا جێگەیان نەکرایەوە، بەڵکو هەردوو حزبی دەسەڵاتدار، ڕێك کتومت ئەزموونی بارگاوی بوو بە ڤایرۆسی بە حزبیبوونێکی سەقەت و دەروێشانەیان گرتەبەرو زۆر کوێرانەو سەرشێتانەو هەرزەکارانە، خەڵکانێکیان کردە ڕیش سپی شار، کە زۆر بەداخەوە ئێستاشی لەگەڵدا بێ، جگە لە گیرفانی خۆیان دوو هەنگاو ئەولاتر نابینن و ئەوەی خەمیشی لێنەخۆن، خەمی خەمبارانی شارە لە سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگا.

کەسانی ڕابردوو خەراپیان خزاندە ناو کایەو جومگە



## ئەنجومەنی ڕاوێژی یەکێتی هەنگاوێکی مۆدێرن و پەکخستنیشی دوو هەنگاو بۆ دواوە!!

ئەنجومەنی ڕاوێژی یەکێتی، مەبەست لەو ئەنجومەنی ڕاوێژەیە کە لە کۆمیتەکان و لەدوای کۆنگرەی گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە وەکو ئاوێتەو تێکەڵبوونێکی کرداری لەگەڵ جەماوەرو وەرگرتنی ڕای تاکە ئەکتیف و ڕووناکبیرەکانی کۆمەڵگا دەرهەق بە کێشەو کەموکوڕی و داخوازییەکانی جەماوەری گەلەکەمان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان، بەرلەوەی قنچکەکان ببن بە دومەڵی گەورەو کێماوی ببن و ڕێگەی چارەسەرکردنیان ونبکرێت و دەرئەنجامیش کۆمەڵگا دووچاری سەرئێشەیەکی درێژخایەن بکات.

شارۆچکەی پردێ یەکێك بوو لەو شارۆچکانەی کە دوای سەردانی کردنی بەرپرسی مەڵبەندی دووی یەکێتی نیشتیمانی بۆ کۆمیتەی ئەوێ و سازدانی کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی بەرفراوان کە جگە لە خەڵکانی یەکێتی، ژمارەیەك کەسایەتی و

هەستیارەکانی بەڕێوەبردن و دەسەڵاتەوە، بەجۆرێك کە لە ڕووخساری خەڵکی شاردا هیواو ئاواتێکی ئەوتۆ بەدینەکرێت.

بەهەرحاڵ، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە دەرککردنی بەو هەموو کێشەو کەموکوورییانەو لە ئەنجامی خۆپیشاندانە جەماوەرییە خۆڕسکەکەی (٢٠١١/١/١٧) کە مانگێکی ڕەبەق بەر لە خۆپیشاندانەکانی سلێمانی ئەنجام درا، بڕیاری پێکهێنانی ئەنجومەنی ڕاوێژ لەلایەن کۆمیتەی پردێی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە درا، بە پێشنیاری بەرپرسی ئەوکاتەی کۆمیتەی پردێ کۆمەڵێك کەسایەتی و پیاوماقووڵ و کەسانی ڕووناکبیرو ڕۆژنامەنووسی بە هەڵوێست و بوێر خرانە ناو ئەنجومەنەکەوە کە تەنها لە سێ چوار کۆبوونەوەداو لە ئەنجامی ڕووبەڕووکردنەوەی بەرپرسانی شارو ئەندامانی ئەنجومەنەکە کە زۆر ڕاشکاوانە پەنجەیان بۆ بەرپرسی کەمتەرخەم ڕادەدەشات و ڕووبەڕووش کەموکوورییەکەیان پێدەگوت، زۆر کێشەی شار چارەسەرکران، خۆ ئەگەر ئەو کۆبوونەوانەو ئەو ئەنجومەنی ڕاوێژە بەردەوام بووایەو هەر بەو سینگە فراوانییەشەوە گوێ لە ڕاوبۆچوون و باری سەرنجی هەندێ لە ئەندامەکانی ناو ئەو ئەنجومەنە بگرترابوایە، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئێستا زۆرێك لە کێشەو کەموکوورتییەکانی دیکەی شارۆچکەکە چارەسەر دەکران، بەڵام هەندێك لە ئێمە، بەتایبەتی ئەوانەی لە دەرەوەی چوارچێوەی ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتیمانی بووین و ئەندامی ئەو ئەنجومەنەش بووین و



لە هەموو کۆبوونەوەیەکیش ڕاشکاوانە قسەی خۆمان دەکرد، هەر زوو گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە تەمەنی ئەم ئەنجومەنە کورت دەبێت، چونکە زۆر ئەستەمە حزبێکی کوردی ڕێگە بدات لەناو بارەگای خۆیدا هەرچی ڕەخنەی توندە لێی بگیرێت و ئەویش جگە لە بادانی سەری ڕەزامەندی بەولاوە دەسەڵاتێکی دیکەی نەبێت، لە کاتێکیشدا کە زۆربەی بەرپرسی دامودەزگا هەستیارە فەرمییەکان، وەکو بەڕێوەبەرایەتی ناحیەو سەرۆکایەتی ئەنجومەن و بەڕێوەبەری شارەوانی کە سێ دەسەڵاتی گەورەی شارۆچکەکەن، سەر بە خودی یەکێتی بن، بۆچوون و پێشبینییەکەشمان لە شوێنی خۆیدابوو، دوای چەند کۆبوونەوەیەك، شلوخاوی و پەرشوبڵاوییەك کەوتە کۆبوونەوەکانەوەو دواتریش لە کاتی ئاسایی خۆی نەدەبەسترا، تا وای لێهات زیاتر لە چوار مانگیش دەبێت کەس باسی ئەنجومەنی ڕاوێژ ناکات و کەسیش بەلایدا نایەت!!.

بڕیاری دامەزراندنی ئەنجومەنی ڕاوێژ بەو پێکهاتە جۆراوجۆرەیەوەو بەو سینگ فراوانییەی لە هەمبەر ڕەخنەکاندا پیادە دەکران، هەنگاوێکی بوێرانەو مۆدێرنانەی یەکێتی نیشتیمانی بوون، بۆ ئاشتکردنەوەی جەماوەری ناڕازی و پشتگوێخراو بە یەکێتی و ئەوانەی دەرەوەی یەکێتیشەوە کە دڵنیام ئەو ئەنجومەنە بەردەوام بوایە، خەڵکانی دیکەش بیریان لە چوارچێوەیەکی لەوجۆرە بۆ هاتنەوە نێو جەماوەرەکەیان دەکردەوە، بەڵام پشتگوێخستنی، جا بە هەر پاساو و

## کە دەزانن کەرکوك پیلانی لەسەرە،
## دە ئێوەش بە سیاسەتی حزبییانەی خۆتاندا بچنەوە

گواستنەوەی سیاسەتی پاوانکاریی گۆڕەپانی سەرجەم جومگە زیندوو و هەستیارەکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردەواری لە سنووری ژێردەسەڵاتی حکومەتی هەرێمەوە بۆ پارێزگای کەرکوك‌و ناوچە داگیرکراوەکانی دیکەی سەر بە عێراقی عەرەبی لە ۲۰۰۳ بە دواوە کە لە دەستووردا بە (ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان) ناوەزد کراوە، کەرکوك‌و تێکڕای ناوچە داگیرکراوەکانی دیکەی بەرەو ئاقارێکی ترسناك برد کە ئێستاو دوای نزیکەی (۸) هەشت ساڵ لە تێپەڕبوون بەسەریدا، تازە بە تازە هەردوو حزبی دەسەڵاتدار دەکەونە سینگ کوتان‌و داوا لە کوردانی کەرکوك‌و ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان دەکەن کە فریای کەرکوك بکەون: لە مەترسیدایەو پیلانی لەسەرە!!.



بیانوویەکەوە بێت، بەلای کەسانی وەکو ئێمەو مانانەوە دوو هەنگاوە بۆ دواوە، هەنگاونانی حزبیش بۆ دواوە، واتە لە دەستدانی ئەو ئۆرگانە زیندووانەی کە جوولەیان خستۆتە بەر حزبەکەو ئەوان حزبیان کردۆتە داینەمۆی ئامادەسازییەکان لە هەمبەر هەر رووداو و پێشهاتێکی نەخوازراو، یان دەستپێشخەری‌و هەنگاوی دڵسۆزانەو بونیادنەرانە لە پێناو ئایندەیەکی پرشنگدارو نەهێشتنی کێماسییە بە ئەنقەست دروستکراوەکان.

ئێستاش بە دڵنیاییەوە دەڵێم: نەچووە بچێت، زیندووکردنەوەو تینوگوڕ خستنەوەبەر ئەو ئەنجومەنە راوێژە ساواو زیتەڵەیەی کە بەو پێکهاتە نا حزبییەی هەبوو، هەمیشە هەنگاوەکان بەرەو پێش دەچن، چونکە ترسی جەماوەر لە حزب‌و دەسەڵات دەرەوێتەوەو بەرپرسی کەمتەرخەمیش لەلایەن جەماوەرەوە سەرکۆنە دەکرێت‌و حزبیش شەرم دایدەگرێت‌و لە جەماوەر سڵ دەکاتەوەو چیدیکە رێگە بە بەرپرسە گەندەڵ‌و کەمتەرخەمەکانی خۆی نادات، یاری بە چارەنووسی میللەتەوە بکەن‌و خەمی گەورەیان پڕکردنی گیرفانی خۆیان‌و وێرانکردنی نیشتیمان‌و بەتاڵکردنی گیرفانی خەڵك بێ.

بەهیوای بوژاندنەوەی ئەنجومەنی راوێژو سەنگەرگرتنەوەی کەسایەتییە خۆبەخشە دڵسۆزەکان لە کەموکوڕییەکانی دەسەڵات‌و خودی حزب.

مەترسی و پیلانی داگیرکەرانی لەسەرە، بەڵام ئێوە خۆتان (دەسەڵاتدارانی شارەکە) تاوانباری یەکەمینی ئەو مەترسییانەی سەر کەرکوکن، ئاخر ئێوە هەتا گوندەکانیشتان لێ دابەش دابەش کردین و ئەمیان زەردو ئەویان سەوز، ئەم گەڕەکیان هی منو ئەویتریشیان هی تۆ، ئەمماڵەیان کوڕی چاکی سەربە ئێوەیەو ئەمەشیان بێلایەنەو نابێ هیچ هاوکارییەك بکرێت!!. ئێوە لەمشارەدا چیتان نەکرد؟ بڕیارە سەقەتەکەی (٣٢ بە ٣٢) هەر لە داهێنانی بیری حزبیانەی ئێوەبوو!!. ئەرێ پێمان ناڵێن بۆچی تا ئێستا بستێك زەوی داگیرکراوی جووتیارانی گوندەکانی کەرکوك و دەوروبەری وەکو خۆی لەلایەن وەزارەتی دارایی حکومەتی بەغداوە داگیرکراوەو کاتی خۆی بە بڕیارێك لەلایەن سەدامی دیکتاتۆرەوە دەستیان بەسەرداگیراوە، ئەی بۆچی لەماوەی ئەم (٧) حەوت ساڵەی رابردوودا گەورە بەرپرسانی عێراق لە بەغدا، بەتایبەتیش کوردانی ناو دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی، تا ئێستا سەبارەت بەو پرسە هیچیان نەکردووەو چاوەڕوانیش ناکرێت، هیچیان بۆ بکرێت و چاوەڕوانی بڕیارەکانی (دەستەی موڵکدارێتی عێراقی) کە وەکو نوێنەرێکی یوئێن لەدوای لێکدانەوەی پرسی زەویوزارە داگیرکراوەکانی جووتیارانی کەرکوك و شلوخاوی ئەو دەستەی موڵکدارێتییە عێراقییە، وتبووی: بەم حاڵە بێت کێشەی زەویوزاری جووتیارانی کەرکوك (٤٠) چل ساڵێکی دیکەی دەوێ، ئینجا ئەگەر چارەسەر بکرێت!!.



بەڕێزانم.. کەرکوك لەو رۆژەوە پیلانی لەسەرە کە خودی دەسەڵاتی حزبییانەی ئێوە (شەلم، کوێرم، ناتبوێرم) کەوتنە وێزەی کوردانی دەرەوەی دەسەڵاتی خۆتانو بەچاوی دژو دوژمنەوە مامەڵەتان لەگەڵدا کردن، کۆنە جاشو پیاوە بوودەڵەکانی سەردەمی بەعستان هێناو پلەوپایەی حزبی و حکومیتان بەسەردا دابەشکردنو هەر بەچاوی ناحەزیشەوە لە کوردانی دەرەوەی دەسەڵاتی خۆتان دەڕوانی!!. کەرکوك لەو رۆژەوە پیلان و مەترسی لەسەرە کە ئێوە جگە لە خۆتانو خەڵکانی سەربەخۆتان، چاوتان کەسی دیکە نابینێتو ئامادەش نین، کەسی دیکە بخوێننەوە!!. دەی ئەگەر وا نییە ئەوە بواری پەروەردەو فێرکردن، بەڕێوەبەر، یان یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی کوردیم بۆ بێنن کە ئێوە برابەش بەسەر خۆتاندا دابەشتان نەکردبێت!!. ناوی سەرۆکی ئەنجومەنی قەزاو ناحیەیەکم بۆ بێنن کە لە دەرەوەی رێکخستنو سیاسەتی ئێوەدا بێت!!. ئێوە لەم شارەدا ویستتانو دەتانەوێ، هەرچی هەیە موڵکی حزبەکەی ئێوەبێ، ئیتر گرنگ نییە ئایندەی کوردستانو ئاسایشی نەتەوەییمان چی بەسەردێت!!. ئێوە لەمشارەدا هەموو شتێکتان حزباندو دەرفەتێکتان بۆ خەڵکانی دەرەوەی خۆتان نەهێشتەوە کە هەر لە (٢٠٠٣) بەدواوە لە مەترسیی ئەو پیلانانە ئاگاداریان دەکردنەوە، بەڵام ئێوە لە جیاتی گوێگرتن لێیان دەیانجار بە خائینو ئاژاوەچی و دژە حزبتان ناودەبردن!!. راستە کەرکوك

بۆیە راستە کەرکوک باری دیمۆگرافی و کۆمەلایەتی و ئابووری و رۆشنبیری و سەرجەم کایەکانی دیکەی خەڵکەکەی شێوێندراوەو کاتێکیش پاشماوەکانی بەعس و عەرەبە تەعریبچی و داگیرکەرەکانی کەرکوک و شۆفێنیستیەکانیان، کورد بەو بێدەسەلاتییە دەبینن، بۆیە داوای دەرکردنی کورد لە شارەکە دەکەن. بۆیە باشترین رێگەچارە بۆ داکۆکیکردن لە کەرکوک و ناوچە داگیرکراوەکانی دیکەی باشووری کوردستان، ئاشتکردنەوەی خەڵکی کەرکوکە لەگەڵ دەسەلاتی حزبەکان و دووبارە دارشتنەوەی سیاسەتی فەرمانڕەوایەتیی دوور لە بەرژەوەندیی حزبایەتیتان و یەکخستنەوەی ماڵی کوردو رێزگرتنێکی راستگۆیانە لە نەتەوەکانی دیکەو دوورکەوتنەوە لەو سیاسەتە تەمومژاوییەی کە دەرهەق بە کەرکوکییەکان بەڕێوەی دەبەن و دانانی کەسانی تەکنۆکرات و سەربەخۆو بوێرو راستگۆ لە فەرمانگەو دامودەزگا ئیدارییەکانی شارەکەو قەزاو ناحییەکانی دەوروبەری، نەک پاوانکردنی هەموو جومگە هەستیارەکانی کۆمەڵگا بۆ مەبەستی تایبەتی حزبییانەی خۆتان و کاتێکیش مەترسی گەیشتە بوونی خۆتان، ئینجا هاوارتان لێهەڵبستێت و کەرکوک و کەرکوکییەکانتان بەبیر بێتەوە!!.

* لە کوردستانیپۆستی رۆژی ٢٠١١/٣/٦ دا بلاوکراوەتەوە.



## به دڵنیاییەوە باشترین چارەسەری کێشە هەڵپەسێردراوەکان، هەڵوێست وەرگرتنە بەرامبەر بەغدا

کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزیرو پەرلەمانتارەکانی بەغدای قەوارە سیاسییەکانی کوردستان لە ٢٠١١/٩/١٣، هەنگاوێکی درەنگەو زوو نییە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا کارێکی باشە، چونکە وەکو پێشتریش لەچەند وتارو شوێنێکی دیکەش ئاماژەم بەو راستییە داوە کە بەغدا بە شیعەو سوننەوە یاریی (شەڕی کات) لەگەڵ هەرێمی کوردستان و پرسی کورددا دەکەن و زۆر پێویستە کە بڕیاربەدەستانی هەرێم لەم راستییە تێبگەن و کاری بۆ بکەن و دوای نەخەن. کۆبوونەوەی ٩/١٣ وێڕای کەموکوڕییەکانیشی، کەچی دەتوانین بە کۆبوونەوەیەکی گرنگی ناوزەد بکەین، چونکە دواجارو بە درەنگەوە دەرکەوت کە بڕیاربەستانی هەرێمیش گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە دەمێکە ئێمەومانانی قەڵەم بەدەست هاواری ئەوەمان لێهەستابوو و تکامان لێ دەکردن کە چیتر پرسی هەستیاری کورد لە باشووری کوردستاندا نەخەنە

دەستی قەدەرێکی نادیارەوەو ڕۆژ بەڕێ نەکەن و لەبەرامبەر مێژوو خۆیان بە بەرپرسیار بزانن. دواجار کۆبوونەوەکە کراو پوختەی ئەوەی لە میدیاکانیشەوە باسکرا، ئەوەیە کە ئەگەر قەوارە سیاسییەکانی بەغدا، بەتایبەتی دەوڵەتی قانون و هەتا ئەوانەی دیکەش هەڵوێستیان لە هەمبەر (١٩) خاڵەکەی هەولێر دەرنەبڕن، ئەوا نە شاندێك لە هەرێمەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان بەچێتە بەغداو نە ئامادەش بن گفتوگۆ بکەن، ئەمە ئەگەر ڕاست بێ، ئەوا دیسانەوە بە هەنگاوێکی ئەرێنی دادەنێم. خۆزگە بڕیاربەدەستانی هەرێمی کوردستان (باشووری کوردستان) دەگەیشتنە ئەو بڕوایەش کە تەنها چارەسەر دانانی (کاتی دیاریکراو)ە بۆ جێبەجێکردنی (١٩) خاڵەکەی هەولێرو چیتریش "کوڕی کوردیان نەدەکردە قوربانی کچی خەڵکی"و نەدەبوونە ئەندازیاری ئاشتکردنەوەی لایەنە نەیارو دژ بەیەکەکانی عێراقی عروبەو ئەوانیش کوردانەتر بیریان دەکردەوەو چیتر چاوەڕوانی خەندەیەکی هەڵبزڕکاوی بەرپرسێکی بەغداو حکومەتەکەی مالیکی نەدەبوون. خۆ دەمێکە وتراوە: "کات وەکو شمشێرە، نەیبڕیت، دەتبڕێت"، کەواتە ئەوەی بەدرەنگەوە بڕیاربەدەستانی هەرێم خەریکن بڕیاری لێدەدەن و لە ئاست مانۆڕەکانی دەسەڵاتدارانی عروبە لە بەغدا دێنە دەنگ، هیوادارم تەنها بۆ گەرمکردنی بازاڕی سیاسەت و فریودانی جەماوەری گەلەکەمان نەبێت، کە لە ئێستادا لە باشووری کوردستان خەمی پاراستنی قەندیل و



ڕێگەگرتن لە سووتماککردنی گوندو چیایەکانی کوردستان و پیسبوونی ژینگەو قڕکردنی گیانلەبەران و وشککردنی ئاوی ئەڵوەن و ڕووبارەکانی دیکەش بوونەتە خەمی ڕۆژانەی خەڵکی، ئەمە سەرباری ئەو کێشەو کەموکووڕییە ناوخۆییانەی کە پێویستە چارەسەری گونجاو و بەپەلەیان بۆ بدۆزرێتەوە.

لە کۆتاییشدا داواکارم کە بڕیاربەدەستانی هەرێم (کاتێکی دیاریکراو-سەقف زمنی) بۆ بەغدا دیاری بکات و ئەگەر هات و لەو ماوە دیاریکراوەدا، بەغدا نەهاتە بن بار، ئەوا بڕیارێکی بوێرانە بدرێت و بایکۆتی پەرلەمانی بەغدا بکرێت و وەزیرە کوردەکانیش بگەڕێنەوە کوردستان، بەمەش بە دڵنیاییەوە حکومەتی مالیکی و ئەوانەی دژی پرسی کورد دەستیشی لەپشت دەدەن، بە چۆکدادێن و چۆن پێشتر بۆ ئاشتبوونەوە هاتنەسەر خوانی کوردو بەڵێنی گەورە گەورەیاندا و (١٩) داواکاریی بڕیاربەدەستانی هەرێمیشیان پەسندکرد، ئەوا ئەمجارە لە جاران زیاتر دەشڵەژێن، چونکە بە بێ کورد لە بەغدا هیچیان بۆ ناکرێت. خۆزگەی ئەوەش دەخوازم، ئەگەر هات و بەغدا هەر لەسەر دەستی پێکردن و هەوڵی دەسخەڕۆبوونی کورد بەردەوام بێت، ئەوکاتە بڕیاربەدەستانی هەرێم بڕیاری بوێرانەی دەوڵەتی کوردی بدەن، ئەگەر تەنها لە باشووری کوردستانیش بێت، چونکە ئەوکاتە کەشەکە لەبارتر دەبێت، بۆ پرسی سەرخۆبوونی کوردستان.

بە خزمەتیان نەگەیشتبووم. نایشارمەوە سەرنجێکم لەخۆم دەداو لە قەدو باڵاو قسەی ئەوانیش ورد دەبوومەوە، کورد وتەنی: (لە دوولا مەست و حەیران دەبووم)، ئاخر ناهەقم نەبوو، چونکە کە سەرنجم دەدایە، نامۆیی خۆمو ناوبانگی هەندێك لەوانە، هەیهووو!! من لە کوێ و ئەوان لە کوێ؟!.. بۆیە هەوڵمدا زیاتر تێکەڵ بە نووسەران و رۆشنبیرانی کەرکوکی ببم و لە نزیکترەوە ئاشنایان ببمو وەکو خۆیان بییانناسم، بەڵکو بتوانم لە هەر یەکەو شتێك فێرببم و بیخەمە سەر زەخیرەی خەرمانی زانیارییەکانم. زۆرم هەوڵ و دەواندا، کەمم چنییەوە. تا ئێستاش سەرم لە دیاردەیەك دەرناچێت، ئەویش ئەو ناکۆکی و گۆمان لەیەکترکردنو دڕدۆنگی و ئیرەیی بردنەی نێوان رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان و هونەرمەندان و نووسەران و سیاسەتمەداران و بەرپرسەکانی شارەکەیە لەگەڵ یەکتر.

سەردانی زۆرێك لە دەزگا راگەیاندن و رۆشنبیری و هەتا کۆمەڵایەتی و بارەگای حزبەکانیشم کرد، نایشارمەوە، ئەوەی لە خەڵکە دەستەبژێرەکەی ئەمشارەدا هەستم پێکردو بینیمو لەناخەوە ئازاریدام و خەریك بوو خۆیشم فێریان ببمو لە زۆر شوێنیش ئاماژەم پێکردووەو لای زۆر کەسیش باسم کردووە، بەتایبەتیش خەڵکە رۆشنبیرو دەستەبژێرەکەی -رێزم بۆ ئەوانەی کە دڵسۆزن و لەم خەسڵەتانەی کە باسیان دەکەم دوورن- دیاردەکەش ئەوەیە کە (کەرکوکییەکان، ئەگەر دووان



## خەمێکی کەرکوکییانە،

## با کۆك و دڵگەش بین، نەك ناکۆك و دڵڕەش!!

دەستپێك، مەبەستم شکاندنەوەی کەرکوك و کەرکووکییەکان نییە، بەڵکو مەبەستم خستنەڕووی واقعێکی راستەقینەو حاشاهەڵنەگرەو پێویستی بە توێژینەوەو پێداچوونەوەی کرداری هەیە، هەر لەو سۆنگەیەشەوە ئەم بابەتە دەنووسم و خۆم لەقەرەی ئەم دیاردەیە دەدەم و بە دیاریکراویش مەبەستم، هیچ کەسێك نییە، بەڵام دڵنیام ئەوانە دەیخەنە سەر خۆیان کە بەوجۆرە بیر دەکەنەوەو بە کردەوەش هەروانو نەك لە خەڵکیتر، بەڵکو هەتا لە خودی خۆیشیان بە گومانن.

ئەو کاتەی لە یەکەم رۆژی پرۆسەی رزگارکردنی کەرکوك، گەڕاینەوەو دواتریش لە شارەکەو دەوروبەری درێژەمان بە کاری رۆژنامەوانیی خۆماندا و ناوە ناوە لە کۆڕو کۆبوونەوە رۆشنبیری و هونەرییەکاندا، کرداری یەکترناسین لەگەڵ زۆرێك لەوانە دەستی پێکرد کە پێشتر ناوم بیستبوون، لێ تا ئەوکاتە

سۆنگەیەوە، شکستیان خواردو مایەپووچیش بوون و هێندەی نەمابوو، سەری بەرزیشیان بەقوڕێداچێت. ئەوجۆرە کەسانە ئەوەندە دژو دوژمن بەیەکن، هەر دەڵێی باوەکوشتەی یەکترین، هێندە بە ڕقیشەوە لەیەکتری دەخوێنن، هەر مەپرسە. سەیر لەوەدایە کەسی وا هەیە، هێشتا خۆی ناتوانێ لە بواری ڕۆژنامەگەریدا بە دروستی هەواڵێك دابڕێژێت، کەچی پسپۆڕێکی بواری ڕۆژنامەگەری و خاوەن بڕوانامەی ماستەر، یان دکتۆرا، بە نەزان و ئاست نزم لەقەڵەم دەدات!!. کوڕگەلی وامان هەن، هەموویان لە ناو یەك قابلەمەی حزبدا پەروەردە کراون و ئێستاش لە هەمان کیسەی حزبەوە پارەیان بۆ هەڵدەڕێژرێت، کەچی رقێکی ئەوتۆیان لەیەکترییە، نایەتە باسکردن. دەزگای راگەیاندن‌و رۆشنبیری و ئەو ڕێکخراوانەی پێیاندەڵێن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی وامان هەن، لەناو یەکتریدا هێندە ناتەباو دڕدۆنگن، بە ڕۆژی رووناك پاشقولی یەکتر دەدەن و لای باوەگەورە –حزب– راپۆرت لەسەر یەکتری دەنووسن و هەوڵی مل‌و قاچ شکاندنی یەکتری دەدەن، ئەمە ئەگەر گرێکوێرەیەکی دەروونی نەبێ، دەبێ چی بێ‌و چی ناوبنێین؟.

هەربۆیەش تا ئێستا وەکو کەرکوکییەکان نەمانتوانیوە کێشە هەستیارو چارەنووسسازەکانی خۆمان چارەسەر بکەین و کارێکمان کردووە کە خەڵکانیتر لە جیاتی ئێمەی کەرکوکی بیربکەنەوەو بە رووکەش خەم لە پرسە هەستیارەکانمان بخۆن



بن، زۆر رێك و تەبان، بەڵام بوونە سییان، ئەوا بە بەردەوامی دووانیان رقیان لە یەکێکیانەو دڕدۆنگن لەگەڵیداو بە پێچەوانەشەوە). باش دەزانم ئەم بابەتۆکەیە دڵی زۆر کەس دەڕەنجێنێ و ناڕەزایی کەسانێکم رووبەڕوو دەکاتەوە، لێ من ئەوەی بەڕاستی بزانم دەیڵێم و (مام هێمن) وتەنی: (ئەمن دەیڵێم و بێ باکم). هەر بۆ نموونە بەرپرسی دەزگایەکی رۆشنبیری، یان هونەری، ئەگەر هات و حزبەکەی لایداو کەسێکی دیکەی لە جێگا دانا، ئیتر قیامەت هەڵدەستێنێ و تەواوی ئەو دەزگا رۆشنبیرییە لای کەسە کۆنەکە (جارانی هیچ دەکرێت)، وەك ئەوەی رۆژێك لە رۆژان خودی ئەو کەسە خۆی لەوێدا نەبوو‌بێت و لە پێناوی ئەو دەزگایەدا شەونخوونی نەچەشتبێت و بە شازی دەزگایشی دانەنابێت، کەچی کاتێ یەکێکیتر هاتبێتە جێگای ئیتر دۆخەکە پێچەوانە بووبێتەوە. ئەوەی دەیڵێم لە زۆرێك لەو دەزگا رۆشنبیری و راگەیاندنانەی کەرکوك، نەك هەر هەستی پێدەکرێت، بەڵکو بە ئاشکرا دیارە، بەڵام بۆ ئەوەی دڵی کەس نەڕەنجێ و دڵی کەسیش بەم قسانە ناخۆش نەکەین، بۆیە نە ناوی هیچ دەزگایەکی راگەیاندن و رۆشنبیری و نە ناوی کەسیش دەهێنین، لێ ئەوەی دەیڵێم، هێندە ئاشکرایە، دڵنیام ئێستا هەر کەسێك کە ئەم بابەتە دەخوێنێتەوە یەکسەر دەزگایەك، یان چەند کەسێکی لەو بابەتەی دێتەبەرچاو و دەتوانێ بە وێنەوە نیشانیشیان بدات. ئاخر چەندین دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندن، هەر لەم

## غازی کەرکوکی و خەمەکانی کەرکوك و ئەنفال

زۆربوون ئەوانەی گەنجێتی خۆیان کردە قوربانی میللەتەکەیان و هەندێکیان شەهیدو هەندێکی دیکەیشیان شەهیدی زیندوو -چ وەکو زیندانی سیاسی و چ وەکو پێشمەرگەی شاخ-، لێ زۆر دەگمەنن ئەوانەی ئامادەن پیرێتیی خۆیشیان بکەنە قوربانی میللەتەکەیان و لەنێو ژانی برینە کێماوی بووەکانی جەستەی میللەتەکەیاندا، ببنە ئەو هەتوانەی کە لە خەمی سارێژبوونەوەی ئەو زامانەدا بن، کە "غازی کەرکوکی"ش یەکێکە لەوان، بەڵام هەیهات!! دەنگێکی زوڵاڵ هەرچەندە رەسەن و بەهێزیش بێت، لەنێو ژاوەژاوی ئەوانەی تۆزو خۆڵ بە زامەکاندا دەکەن بۆ ئەوەی زامەکان تووشی نەخۆشی گانگری ببن و تەنها برینەوەو مەرگ چارەنووسیان بێت، چۆن دەتوانێ جێ پێی خۆی سەقامگیرو پتەو بکات و کوڕگەلی شارو نیشتیمان بەدوای خۆیدا بدات و بەو هزر تۆزو خۆڵاوییانە بڵێ: ئیتر بەسە پیلان و پلانی هەڵلووشینی سامانی



و هەر خودی ئەوانیش لەجیاتی ئێمە بڕیار بدەن، هەڵبەتە ئەمەش هۆکاری سەرەکیی ئەو هەموو نەهامەتی وماڵوێرانییەیە کە بەسەرماندا هاتووە.

بۆیە ئەگەر دەمانەوێ کەرکوك بکەینە شاری ناو شاران و ئێمەش وەکو خەڵکێك شانازی بە کەرکوکێتی خۆمانەوە بکەین، پێویستە بە زووترین کات: هەریەکەو لە خودی خۆمانەوە تێهەڵچینەوەو ورد ورد شرۆڤەی ئەو رقوکینە قێزەون و گومانو ئیرەیی بردنە بە یەکتری بکەین و هۆکارەکان دەستنیشان بکەین بۆ ئەوەی بەرئەنجامێکی پێچەوانەی ئەم کەرکوکەی ئێستا بەرهەم بێت و هەموو کەرکوکییەکان دوور لە رقوکینەو ئیرەیی بەیەکتر بردن، بگەڕێنەوە کەرکوك و لە خزمەتی بونیادنان و ئایندەی شارەکەیاندا بن و کەسیش گومان لە کەس نەکات و هەمووان راستگۆیانە پشت و پەنای یەکتربین، ئەمەش نە خەیاڵپلاوییەو نە مەحاڵیشە، ئەی کەواتە بۆ دەست پێنەکەین؟!

* لە ژمارە (٤٥٥)ی کانوونی دووەمی ٢٠١٢ هەفتەنامەی "هەواڵ" بڵاوکراوەتەوە.

میللەت و داهێزرانی هێزی نەتەوەیی و باوەڕ بەخۆنەبوون، ئیدی بەسە بێ ئیرادەکردنی نەوەی نوێ.

کەرکوک، ئەو خەمەی کە نەک تەنها جەستە، بەڵکو بە رۆحی ئەو خەڵکە دەگمەنەدا رۆچۆتە خوارێ و رۆژ لەدوای رۆژ لەنێو گەمەی بەرژەوەندیی حزبایەتی و بەرژەوەندخوازیی تاکەکەسیدا، تنۆک تنۆک خوێنی ناخیان دادەچۆڕێنێ و هەنسکی گریان شوێنی خەندەی درۆزنانەی زۆرێک لەو بەرپرسە گەورانە دەگرێتەوە!!

چەند ئەستەمە مرۆڤێک لە نیشتیمان و شارەکەی خۆیدا لە ناخەوە هەست بە نامۆیی خۆی بکات و کەسیش گوێ لە دەنگدانەوەی دەنگیشی نەگرێت، ئیدی ئەو کەسە چۆن نابێتە پشکۆیەکی گڕو بابەگوڕگوڕ ئاسا گڕ لە ناخی خۆی بەرنادات و بە رووی کەسە کەمتەرخەمەکانی دەوروبەری خۆیدا ناتەقێتەوە؟. چۆن کۆڕو کۆبوونەوەکان ناکاتە بڵندگۆیەک بۆ گەیاندنی پەیامێکی پیرۆز لە پێناوی شارێک کە بە ئاشکرا خەریکە وەکو هەڵەبجەو زۆرێک لە زامەکانی دیکە وەکو کاڵایەک بازرگانی پێوە دەکرێت؟.. چۆن بە بینینی کەمتەرخەمی و کێماسییەکانی خودی بەرپرسانی نەتەوەکەی ناگاتە ئاستی خۆسووتاندن؟

ئەنفال، ئەو زامە قوول و ئەو تاوانە کۆمەڵکوژییە گەورەیەی کە رژێمی بەعسی داگیرکەرو بەشێکی فراوان لە خودی خۆمان



ئەنجامدەری بووین، بەڵام "غازی کەرکوکی" وتەنی: دوای ٢٤ ساڵ هێشتا ئەنفال بەردەوامەو ئەنفالکراوەکان دووجار ئەنفالکراون، جاری یەکەم: لەلایەن رژێمی بەعس و جاش و موستەشارە خائینەکان لە ساڵی ١٩٨٨و جاری دووەمیش: لە ساڵی ١٩٩١ بەدواوە لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە. هەر بۆیە ئێستا کەرکوک و ئەنفال بۆ زۆرێک لەوانەی بڕیاربەدەستن و تەنها خەمی خۆیانە، بوونەتە کۆمپانیاو وەکو کاڵایەک بازرگانییان پێوە دەکرێت و لای ئەوانەی خەمی وڵات و ئاییندەیانەو تا ئێستاش پێشمەرگانە لەگەڵ ئازاری میللەتەکەیاندا دەژین، دوو خەمی گەورە گەورەن و چەندانی وەکو "غازی کەرکوکی" لە خەم و هەنسکی گریاندا بەرەو هەڵقرچانێکی ئەبەدی دەبەن، لێ دڵنیام تێکڕای غازی کەرکوکییەکان، بەو هەڵقرچانە گرەوی خۆیان دەبەنەوەو دەبنەوە "هەلاج"ی کەرکوک و بانگی ئەنالحەق بە گوێی هەموو دونیادا دەدەن.

بێستوون و شیرینەکەمان بەرزکردۆتەوەو زۆرێکیشمان لەو پێناوەدا قوربانی زۆرمانداوە کە هیچ منەتیش نییە بەسەر نەتەوەکەمانەوە.

ئەوەی لەم چەند رۆژەدا بەدیدەکەین، زەنگێکی ترسناکی جەنگێکی ساردەو پێویستی بە هەڵوەستە لەسەرکردن و گرتنی رەخنەی توند هەیە، بەتایبەتی لەلایەن کەرکوکییەکانەوە، کە هەمیشە سووتەمەنی شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکانی کورد بوون، کەچی تەنها لە بۆنەو یادەکاندا بەبیر بڕیاربەدەستاندا هاتوونەتەوەو بۆ چەند رۆژێك تەپڵیان بۆ لێداوەو زوڕنایان بۆ ژەنیوە. ئەوەی ئەمڕۆکە کەرکوکییەکان نیگەران دەکات ئەو شەڕە پەڕۆیەیە کە ساڵانێك بوو، تا رادەیەك خامۆشی بەخۆیەوە بینیبوو، لێ ئەمساڵ شارۆچکەکانی دەوروبەری کەرکوك و شەقامە گشتی و هەتا لاڕێیەکانیش (زەردو سەوز) دەچنەوە، بەڵام وەك ئەوەی هەڕەشەبن بۆسەر یەکتری، نەك پشتوپەناو دەست لەملانێی یەکتربن، تاکوتەراش ئاڵایەکی خەمباری کوردستان -بەترسەوە سەرەتاتکێیەتی-، کەچی راستییەکەی دەبوایە ئەو یادەوەرییانە بە بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان بەڕێوەببردرابوونایە، نەك بە ئاڵای حزب!!.

جێگای داخە ئەم جەنگی ساردی پەڕۆیە، لەکاتێکدایە کە هەرێمی کوردستان لە شەڕێکی دەستەویەخەی زۆر ترسناکدایە لەگەڵ شۆفێنیستی عەرەبی و مەترسی لەدەستچوونی



# کەرکوك و بۆنەکان و جەنگی ساردی حزب

ئێستا رێك نیوەی کۆتایی مانگی ئایاری ساڵی ٢٠١٢یەو شوێنیش کەرکوك و قەزاو ناحییەکانی دەوروبەرییەتی، هێشتا چەند رۆژێك ماوە بۆ یادی دامەزراندنی (ی.ن.ك)و یادی شۆڕشی گوڵانی (پ.د.ك)، کەچی بە سەرنجدانێکی خێرا، یەکسەر سەرەتای نەوەدەکان و یەکەمین رۆژەکانی رووخانی رژێمە ئەنفالچییەکەی بەعسمان دێتەوە یاد. ئەو رۆژانەی کە شەڕەپەڕۆی حزب، هێندەی نەمابوو ماڵمان وێران بکات و ئەم ئەزموونەشمان بکاتەوە قوربانی گیانی پاوانخوازییانەی حزب و دەستدرێژیکردنە سەر هەموو مافە سەرەتایی و پیرۆزییەکانی تاکی کورد لە باشووری کوردستان. بەبیرهاتنەوەی ئەو رۆژە رەش و پڕ لە نەهامەتییانە بۆ کەسانێکی وەکو ئێمەومانان، ئەوانەی نە دەستمان و نە پێنووسەکانیشمان بە خوێنی براکانمان سوور نییە، ئەوانەی هەمیشە دوور لە بەرژەوەندیی تایبەتی و ناوچەگەرێتی و لەژێر بارو فشاری دەسەڵاتی پاوانخوازییانەی حزب فەرهادئاسا قوڵنگی داکۆکیکردنمان لە

ئەزموونی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوانەی شارەزای سیاسەت و سازشە سیاسییەکانن، شایانی هەڵوەستە لەسەرکردنە، چونکە ناکرێ پەرلەمان و حکومەت و نیمچە دەوڵەتێك لە شەڕێکی دەستەویەخەدا بێت و لەملایشەوە نێو ماڵی خودی ئەزموونەکە پەرشوبڵاو و هەریەکەو لە ئاشێك لێ بکات و بە ئاراستەیەکدا لێدوان بدات و پرسی شارێك لە قۆزاخەی بەرژەوەندیی حزبایەتیدا بەرتەسك بکاتەوە. شەڕی پەڕۆ زۆر هەلی لەدەستداین و گەلێجار لە مەرگی مسۆگەر نزیکی خستینەوە، بەلاّم گیانی شۆڕشگێڕێتی و خوێنی ئاڵی ڕۆڵە گیان لەسەردەستەکانی گەل، چەندینجار خستیانینەوە سەرپێی خەبات و بەرخودان.

چەندجاری دیکەش وتوومانەو ئێستاش هەزاربارەی دەکەینەوە، تکایە لە سنووری پاوانکراوی ژێر دەسەلاّتی خۆتانداو لەو ناوچانەی سالاّنێکە بۆ بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی خۆتان دابەشتان کردوون و سامانی سەرزەوی و ژێر زەوییەکەی کەس نازانێ چی لێ دەکەن، لەسەر قۆپکە شاخێك و تەلانە بەردێك سەری یەکتری بشکێنن، بەلاّم کە لە کەرکوك نزیك کەوتنەوە ئەو بەرگی حزبایەتییە فڕێبدەن و دەستنوێژێکی پاکی نەتەوەییانە بشۆن و کوردانە هەڵوێست بنوێنن. تاوانێکی گەورەیە درێژەدان بە سیاسەتێك کەس نەزانێ ئایندەی ئەم گەل و نەتەوەیە بەرەو کوێ دەبات و چی لێ بەسەردێت!!. چیتر ئەم میللەتە مەکەنە ماشەو قوربانی



دەستی خۆتان و بەرژەوەندییە حزبییەکانتان، کەرکوك شووشەیەکی لە هەزارلاوە درزتێکەوتووە، با بەهەمووومان ئەگەر بە پینەوپەڕۆش بێت- بەلاّم نەك پینەوپەڕۆی حزبایەتی- با لەو شکانە ئەبەدییەی بپارێزین، ئەو لەیەکتر نزیکبوونەوەیەی هێزە سیاسییەکانی کەرکوك بە شەڕە پەڕۆ لەیەکتر دوور مەخەنەوە، چونکە گەورەترین شەڕ لە بچووکترین بیانووەوە سەرچاوە دەگرێ!!.

*لە ماڵپەڕی "کوردستان نێت"ی ٢٠١٢/٥/٢٥ دا بلاّوکراوەتەوە.

## ئاییندەی خوێندنی کوردی لە کەرکوك بەرەو کوێ؟

## ئەم خەمەیان با خەمی سەرۆکی هەرێم بێت

جارێکی دیکەش خەمێك لە خەمە بەردەوامەکانی کەرکوك کە ساڵانێکە خەمخۆران و دڵسۆزانی ئەمشارە بە دەستییەوە دەناڵێن و دەرگا نەماوە بۆ نەهێشتنی لێی نەدەن، کەچی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خەمەکە دژوارو گورچکبڕتر دەبێت و پێشناچێ کەس خەمی چارەسەرکردنی بخوات، ئەو خەمەش خەمی شکستخواردن و پاشەکشەکردنی خوێندنی کوردییە لە شاری کەرکوك، ئەمەش بە هۆی کۆمەڵێك هۆکاری جوداجوداوە کە دەکرێ لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان بکرێت و هەندێکی دیکەشیان لێگەڕێین بۆ کاتوساتێتر، ئەو هۆکارانەی زۆر گرنگن لێرەدا ئاماژەیان پێ بکەین:

دەستێوەردانی حزبایەتی لە ناوەندەکانی پەروەردەو فێرکردن، هاوشێوەی هەرێم و بگرە خەراپتریش و دانانی بەڕێوەبەری قوتابخانەو یاریدەدەرەکانیان و هەتا سەرپەرشتیارانیش لەسەر



بنەمای حزبیبوون، نەك توانای زانستی و پەروەردەیی و ئەزموونیان لە بوارەکەدا.

بە هەڵواسراوی مانەوەی بواری پەروەردەو فێرکردنی کوردی لە کەرکوك لە نێوان بەغداو هەرێمی کوردستاندا، چ لە ڕووی پرۆگرامەکانی خوێندن و چ لە شێوازو سیستەمی خوێندن، یان کادری پەروەردەییەوە.

ناوە ناوە گواستنەوەی ژمارەیەك لە مامۆستایانی کورد لە قوتابخانە کوردییەکانی کەرکوك و دەوروبەری بۆ هەولێرو سلێمانی و دانانی مامۆستای عەرەب لە جێگاکانیان.

هۆکاری هەرە گرنگ و کاریگەری شکستخواردنی خوێندنی کوردی لە کەرکوك، وەرنەگرتنی قوتابیانی دەرچووی شەشەمی ئامادەیی- خوێندنی کوردییە لە کۆلیژو پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان. گومان لەوەدا نییە ئەمە وا دەکات کە ساڵانە لە جیاتی ئەوەی خەڵکی بە پەرۆشەوە منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە کوردییەکان، بە پێچەوانەوە دەیاننێرنە قوتابخانە عەرەبییەکان، لەبەرئەوەی کەسوکاری قوتابییەك سوور بزانن کە ڕۆڵەکەیان دوای تەواوکردنی پۆلی شەشەمی ئامادەیی لە زانکۆ، یان پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان وەرناگیرێت و ناچارە داوا پێشکەشی زانکۆو پەیمانگاکانی یەکێك لە شارە عەرەبییەکانی عێراق بکات، ئەوکاتە ئەو خانەوادەی قوتابییە

## لە وەرنەگرتنی قوتابییانی کەرکوك لە زانکۆکانی هەرێمدا،
## یەکێتی و کۆمەڵە خوێندکارییەکان لەبەردەم دادگای لێپرسینەوەدان

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەو یەکێتییە خوێندکاری و قوتابییەکانی باشووری کوردستان، ئەوان بۆ ئەوە دامەزراون کە کێشەو کەموکوڕیی توێژی قوتابییان و خوێندکاران چارەسەر بکەن و لە قۆناغەکانی خوێندندا لە زۆر بواردا هەوڵی کارئاسانییان بۆ بدەن. کەچی ئەوەی لە باشووری کوردستاندا بەدیدەکرێت، سەرجەم ئەو کۆمەڵەو یەکێتییە خوێندکاری و قوتابییانە پەیوەست و پابەندی سیاسەت و بڕیاری حزبن، لەوەش ئەولاتر بەشێکن لە رێکخراوەکانی حزب. بۆیە لە ئێستادا سەرجەم ئەو رێکخراوە خوێندکارییانە هێندەی نەماوە لە ناوەندەکانی خوێندندا متمانەی خۆیان لەدەستبدەن، لەبەرئەوەی خەریکە ببنە بار بەسەر قوتابییان و خوێندکارانەوەو تەنها لە بۆنەو یادە حزبییەکاندا بەلای قوتابییاندا بچن و ئەویش بۆ مەبەستی تایبەتی و حزبیی خۆیان، بەدەر لەوە مەگەر ساڵانە یەك دوو گەشتێکی یەك رۆژی بۆ هاوینەهەوارێك رێکبخەن و هیچیتر.

دیارە ئەم پەتایە کۆمەڵەو رێکخراوە خوێندکاری و قوتابییەکانی کەرکوکیشی گرتۆتەوە، بەوپێیەی کە ئەوانیش



دەستی خۆی دەسووتێنێت و هەرگیز ئامادە نییە، رۆڵەکەی بنێرێتە خوێندنی کوردی.

بۆیە لێرەوە وەکو کەرکوکییەك داوا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەم کە دەسەڵاتی خۆی بخاتەگەڕ بۆ فشار خستنەسەر وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان و دەرکردنی بڕیارێك بە جیانەکردنەوەی قوتابییانی دەرچووی شەشەمی ئامادەیی خوێندنی کوردی لە قوتابییانی دیکەی هەرێمی کوردستان و وەرگرتنیان لە زانکۆو پەیمانگاکانی هەرێمدا، ئەگەرنا دەبێ (فاتیحە) بۆ خوێندنی کوردی لە کەرکوك بخوێندرێت، بەمەش ناڕەزاییەکی توندی قوتابییان و خوێندکارانی کەرکوکی بەرپا دەبێت و چیتر لە ئاست ئەو جیاوازیکردنە بێدەنگ نابن!!. هەمووشمان دڵنیاین کە مێژوو بەزەیی بەکەسدا نایەتەوەو لەلاپەڕەکانی خۆیدا لایەنی بەرپرس و کەمتەرخەم بۆ نەوەکانی داهاتوو تۆمار دەکات و دەیانخاتە بەردەم لێپرسراوێتییەوە.

٢٠١٢/٨/٢٣

بەشێکی دانەبڕاو و جیانەکراوەن لەوانەی هەرێم، بەڵام وەکو زۆرجار خودی ئەو ڕێکخراوانەش بانگەشەی بۆ دەکەن کە کەرکوك لە شارەکانی دیکەی هەرێم جودایەو تایبەتمەندیی خۆی هەیەو پێویستە هەستیارانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، کەچی لە کرداردا ئەمانیش پابەندی بڕیارەکانی ئەوانن و بە موو توانای لادان و سەرپێچیکردنیان نییە.

هەر لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە، تاکو ئێستا کە زیاتر لە (٩) نۆ ساڵە تاکوتەرا نەبێ، ئەگەرنا قوتابی و خوێندکارانی دەرچووی شەشەمی ئامادەیی بە هەردوو بەشەکەیەوە لە زانکۆو پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستاندا وەرنەگیراون، یان ئەگەر وەرگیرابێتن، ژمارەیەکی ئەوەندە کەمبوون، شایانی باسکردن نەبن!!. وەکو کەسێکی ئاگادار لەم بارودۆخەی ئێستای کەرکوك، پرسی وەرنەگرتنی قوتابییانی خوێندنی کوردی لە کەرکوك لە زانکۆکانی هەرێم و جیاکردنەوەیان، بەکارێکی زۆر نەشیاو و دژ بە بەرژەوەندیی باڵای نەتەوایەتی و نیشتیمانی دەزانم و بەر لە هەر لایەنێکیش خودی ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراو و یەکێتییە خوێندکاری و قوتابییانە بە بەرپرس دەزانم، چونکە دەکرێ ئەوان لە ڕێگای ناوەندەکانی خۆیانەوە فشار بخەنە سەر دەسەڵاتی هەرێم و خوێندنی باڵاو لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان کە چیتر قوتابی و خوێندکارەکانی خوێندنی کوردی لە کەرکوك و ناوچە داگیرو دابڕێندراوەکانی دیکەی باشووری کوردستان لە قوتابییانی



هەرێمی کوردستان جودا نەکرێنەوەو ئەوانیش هاوشێوەی خوشك و براکانیان لە هەر سێ پارێزگاکەی دیکەی باشووری کوردستان، مافی وەرگرتنیان لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا بۆ دابین و فەراهەم بکرێت، نەك زۆربەیان لەبەر زمان نەزانین و دەرچوونی ناویان لە شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، بە ناچاری دەسبەرداری تەواوکردنی خوێندن ببن و لە نیوەی ڕێدا خۆیان بە دۆڕاو بێتە بەرچاو.

بۆیە جێگای خۆیەتی و هەقوایە ڕێکخراو و کۆمەڵەو یەکێتییە خوێندکاری و قوتابییەکان ئەرکی خۆیان ئەنجام بدەن و ڕۆڵی بەرچاوی خۆیان لە فشار خستنەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان ببینن و قوتابییان و خویندکارانی خوێندنی کوردی لە کەرکوکیش بە هەمان چاوی خوێندکاران و قوتابییانی هەرێمی کوردستان تەماشا بکرێن و مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، ئەگەرنا ئەو ڕێکخراو و کۆمەڵەو یەکێتییە خوێندکاری و قوتابییانە دەکەونە بەردەم لێپرسینەوەیەکی مێژوویی هەستیارەوە!.

٢٠١٢/٨/٢٣



**سیڤیی نووسەر:**

*لە دایکبووی ١٩٦٥ گوندی کتکەی سەربە شارۆچکەی پردێ– کەرکوك.

* دەرچووی خانەی مامۆستایانی ساڵی ١٩٨٣.

* دەیان بابەتو وتاری جۆراجۆری لە زۆربەی رۆژنامەو گۆڤارو ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاوکردۆتەوە.

* سەرنووسەری مانگنامەی "پردێی ئازاد"ە کە لە لایەن سەنتەری رۆشنبیریی پردێوە دەردەچێت.

* لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا، پێنجو دوو رۆژێك چەکی پێشمەرگایەتی کردۆتەشانو منەتیش بەسەر کەسدا ناکات.

* لە شاخ ئەندامی دەستەی نووسەرانی (ئاڵای ئازادی)و گۆڤاری (پێشکەوتن)و لە شاریش سەرنووسەری ئەم بڵاوکراوەو رۆژنامانە بووە: وەکو "پاڵە، دەنگی جووتیاران، پردێی برایەتی، پردێی ئازاد".

* بەرپرسی "سەنتەری رۆشنبیریی پردێ"یە لە شارۆچکەی پردێ.

* ئەندامی دەستەی کارگێڕیی لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانو ئەندامی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی جیهانیشە.





ئەو مۆنۆمێنتەی کە هونەرمەندێکی عەرەبی خەڵکی بەسرە لە پرۆسەی تەعریبکردنەوەی کەرکوكو لە چوارچێوەی کەرکوك پایتەخی رۆشنبیریی عێراق بۆ ساڵی ٢٠١٠ کە بە شانازییەوە دەتوانم بڵێم دەسپێك ئێمە ژمارەیەك رۆژنامەنووس کە لە پەنجەکانی یەك دەست تێنەدەپەڕین دژی ئەم مۆنۆمێنتە راوەستاینو چەند دانەیەکمان لەبەرگرتەوەو ناردمان بۆ پارێزگاری کەرکوكو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك.

دەرئەنجام دەسکاری کراو دواتریش دروستکردنەکەی رەتکرایەوە.